

# حکومەتی کوردستان
# دیاردەی تیرۆری کۆنترۆڵکردووە
# چۆن دەبێت شەڕی گەندەڵی بدۆڕێنێت؟

## بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی گۆچانە سیحریەکەی حکومڕانی باش و خۆشگوزارنی هاوڵاتیان

گەندەڵی دەکرێت پێی بڵێین وەیشوومەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، هەمـــوو پێوانەیەکی ئاکاری و سیاســـی پوچـــەڵ دەکاتەوە وبەرژەوەندی گشتی دەخاتە مەترسیەوە، ئەو فایرۆسەشە وەك راپۆرتەکانـــی رێکخراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتی ئاماژەی پیدەکەن لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نەتوانراوە ٪١٠٠ بنبڕ ناکرێت، بەڵام دەتوانرێت بە میکانیزمی گونجاو تارادەیەك کەمبکرێتەوە کە مەترسی گەورە بۆســـەر پێوانە ئاکارییەکانی کۆمەڵگە و یاساکانی دەوڵەت دروستنەکات.

گەندەڵی مەیلی مرۆڤە بۆ تاڵان و برۆی سروشـــتی مرۆڤ، بۆیە هەرکاتیك بە تاڵانبردنی ماڵی گشـــتی ئاسـان بێت و لێپرسینەوەی نەبێت، ئەوا دیاردەی گەندەڵیش دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە، مەترسی ئەم دیاردەیە لەو خاڵەوە دەبێتە کارەسات کە لەسەرووی دەسەڵات ئەم دیاردەیە دەست پێبکات، پاشان لە خوارەوە هیچ بەربەستێك نامێنێت بۆ ئەوەی رێگری لێبـــکات، هەروەك چۆن ئەگەر فەرمانـــدەی پۆلیس گەندەڵ بێت، ناکرێت گلەیی لە پۆلیسێکی هاتوچۆ بکرێت کە لەسەر جادە بەرتیل لە شـــۆفێرێك وەربگرێت و مۆڵەتی شۆفێریەکەی بداتەوە.

هەندێك دیاردەی لەمەش ترسناکتر ئەوەیە یاسا بوار بەگەندەڵی بـــدات و ببێتە گەندەڵیەك کە یاســـا پارێزگاری لێبکات، یان یاســـایەك هەبێت بۆ بەرژەوەندی چینێك دژی چینێکی دیکە دابڕێژرابێت، یان یاســـایەك رێگـــەی بەوەدابێت خەڵك بێدەنگ بکەیت (واتە بە ئیمتازێك بیکرێت) بۆ ئەوەی دەنگ بەرامبەر بە حکومەت بەرز نەکەنەوە، ئەم حاڵەتە هەرگیز چاکنابێت هەتا ئەو گرێبەســـتی کرین و فرۆشـــتنە هەڵنەوەشێتەوە، خراپترین حاڵەتی کۆمەڵگە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە پەیوەندی نێوان حاکم و مەحکوم کرین و فرۆشتن بێت، ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ حکومڕانی وانییە زۆر شـــتی دیکە لە کۆمەڵگە هەن کرین و فرۆشتنی لەسەر ناکرێت هەربۆنموونە:

١- هاوسەرگرتن راستە مافی هاوسەرگرتن مافێکی شەرعیە و هەموو کەســـێك چ ژن چ پیاو مافی ئەوەی هەیە پرۆسەی هاوسەرگرتن ئەنجامبدات، بەڵام ئەم پرۆسەیە کە بوو بە کرین و فرۆشتن شەرعیەتی نابێت، بۆیە کاتێك یاسایەك شەرعیەت بەوکرین و فرۆشتنە دەدات کولتوری کۆمەڵگە تێکدەچێت.

٢- مافـــی لە دایکبـــوون و دایك و بـــاوك، ئەگەر بە منداڵ کرین یاسایەك هەبێت سیفەتی باوکایەتی یان دایکایەتی بداتە تاکەکان، واتە یاسایەك هەیە کۆیلایەتی زیندوو دەکاتەوە.

٣- ئایین، ئیمان، ئەمانە ناتوانرێت بەپارە خەڵکی پێ لە خشتە ببرێت، لەبەر ئەوەی ئایین بە کرین و فرۆشـــتن بانگێشەی بۆ ناکرێـــت، ئەم دیاردەیە ئەگەر بواری پێبدرێت هاوســـەنگی و هەمەرەنگی و کۆمەڵگە دەشێوێنێت.

٤- هەروەها ئـــازادی رادەربڕین و گریدانی کۆڕو کۆبونەوە و ئەگەر بە پارە هانبدرێن وبەیاسا بپارێزرێن، ئەوا وڵات دەرگای واڵا دەبێت بۆ دەستێوەردان.

بۆیـــە زۆر گرنگە ئەو گەندەڵیانەش کەیاســـا رێگەی پێدەدا هەوڵبدەین ئەو یاســـایانە بگۆڕدرێن و یاسای نوێ جێگەیان بگرێتەوە، یان لانی کـــەم بە پێی گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگە هەموار بکرێن.

## گەندەڵی تێکدانی هاوسەنگی هێزەکانی کۆمەڵگایە چۆن ئەو هاوسەنگیە بگێرینەوە؟

بانکـــی نێودەوڵەتـــی وەك رێکخراوێکی جیهانـــی بەو جۆرە گەندەڵی پێناســـە دەکات( کە خراپ بە کارهێنانی دەسەڵاتی گشتیە بۆ بەدەســـتهێنانی سوودی تایبەتی، مایکاڤیلی وەك تێکدانی هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵگا و، مۆنتیسکۆ ش دەڵێت (هەر دەســـەڵاتێك مەیلێکی هەیە خراپ دەسەڵاتەکەی خۆی بـــە کاربهێنێت، بۆیە گرنگە لەرێگەی دەســـەڵاتێکی دیکەوە سنووری بۆ دابنرێت)

ئەم تێڕوانینە بۆ گەندەڵی هەموو یان لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویـــش ئەوەیە کە گەندەڵی بوو بـــە دیاردەیەك لە کۆمەڵگە واتە هاوســـەنگی هێز لە ناو کۆمەڵگە لەســـەرەوە بۆ خوارەوە تێکدەچێت:

١- دەســـەڵاتی دادوەری بەســـەربەخۆیی یاســـا دەرناکات و بەسەربەخۆیی یاسا جێبەجێ ناکات.

٢- پەرلەمان چاودێری کارەکانی حکومەت ناکات لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا.

٣- حکومەت هەست بە بەرپرسیاریەتی و بەرژەوەندی گشتی ناکات و تەنهـــا بیر لە بەرژەوەندی دەســـتەبژێری حکومڕان دەکاتەوە.

دانیاڵ کۆفمـــان بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی نێودەوڵەتی دەربـــارەی ئەم حاڵەتە دەڵێت: ئیدی لەم حاڵەتە ناتوانین رێگە لەکەس بگیرێت بۆ گەندەڵـــی، لەبەرئەوەی ئەوانەی خوارەوە گەندەڵی ســـەرەوە دەبینن و بە خۆیـــان دەڵێن بۆ چی ئێمەش گەندەڵ نەبین؟ بێگومان کەســـەرەوەش گەنـــدەڵ بوو ئیدی ناتوانیـــت گلەیی لە خـــوارەوە بکەیت کـــە بۆچی گەندەڵی دەکەن.

بـــەڵام کۆفمان لەگـــەڵ ئەم قسانەشـــی بێئومێـــد نییە لە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵـــی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەیی و دەڵێت:

١- گرنگە کەلتوری دژە گەندەڵی بێتە کولتورێکی پەروەردەیی و لە قۆناخەکانی ســـەرەتاییەوە منـــاڵان (کەنەوەی دوارۆژن) فێری کولتوری دژە گەندەڵـــی بکرێن، بۆئەوەی وەك کەلتور رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە.

٢- هۆشـــیارکردنەوەی بەردەوامی هاوڵاتیان لەسەر مەترسی گەندەڵی

٣- گۆڕینـــی پاڵنەرەکان، واتە ئـــەو هۆکارانەی پاڵنەرن بۆ گەندەڵی بگۆڕدرێن بۆ هۆکاری پاڵنەر بۆ کاری دژە گەندەڵی،

دانانی سیستەمێك كە هەموان بخاتە ژێر چاودێرەوە، بەجۆرێك هەموو گۆێژەریان پیشان بدات و هەمیش دار (العصاه و الجزره) واتە ئەوەی گەندەڵی كرد بەدار لێی بدرێت (بەمەستی لێپرسینەوەی یاساییە) ئەوەشی گەندەڵی ئاشكرا كرد گۆێزەری بدرێتی (مەبەستی موكافەئیە) هەروەها پشتگیری لەو كەسانە بكرێت كە گەندەڵی ئاشكرا دەكەن، هەربۆیە ئەگەر توانیمان پاڵنەر گەندەڵی بگۆرین بۆ پاڵنەری دژە گەندەڵی ئەوا واتە توانیمان رۆشنبیری كۆمەڵگەش بگۆڕین، كە رۆشنبیری كۆمەڵگەشمان گۆری واتە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئاسان دەبێت.

ئەم قسانەی ئەم پسۆرە جیهانیە رێگەكەمان بەو ئاراستەیە بۆ رۆشندەكاتەوە، كە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی سەرەتا كارێكی ئاسان نییە، هەروەها بە خێرایش ئاكامی ئیجابی نادات بەدەستەوە و پێویستی بە ماوەیەك هەیە هەتا مەترسیەكانی گەندەڵی دەرەوێتەوە و هاوسەنگی بۆ نێوان هێزەكانی كۆمەڵگە دەگەرێتەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەوەشمان پێدەڵێت ئەمڕۆ دەستپێبكەین باشترە لەبەر ئەوەی سبەینێ درەنگ دەبێت.

## چارەسەركردنی گەندەڵی پەیوەندی بەوە نیە دەوڵەت پێشكەوتووە یان تازە پێگەیشتووە

پاكانەكردن بۆ گەندەڵی زۆرە بە تایبەتی لەلایەن ئەو دەسەڵاتانەی ناتوانن رووبەرووی ئەم دیاردەیە ببنەوە لەبەر هەر هۆكارێك بێت،ئەو قسە باوەی كە دەڵێت ئاستی گەندەڵی پەیوەندی بە ئاستی پێشكەوتنی ئابوری و ئاستی دیموكراتیەوە هەیە، ئەوە قسەیەكی گشتگیرە وبەپێی معدل قسە دەكەن، بۆ نموونە ئەو قسەیە راستە ئەگەر بڵێین ئاستی گەندەڵی لە ولاتانی ئەفریقیا لە ولاتانی ئەوروپا بەرزترە، هەروەها ئەو قسەیە راستە ئەگەر بڵێن ئاستی گەندەڵی لە دەوڵەتانی ئەمریكای لاتینی لە ئاستی گەندەڵی ئەمریكای باكور (ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و كەنەدا زیاترە) بەڵام ئەوە راست نییە بڵێین لە دەوڵەتانی ئەمریكای لاتینی یان ئەفریقیا ناتوانرێت ئاستی گەندەڵی كەمبكرێتەوە یان كەشو هەوا لەبار نییە و یان گەندەڵی سروشتی ئەو كۆمەڵگایانەیە،لەم حاڵەتەدا رووبەڕووی هاودژیەك دەبینەوە چەند نمونەیەك دێنە بەردەستمان كە ئەو بۆچوونە رەتدەكەنەوە، هەر بۆنموونە كەس ناتوانێت لاری لەوە بكات كە بتسوانا لە ئەفریقیا،كۆستاریكا و چیلی لە ئەمریكای لاتینی، سلۆڤینیا و پۆڵەندا لە ئەوروپای رۆژهەلات، چەندین شوێنی دیكەش، هەموویان لەریزی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو حساب دەكرێن وتوانیوشیانە تارادەیەكی زۆر باش گەندەڵی كۆنترۆڵ بكەن.

لایەنێكی دیكەی گرنگ كە پێویستە ئاماژەی پێبكرێت ئایا چۆن مامەڵە لە گەڵ دیاردەی گەندەڵی دەكرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، بەڵكو دەكەوێتە سەر ئەوەی حكومەتی ئەو دەوڵەتە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدەكات، كە سكاندالێكی گەندەڵی دەردەكەوێت، كۆ فمان كەخۆی خەڵكی وڵاتی چیلی یە ئاماژە بەوە دەكات چەند ساڵێك لەمەوبەر سكاندالێكی گەندەڵی لە چیلی دەركەوت و ماوەی ساڵ و نیوێك ئەم سكاندالە جێگەی بایەخی میدیا و رای گشتی بوو، سوودی ئەمە چی بوو؟ كۆ فمان دەڵێت: لەبەر ئەوەی بەشێوەیەكی شەفافانە مامەڵە لەگەڵ ئەم سكاندالە كرا، بۆیە چەند ریفۆرمێك هاتە ئاراوە و سكاندالەكەش چارەسەر كرا، كەواتە وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست خەتی سوور بۆ گەندەڵی دادەنێت و ئەو وڵاتانەی رێوشوێنی پێویست وەردەگرن گەندەڵیەكە سنور دارو كۆنترۆڵ دەكەن و ئەگەر رێوشوێنیش وەرنەگیرا ئەوا گەندەڵیەكە بە ئازادی بڵاو دەبێتەوە.

## كام حكومەت دەتوانێت رێوشوێنی پێویست دژی گەندەڵی بگرێتەبەر

یەكێك لە دەرهاویشتە ترسناكەكانی گەندەڵی ئەوەیە كە خەڵك بێئومێد دەكات و متمانەی بە حكومەتەكەی لاواز دەكات، سەرەنجامیش بە شێوەیەكی گشتی هاوڵاتی لەبەشداری پرۆسەی سیاسیی دوور دەخاتەوە، بۆ یەدەبینن كاتێك حكومەتێك ئیدعای دیموكراتی بۆخۆی دەكات وا پیشانی دەدات دیموكراتی پیادەدەكات، بەڵام لە ئاستی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی دەستەوەستانە یان ناتوانێت رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر،هاوڵاتیان لە و حكومەتە نائومێد دەبن، ئەمە رەنگدانەوەیەك دروست دەكات كە گەندەڵی لە دیموكراتی بە هێزترە و، بۆ ئەوەی بتوانین رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە

**ئەگەر توانیمان پاڵنەر گەندەڵی بگۆرین بۆ پاڵنەری دژە گەندەڵی ئەوا واتە توانیمان رۆشنبیری كۆمەڵگەش بگۆرین**



پێویستە ئومێد بۆ دیکتاتۆریەتێکی بە هێز بخوازین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دیموکراتی دەوانیت رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە؟

شارەزایانی سیاسیی لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵین،بەپێی ئەو بەڵگانەی سەبارەت بەسیستەمەکانی حکومرانی لەسەرانسەری جیهان لەبەردەستن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو وڵاتانەی دیموکراتین وهاوڵاتیانیان هەست بەبرپرسیاریەتی دەکەن، کەمتر دەسەڵات لەلایەن دەستە بژێرێکی حکومرانەوە قۆرخکرابێت، ئەوا چانسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیان لە وڵاتانی دیکە زیاترە،هەربۆیە دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەبێت لە ناو حکومەتە دیموکراتیەکە ئەم هەنگاوانە بەجدی جەختی لەسەر بکرێتەوە:

١- لێپرسینەوە پرۆسەیەکی بەردەوام بێت.

٢- رێگە بەوە نەدرێت دەستەبژێری حکومران، لەپشتی پەردە حکومرانی بکەن.

٣- رێگە نەدرێت ئابوری لەیەلان دەستەبژێری سیاسیەوە قۆرخبکرێت ئەمانە دەبێت وەك هەنگاوی یەکەم سەیر بکرێت.

## ئەو میکانیزمانەی سیستەمی دیموکراتی گەندەڵی پێ کەم دەکاتەوە

هەر وڵاتێك کۆمەڵێك تایبەتمەندی و باری کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەربۆیە هەوڵەکانی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی دەبێت لەو واقیعەوە سەرچاوە بگرێت، پسپۆرانی ئابوری سیاسیی و ئەوانەی خۆیان بۆ چۆنیەتی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو تەرخانکردووە و هەندێکیان راستەوخۆ بۆ ئەم راپۆرتەقسەیان کردووە، ئاماژە بە ٢ خاڵی گرنگ دەکەن، یەکەم بە گشتاندن (تعمیم) باسی گەندەڵی ناکرێت، دووەم / ئەزموونی هەر وڵاتێك چەند سەرکەوتوو بێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی لە وڵاتێکی دیکە دووبارە ناکرێتەوە، ئەگەر دووبارەش بکرێتەوە هەمان سەرکەوتنی وڵاتی یەکەم بە دەست ناهێنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەش رەتناکەنەوە کە نابێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان سوودی وەرنەگیرێت و پێویستە بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندی وڵاتی خۆت سوودی لێوەربگریت.

پسپۆران پێیان وایە ئەو توخمانەی دەبنە میکانیزم بۆ رووبەروو بوونەوەی گەندەڵی، توخمی گۆراون نەك نەگۆر، واتە دەکرێت لە وڵاتێکدا یەکێك لە توخمەکان ئەو لەویەتی پێبدرێت و سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بەڵام مەرج نییە لە وڵاتیکی دیکە بکرێتە ئەولەویەت و هەمان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەلایەکی دیکە کەباسی گەندەڵی دەکرێت شەفافیەت ئەولەویەتی هەر رووبەڕووبونەوەیەکە بۆ دیاردەی گەندەڵی، بەڵام پسپۆران بەتایبەتی پسپۆرانی بانکی نێودەوڵەتی، شەفافیەت لە توخمی سەرەکی میکانیزمی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دەردەهێنن و بە جۆرێکی زۆر بەرزتر لە ئەولەویەت پۆلینی دەکەن و دەپرسن ئایا ئەگەر هەموو توخمەکانی بەو پەری چالاکی بخرێنە گەڕ ئایا بێ بوونی شەفافیەت کاری پێدەکرێت، کەواتە توخمەکانی میکانیزمی گەندەڵی دەبنە هۆکاری یاریدەدەر بۆ شەفافیەت و ئامانج ئەوەیە کە شەفافیەت ببێتە دیاردەیەکی بەردەوام و پاسەوانی دیاردەی گەندەڵی و ئەو خەتە سوورە بێت کە گەندەڵی نەتوانێت لێی بپەرێتەوە، هەربۆیە کە توخمەکانی میکانیزمی گەندەڵی پۆلین دەکەین هەرچۆنێك جێگۆرکێیان پێبکەین دەبێت هۆکاری یاریدەر بێت بۆ شەفافیەتی زیاتر و بۆ دانانی هێڵی سووری پتەوتر بێت بۆ دیاردەی گەندەڵی، ئەو توخمانەش بریتین لە:

### أ- کاری بە کۆمەڵ بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

ئایا مەبەست لە کاری بەکۆمەڵ چییە؟ئایا مەبەستمان ئەو دامودەزگا و لیژنانەیە کە حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دایاندەمەزرێنێت؟ ئەگەر وابێت کەواتە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی تەنها کاری حکومەتە و بەس.ئەگەر کاری بەکۆمەڵ بەو شێوەیە سنوردار بکەین کەواتە نەمانتوانی رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، بۆیە زۆر گرنگە پێش هەموو شت سەقفی کاری بەکۆمەڵ بەشێوەیەك فراوان بکەین ئەم لایەنانە هەمووی بگرێتەوە:

١- دەبێت کاری بەکۆمەڵ بەو ئاراستەیە سەیر بکەین دەنگێکی بەهێزی دیموکراتی لە ناو کۆمەڵگە دروست بێت و بەرپرسیاریەتی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بکرێتە بەرپرسیاریەتێکی گشتی نەك تەنها بەرپرسیاریەتی لیژنە تایبەتەکانی حکومەت.



**بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی سەرەتا کارێکی ئاسان نییە، هەروەها بە خێرایش ئاکامی ئیجابی نادات بەدەستەوە و پێویستی بە ماوەیەک هەیە هەتا مەترسیەکانی گەندەڵی دەرەوێتەوە و هاوسەنگی بۆ نێوان هێزەکانی کۆمەڵگە دەگەرێتەوە، بەڵام ئەمرۆ دەستپێبکەین باشترە لەبەر ئەوەی سبەینێ درەنگ دەبێت**

٢- رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان زیاد بکرێت و پشتگیری لە هەوڵەکانیان بکرێت بۆ ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی گەندەڵی.

٣- پەرلەمان کارابکرێت و توانای هەبێت وەزیرەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بانگ بکات بۆ لێپرسینەوە و گوێ گرتن.

٤- کەرتی تایبەت پەرپرسیاریەتێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێت کارەکانی شەفاف بێت و لەسەر بنمای ململانێی ئابوری بازار خۆی ڕێکبخات، هەمیش لەسەر ئاستی جیهان و پەیوەندی بە کۆمپانیا فرەرەگەزەکانەوە، دەبێت نەکەوێتە ژێر کاریگەری و مەرجەکانی کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە.، کوردستان ئێستا لەم دیاردەیە بەدەر نییە،

**ب- ململانێ و لێپرسینەوە لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابوری**

ململانێ سیاسیی قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیی ناهێڵێت و ململانێی ئابووریش قۆرخکردنی بازار ناهێڵێت، بۆیە زۆر گرنگە دەسەڵات و بازار بە ململانێ ڕێکبخرێن.

**ج- خۆپاراستن بۆ ئەوەی دیاردەی گەندەڵی سەرهەڵنەدات**

پسپۆرانی ئابوری دەڵێن مەسەلەی خۆپاراستن لە گەندەڵی دەقا ودەق وەك مەسەلەی خۆپاراستنە لە نەخۆشی، بۆ یە ئەگەر هەوڵماندا نەخۆشیەك روونەکاتە ولاتەکەمان یان مەترسی نەخۆشیەك هەبوو ڕێگەمان لێگرت بلاو نەبێتەوە، ئەوە تێچووی ئەو خۆپاراستنە ١٪-٢ی تێچووی چارەسەرکردنی دەوێت ئەگەر نەخۆشیەکە سەر هەڵبدات و بلاوبێتەوە، بۆیە گرنگە بەر لەوەی نەخۆشیەکە سەر هەڵبدات خۆمانی لێ بپارێزین،بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵیش دیسان خۆپاراستن لە چارەسەرکردن ئاسانترە کەمتریشی تێدەچێت، ئەوەی گرنگە دەبێت رێوشوێنێکی دامەزراوەی ئەوتۆ وەر بگرین کە رێگە بە فەساد نەدات و هەروەها هۆکارەکان دژە گەندەڵی هانبدین و لە کاتی دەستنیشانکردنی گەندەڵیدا خەلاتبکرێن.

د – سەرکردایەتی سیاسیی ولات و سەرکردەی پارتە سیاسیەکان و هەڵسورێنەرانی کەرتی تایبەت، بەرێوەبەری بانکی ناوەندی، وەزیری دارایی، وەزیری ناخۆ، دادگای بالا..هتد، ئەمانە دەبنە ئەو

فاکتەرەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی توخمی یەکەم و سەرەکی دەبن، بۆیە زۆرگرنگە هەریەك لەوانەی ئاماژەمان پێکرد بەگشتی و وەزارەتی ناوخۆ و دادگای بالا بەتایبەتی رۆڵێکی بالا بگێرن بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی سەروەری یاسا.

ە- شەفافیەت، لێرەدا پێویست نیە باسی بایەخ و کاریگەری شەفافیەت بکرێت بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵکو ئەو پرسیارە دەکەین ئەو ٤ فاکتەرەی ئاماژەمان پێکرد بەبێ بوونی شەفافیەت چیان پێدەکرێت؟ سەبارەت بە پێناسەی شەفافیەت دانیاڵ کۆفمان دەڵێت تیشکی رۆژ ئەو کاتە جوان دەردەکەوێت کە هەور بەردەمی نە گرتبێت، بۆیە کە باسی شەفافیەت دەکەین ناتوانین باسی حکومەتی ئەلکترۆنییان رۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان بکەین، ئەمرۆ لە زۆربەی ولاتانی جیهان بە تایبەتی ئەو ولاتانەی وەك پێویست سوودیان لەم تەکنەلۆژیایە وەرگرتووە و دەنگدەر لەماڵی خۆی دەزانێت نوێنەرەکەی لە پەرلەمان دەنگی بە کام بریار و یاسا داوە و دەنگی بە کانیان نەداوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ متمانەی دەنگدەر بە نوێنەرەکەی و شەفافیەتی نوینەرەکە لە گەڵ بازنەی دەنگدەرانی، هەروەها میدیای ئازادیش شێوەیەکە لە شەفافیەت بەڵام ئینتەرنێت رۆڵیکی هێجگار گرنگی گێراوە لە بواری شەفافیەت بە تایبەتی بۆ ئەوانەی بەرێگەی ئەنتەرنێت کەلوپەل دەکرن و بەرێگەی ئەنتەرنێت کۆنتراکت ئیمزا دەکەن، دەبینن هەردوو لایەن چ ئەوەی کەلوپەلەکە دەفرۆشێت و چ ئەوەشی دەیکرێت هەموو زانیاریەکیان لایە هەروەها سەبارەت بە و دوولایەنی کۆنتراکتەکە ئیمزا دەکەن، هەردولایان هەموو زانیاریەکی بەرامبەری لایە بۆیە هیچ لایەکیان ناتوانێت فێڵ لەوی دیکە بکات یان مەرجێکی بەسەردا بسەپێنێت کە ببێتە هۆکاری گەندەڵی.



●●●

کەس ناتوانێت لاری لەوە بکات کە بتسوانا لە ئەفریقیا،کۆستاریکا و چیلی لە ئەمریکای لاتینی، سلۆڤینیا و پۆلەندا لە ئەوروپای رۆژهەلات، لەریزی دەولەتانی تازە پێگەیشتوو حساب دەکرێن وتوانیوشیانە تارادەیەکی زۆر باش گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەن

●●●

## لەبەر رۆشنایی ئەم میكانیزمانە ئێمە دەتوانین رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە؟!

وەك لە دەستپێكی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێكرد، رووبەروو بوونەوەی گەندەڵی نە كارێكی ئاسانە، نە بە ماوەیەكی كورتیش ئاكامی سەرسەرهێنەر دەدا بەدەستەوە، بەڵام لەگەڵ سەركەوتنی پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەست دەكەین بە شێوەیەكی سیحری وەك ئەوەی میكانیزمی دژە گەندەڵی گۆچانی سیحری بێت هەموو لایەنەكانی كۆمەڵگە گۆڕانكاری گەورەی بەسەردا هاتووە، حكومڕانی هەر لە خۆیەوە بۆتە حكومڕانی باش و داهاتی تاكەكەس ٪٢٠٠-٣٠٠ بەرزبۆتەوە، دەبینن چاودێری تەندروستی بە ئاستێك پێشكەوتووە بەرنامەی بۆ كەمكردنەوەی رێژەی مردنی منداڵی شیرە خۆرە دارشتووە، ئاستی خوێندن بەرزبۆتەوە و پرۆسەی قەلاچۆكردنی نەخوێندەواری خەریكە دەگاتە كۆتایی، هەست دەكەین ئاستی رۆژنامەوانی و نووسین و وەرگیراوان كۆمەڵگەی بەتەواوەتی تێكەڵی جیهان كردووە و هاوڵاتیان حكومەت بە حكومەتی خۆیان دەزانن و لەسەری هەڵدەدەنێ و لێشیدەپرسنەوە،هەموو بوارەكانی ژیان وەك یەك پێشكەوتووە، بەڵام پرسیار جارێكی دیكە ئەوەیە ئایا ئەمە بە ئێمە دەكرێت؟ ئەزموونی وڵاتانی وەك بتسوانا و كۆستاریكا و دەولەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا وەك كۆریای باشور پێماندەڵێن دەكرێن، بەڵام نەك بە لاسایكردنەوەی ئەزموونەكانیان بەڵكو بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانیان و بە سەبرو ئارامی و خۆراگریمان لەشەری گەندەڵی و بە پابەندبوونی سیاسیی لەسەر هەموو ئاستەكان. لە ماوەیەكی دیاریكراودا دەتوانین بەجۆرێك گەندەڵی كەمبكەینەوە كە بتوانین شانازی پێوەبكەین.

## حكومەتی كوردستان لەبەرەی شەری دژە تیرۆر سەركەوتووە چۆن دەبێت لە شەری گەندەڵی بدۆڕێنێت؟!

تاكە شتێك كە شانازی پێوەدەكەین لەسەر ئاستی جیهان و سۆزی دۆستەكانمانی بۆ خۆمان پێرادەكێشین، ئەو ئاسایش وسەقامگیریە رێژەییە كە لە كوردستان بەدەستمان هێناوە و هەر ئەم ئاسایش وسەقامگیریەش بەبەراورد لە گەڵ ناوچەكانی عێراق كۆمەڵێك كەموكوری گەورەی لەدیدی دۆستان و هاوپەیمان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی بۆ شاردوینەوە، لەوانەیە تێروانینی دەرەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی بەگشتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەوجۆرە بێت، مادام ئەم دەسەڵات و حكومەتە ئەو ئیرادەیەی هەبێت بتوانێت لەناو عێراقدا پێگەیەكی ئارام دروست بكات و بتوانێت ئیدارەی حكومەت بكات و ئەوا مەسەلەی رووبەروبونەوەی گەندەڵی و بونیادی دامەزراوەیی تەنها مەسەلەی كاتە و ئەو ئیرادەیە چۆن توانی تیرۆر تێكبشكێنێت، ئەواش دەتوانێت گەندەڵیش تیكبشكێنێت، پرسیاری ئەم راپۆرتە لە حكومەتی كوردستان ودەسەڵاتی سیاسیی كوردستان ئەوەیە، ئایا شەری تیرۆ لەشەری گەندەڵی قورسترە؟ لەوانەیە هەندێك بڵێن بەڵێ قورسترە لەبەر ئەوەی تیرۆریستان لە كوردستان نین و لەدەرەوە دزە دەكەنە ناوە و دەتوانرێت كۆنترۆڵ بكرێت،. ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئەو بۆچوونە تارادەیەك لەبەر چاو دەگرین و پێیان دەڵێن راست دەكەن، بەڵام ئەگەر ئەو رێوشوێنەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ رووبەروبونەوەی تیرۆر وەریگرتووە، دەستە وەستان بوایە و بەجدی هەڵوستەی لەسەر نەكردایە، هەر خەڵكی خۆمان دەستی تیرۆریستەكانی دەگرت و دەیهێنانە كوردستان،هەروەك ئەو تۆرە تیرۆریستیانەی ئاشكرا كران و بە ئاشكرا لەسەر تەلەفزیۆن نیشانی خەڵك دران، بۆیە هەرگیز رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە شەری دژە تیرۆر قورستر وسەختر نییە، چۆن بۆ شەری دژ تیرۆر پشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە بۆ شەری گەندەڵیش پشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە، كاتی ئەوە هاتووە بە حكومەتی كوردستان بڵێین ئیرادەی شەری دژ بۆ شەری گەندەڵیش بەكاربێنە، بۆ ئەوەی چۆن شانازی بە ئارامی وسەقامگیریەوە دەكەین شانازیش بە قەلاچۆكردنی گەندەڵیشەوە بكەین.

●●●
**ئایا شەڕی تیرۆ لەشەڕی گەندەڵی قورسترە؟**
●●●



## ئۆددهێلگ فیلدستاد بۆ گوڵان:

# ئەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی چارەسەری کێشەی گەندەڵیان پێناکرێت ئەلقەیەک لە سیستەمەکەیاندا ونە، ئەویش سیستەمی باج وەرگرتنە

ئۆددهێلگ فیلدستاد بەرێوەبەری پرۆژەکانی ئامۆژگای میچلسنە(CMI) لە نەرویج و ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی نەرویج و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئاکار و گەندەڵی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ئەزموونی ٢٠ساڵیشی لە دەوڵەتانی باشوور و ناوەڕاستی ئەفریقیا هەیە و بۆ توێژینەوەکانیشی سەردانی تەنزانیا، نامیبیا، باشووری ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی پرسی گەندەڵی و چۆنییەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر فیلدستاد کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



گەورەترین کێشە کە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبێت، پێش هەمووشت لاوازی بەرپرسیایەتی و کەمی شەفافییەتە لە کارەکانی حکومەتدا

**• گەندەڵی گەورەترین کێشەی سیستەمە دیموکراسییەکانە و زیاتر لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بڵاوە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵی چییە لە دوای خستنەگەڕی پرۆسەی دیموکراسییەوە؟**

- گەورەترین کێشە کە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبێت، پێش هەمووشت لاوازی بەرپرسیایەتی و کەمی شەفافییەتە لە کارەکانی حکومەتدا. هەربۆیە لە زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا ڕێکخراوەکانی بازرگانی یان یەکێتییەکانی پیاوانی کار یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار ناخەنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی حکومەت هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات، ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە، لایەنێکی دیکەی کێشەکە ئەوەیە کە حکومەت کارەکانی لە بازنەی زۆر داخراودا جێبەجی دەکات بۆیە کە دەمانەوێت کرانەوە دروست بکەین یان بەشداری زیاتر ببێت، ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبینەوە. بەڵام گەورەترین تەحەداش بۆ ئەوەی گرفتەکە دەسنیشان بکەین ئەوەیە دەبێت بەشداری بکەین لە بونیادی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەهێزکردنی میدیای ئازاددا، لەبەر ئەوەی میدیا هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ دەسنیشانکردنی گرفتەکان، هەروەها دەبێت بەشداربین بۆ بەهێزکردنی هەندێك ڕێکخراوی دیکە وەك یەکێتییە بازرگانییەکان و ڕێکخراوی پیاوانی کار.

**• زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە دەکرێت بە هۆی چەسپاندنی سەروەری یاساوە گەندەڵی چارەسەربکرێت، بەڵام کێشەکە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوەیە ئەوانەی لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدان ئەوەیە کە سەروەری یاسا لاوازە و دامودەزگاکان سەربەخۆنین، ئایا لە هەلومەرجێکی ئاوادا چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟**

- ئەوە زۆر ڕاستە سەروەری یاسا هۆکارێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام بەشێکی زۆری دامەزراوە گشتییەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بوونەتە پاشکۆی حکومڕانەکان یان دەستەبژێرە سیاسییەکەی وڵات، هەربۆیە گەورەترین تەحەددا ئەوەیە چۆن ئەم دامەزراوانە دەکەینەوە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و لە پاشکۆیەتی سەرکردە سیاسییەکان ڕزگاریان دەکەین؟چۆن دەتوانین بەشداری بکەین بۆ ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی پەرلەمان؟ چۆن بەشدار دەبین بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا بەگشتی؟ هەربۆیە مەسەلەکە تەنیا بەهێزکردنی دامەزراوە گشتییەکان نییە، بەڵکو زۆر زۆر گرنگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزبن بۆ ئەوەی بتوانن دەنگی نارەزایی لەسەر حکومەت بەرزبکەنەوە، ئەمە پرۆسەیەکی ناوخۆییە، بەڵام کاتێك دێینە سەرباسی گەندەڵی دەبینین زۆر جار بەتەواوەتی مەسەلەی گەندەڵی لەم حاڵەتە جیاوازە، لەبەر ئەوەی گەندەڵی تەنیا مەسەلەیەکی ناوخۆیی نییە و زۆر جار پەیوەندییەکی بەهێزی بە کۆمپانیا فرە رەگەزەکانیشەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە هەیە، هەربۆیە دەبینین زۆر جار باجێکی گەورە دەخەنە سەر حسابی گشتی هاووڵاتییان ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ هۆکاری گەندەڵی.

گەورەترین تەحەددا ئەوەیە چۆن ئەم دامەزراوانە دەکەینەوە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و لە پاشکۆیەتی سەرکردە سیاسییەکان ڕزگاریان دەکەین؟چۆن دەتوانین بەشداری بکەین بۆ ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی پەرلەمان؟ چۆن بەشدار دەبین بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا بەگشتی؟

*** لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا، پارتە سیاسییەکان ئاشنانین بە دیموکراسی و هەمیشە نیگەرانی لەدەستدانی دەسەڵاتن و هەوڵی مانەوە دەدەن لە دەسەڵاتدا، بۆ ئەم ئامانجەش هەڵدەستن بە ئیستیغلالکردنی ئابووری دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکاندا، چۆن دەتوانین خۆمان لەم حاڵەتە لابدەین؟**

- من پێموایە دەبێت زۆر بەحەزەرەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین هەموویان پێکەوە و بەیەك چاو سەیر نەکەین.لەبەر ئەوەی ئەوە

چەند یەکەیەکە لە سەرجەم وڵاتانی پۆست کۆمونیست وسەرجەم وڵاتانی تازەگەشەسەندوشدا دەستیان بە پرۆسەکە کردووە، بۆیە جیاوازیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، هەندێك لە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو لە رووی گەندەڵییەوە زۆرپاکن و گەندەڵی وەك کێشەیەکی گەورە حسابی بۆناکرێت، بۆ نموونە وەك دەوڵەتی پتسوانا لە ئەفریقیا، هەروەها کۆستاریکا لە ئەمەریکای لاتینی، هەربۆیە کارێکی قورسە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی گشتگیرانە سەیر بکەین، لەبەر ئەوەی لە نێو دەوڵەتەکانی دوای کۆمۆنیست و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا جیاوازی هەیە، بەڵام وێڕای بوونی ئەم جیاوازیەش دەتوانین بڵێین ئەو بۆچونەی ئێوە راستە، لەبەر ئەوەی گەورەترین کێشە لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست و دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو ئەوەیە. سیستەمی سیاسی و پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لاوازن، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی سیاسیی پارتە سیاسییەکان زۆر تێروانینێکە بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن، یان تێروانییەکانیان بۆ بەرژەندی کەسە نزیکەکان یان خێلەکەی خۆیانە، یان بەواتەیکی دیکە هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان لە زۆرحاڵەتدا بەو ئاراستەیە نییە کە بەشداربن لە پێشکەوتنی وڵاتدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە چۆن بە باشترین رێگە خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان دەوڵەمەند بکەن، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە هەڵوێستێك هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەروەها دووبارەی دەکەمەوە پێویستی بە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییە بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ململانێی راستەقینەی سیاسیی لە نێوان پارتەکاندا دروست ببێت، بەڵام ململانێیەك کە هەڵگری دیدوبۆچۆنێك بێت بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتن، نەك ململانێیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی خودی حزبەکان.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، هێشتا هەلومەرجەکە نەگەیشتۆتە دیموکراسییەتێکی تەواو، هەروەها ئاستێکی باڵای گەندەڵی لە ئارادایە، پرسیارەکە ئەوەیە، دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە چ لایەکیان، پەرەپێدانی دیموکراسی، یاخود چارەسەرکردنی گەندەڵی؟**

- پێموایە ناکرێت ئەم دووپرسە لێکجیابکەینەوە، بۆیە دەبێت بایەخ بە هەردوو لایەنەکە بدەین، بەڵام من وای دەبینم لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەو وڵاتانە ئەڵقەیەکی ونبوو هەیە یان پرۆسەکە یەکێك لە ئەڵقەکانی دیار نییە، ئەویش سیستەمی باج وەرگرتنە، ئەم سیستەمە بۆ پەرەپێدان وپێشکەوتن ئەڵقەیەکی زۆر گرنگە. ئەگەر بۆ ئەم مەسەلەیە سەیری مێژووی ئەو وڵاتانە بکەین کە لەسەرەتاوە سیستەمی باج وەرگرتیان پیادەکردووە، دەبینین ئەم سیستەمە گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر بونیادی سیستەمێکی دیموکراتی بەرپرسیار و کە وەڵامی خواستەکانی خەڵك بداتەوە، ئەم شێوازە لە ئەورپاری رۆژئاوا و باکووری ئەمەریکا تاقیکراوەتەوە، ئاکامەکەشی ئەوەبووە زۆر ئیجابی بووە، کاتێك تۆ باج وەردەگریت لەبەرامبەردا هاووڵاتییان دەنگیان دەبێت و گوشار دەخەنە سەر حکومەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەم حاڵەتدا هاوڵاتی دەڵێت من باج دەدەم، بۆیە دەبێت بەرپرسیاریەتیشم هەبێت، بۆیە دەبێت هەموو خزمەتگوزارییەکانم دابینبکرێت وەك ئاسایش، سەروەری یاسا و نیزام، خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکان، هەروەها ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ئاسیاش وەك کۆریای باشوور ئەم سیستەمە پیادەدەکەن بۆیە دەبینین کە سیستەمی باجدان گەوهەری بونیادی دیموکراسییەتی کۆریای باشوورە، ئیستا کۆریای باشوور ١٥-١٦ هەمین دەوڵەتی جیهان لە قەڵەمدەدرێت، هەروەها تایوانیش( چاینیس تایپیێ) دەبینین ئەوانیش بە هەمان شیوە سیستەمی باج وەرگرتن پیادەدەکەن، هەربۆیە گرنگی سیستەمی باج وەرگرتن هۆکاریکە بۆ کەمی ئاستی گەندەڵی لە پتسوانا و کۆستاریکاش، لەدواین دیراسەتی خۆشمدا کەوەك کتێبێك لە چاپخانەی ئۆکسفۆرد بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەم بەوەکردووە لە هەندێك دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنسیتیشدا لە ئەورووپای رۆژهەڵات وەك پۆڵەندا دەبینین سیستەمی باج وەرگرتن کە بەشێکی زۆری بزنس و کۆمەڵگە و هاووڵاتییانیش دەگرێتەوە، دەبینین بۆتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بونیادی دیموکراسی لە پۆڵەندەدا، بۆیە سیستەمی باجدان یەکێکە لەو ئاراستانەی کەدەبێتە هۆکاری بونیادی دیموکراسی و کەمکردنەوەی گەندەڵی، هۆکارەکەشی بە سادەیی ئەوەیە کاتێك هاووڵاتییان باج دەدەن، دەنگیشیان دەبێت و ئەم دەنگەش وادەکات حکومەت زیاتر بەرپرسانەتر رەفتار بکات.

**● زۆرێك لە شارەزایانی بواری دیموکراسی پێیان وایە دەبێت سەرەتا هەڵبستین بە چارەسەرکردنی گەندەڵی چونکە بوونی ئەم دیاردەیە وا لە خەڵکی دەکات ئامادەی گەڕانەوە بن بۆ دیکتاتۆرییەت، بۆ نموونە زۆرێك لە خەڵکی ئەمەریکای لاتین ئومێد بۆ نمونەی چیلی و دیکتاتۆرییەتی سەردەمی پینۆشێ دەخوازن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت گەندەڵی چ کارەساتێکی خوڵقاندبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بەم شێوەیە بیربکەنەوە؟**

- سەبارەت بە ئەمەریکای لاتینی ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە، دیموکراتییەت هۆکاریکە بۆ گۆڕانکاری نەك گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری، بەهەمان شێوە لە چیلیش، هەروەها دەوڵەتەکانی دیکەش ئاستەنگیان هەیە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوان ونبوونی ئەڵقە گرنگەکەیە، ناکرێت بە جیا گەندەڵی چارەسەر بکەین و بڵێین دوای چارەسەرکردنی گەندەڵی دەست دەکەین بە بونیادی دیموکراتی، ئەمەش بەو مانایەیە بونیادی دیموکراسی و شەڕی گەندەڵی دوو ئەڵقەن لێکجیاناکرێنەوە، بەڵام گرفتی سەرەکی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینی ئەوەیە زۆر زۆر مەسەلەی سیستەمی باج وەرگرتنیان ئیهمالکردووە وەك میکامیزمێك بۆ بونیادی دەوڵەتێکی دیموکراتی، هەربۆیە ئەوان پێویستیان بە هەوڵدانێکی زۆرە لەبەر ئەوەی ئاستی گەندەڵییەکەیان زۆر بەرزە، بۆیە دەبێت هەنگاوی بەردەوام هەبن بۆ بونیادی دیموکراسی، ئەمەش ئەو خاڵە سەرەکییە کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، چەند هەنگاوێك هەن بۆ بونیادی دیموکراسی زۆر گرنگن لەوانە:

یەکەم / سیستەمی باج

دووەم / سەروەری یاسا بۆ ئەوەی هاووڵاتییان هەست بەسەلامەتی سەر وماڵیان بکەن..

لەم دوو حاڵەتەشدا پێویستە جەخت بکرێتە سەر سیستەمی قەزائی، بۆئەوەی هاوڵاتی هەست نەکات مەترسی لەسەر کارە بازرگانییەکانی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتییان

●●●

**گەورەترین کێشە لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست و دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو ئەوەیە. سیستەمی سیاسی و پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لاوازن، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی سیاسیی پارتە سیاسییەکان زۆر تێروانینێکە بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن**

●●●

●●●

**لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەو وڵاتانە ئەڵقەیەکی ونبوو هەیە یان پرۆسەکە یەکێك لە ئەڵقەکانی دیار نییە، ئەویش سیستەمی باج وەرگرتنە، ئەم سیستەمە بۆ پەرەپێدان وپێشکەوتن ئەڵقەیەکی زۆر گرنگە**

●●●

متمانـــە بە پۆلیس و دامەزراوەکانی و ســـەرەنجام متمانەی بە حکومەتەکەی خۆی هەبێت،.دوای ئەمە دێینە ســـەر سیستەمە سیاسییەکە کە پێویستە سیستەمێکی فرە پارتایەتی بێت.

***ئێـــوە لێکۆڵینەوەتان لەســـەر وڵاتانی ئۆگەنـــدا و تەنزانیا و فەلەسیتن کردووە، ئایا هۆکارەکانی گەندەڵی چین لەو وڵاتانەدا؟ ئەگەر وڵاتێك بە دەست ئەم دیاردەیەوە بناڵێنێت، ئایا دەبێت هەمان ئەزموونی وڵاتانی دیکـــە دووبارە بکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخود دەبێت ڕێگا و شێوازی تایبەتی خۆی بگرێتەبەر؟**

- پێموایـــە هـــەر دەوڵەتێك تایبەتمەنـــدی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سیاســـی خۆی هەیە، هەربۆیە پێش ئەوەی ئاماژە بەسیاسەتی هەر وڵاتێك بکەین دەبێت کاریگەرییە ناوخۆییـــەکان لەبەر چاو بگرین، ئینجا بڕیار لەســـەر ئەوەبدەین کام سیاســـەت بۆ تایبەتمەندی ئەو وڵاتە دەشـــێت، بۆیە دەبێت ئەو ڕاســـتییە لەبەر چاو بگرین کە دووبارە کردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە ســـەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەزموونی دەوڵەتانی دیکە ســـوودی نەبێت، نەخێر سوودی هەیە ئەم ئەزموونانە بەرچاو ڕوونییەکت بۆ دروســـت دەکات بۆ ئەوەی سیاســـەتێکی واقیعیانە پیادە بکەیت، هەروەهـــا ئەو ئەزموونە مێژووییانە فێرت دەکەن کە ئەم پرۆسەیە خێرا نییە و پێویستی بە کاتە، هەروەها ئەزموونە مێژووییەکان فێرت دەکات میکانیزمی ئەم پرۆسەیە چییە، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە دروستکردنی سیســـتەمی باج وەرگرتن، کە ئەمە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد وا دەکات دەوڵەت یان دەســـتە بژێری حکومڕان بەرپرسانە ڕەفتار بکات بەرامبـــەر هاووڵاتییان، هەروەها باج هۆکارێکە بۆ ئەوەی حکومەت شەفاف بێت، کاتێك باســـی شەفافییەت و زانیاریش دەکەین، مەسەلەی میدیای ئازاد کە ئەویش فاکتەرێکی گرنگە دێتە پێشەوە.

*** لە وڵاتانی ئاسیادا، وەك کۆریای باشوور، تایوان و سەنگافورە، ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم وڵاتانە لە ڕووی دیموکراســـییەوە زۆر گەشـــەیان نەکردووە، بەڵام ئاســـتێکی نزمیان گەندەڵیان هەیە، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن توانییانە ئەم هاوســـەنگییە دروســـت بکەن؟**

- هەتا ئێستاش گەندەڵی یەکێکە لە کێشەکانی کۆریای باشوور و هەتا ئێســـتا گەندەڵی لەو وڵاتە کۆتایی پێنەهێنراوە و هەندێك کاتیش گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بەڵام کۆریای باشوور توانیان بەرێگەیەکی زۆر باش ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە هەتا کارگەیشتە ئەوەی سەرۆکی پێشووی وڵاتەکەیان زیندانی بکەن، هەربۆیە پێموایە کۆریای باشـــوور کۆمەڵێك وانەی باشـــمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدا فێردەکات، بەوەی چۆن دیاردەی گەندەڵی دەســـت نیشان بکەین؟،هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئێســـتا لە کۆریای باشوور پارتی ئۆپۆزسیون هەیە بەڵام بـــۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ تەنیا یەك پارت حکومڕان بووە، بەڵام ئەوەی هۆکاری ســـەرەکییە بۆ ئەوەی دەوڵەت خۆی بەرپرسیار بزانێت لەبەردەمـــی هاووڵاتی، ئەوە سیســـتەمی باجە دەوڵەتی والێکـــردووە.، هەروەها خاوەنی ســـەرکردەیەك بوون کە پەرەپێدان و پێشـــکەوتنی وڵاتی وەك مەســـەلەیەکی سەرەکی سەیرکردووە و ئەولەوییەتـــی داوەتـــێ، هەروەها زۆر جەختیان لەســـەر ئەوە کردۆتەوە پێداویســـتییەکان و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتییان دابین کەن، هەروەها ســـێکتەرەکانی پەروەردە و سەروەی یاسا بە ئەولەوییەت داناوە، زۆر بەیاخیان داوە بە پیشەســـازی ناوخۆی و بـــەرەو پێشـــەوەیان بردوون بۆ ئەوەی هەلـــی کار پەیدا بکەن، بەمەش چارەسەری بێکاریان کردووە، ئەم تێڕوانیانەی حکومەت گرنگ بوون، هەربۆیە هاووڵاتییانیش گەیشتوونە قەناعەت کە حکومەتەکەیـــان توانای ئەوەی هەیە پێداویســـتییەکانیان دابین بکات، بەڵام هەتا ئێســـتاش بە ســـتانداردی ڕۆژئـــاوا کۆریای باشـــوور وڵاتێکی تەواو دیموکراتی نییە، بـــەڵام هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراســـی هەنگاوی ڕاستن، لەبەر ئەوەی کاتێك وڵات دەوڵەمەند بـــوو داهاتی تاکەکەس زیادی کرد، ئاســـتی خوێند بەرزبووە، ئەوا هاووڵاتییانیش دەنگیان دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاماژە بەئێران بکەین دەبینین هەموو دیموکراتییەکە تەنیا هەڵبژاردنە یان دەنگەکان وەك فەسادی سیاسیی بە کاردەهێنن، ئەمەش کارێکی ڕاست نییە، بۆیە دەبێت ئەمە بگۆڕێت، لێرەدا دیسان دەگەڕێمەوە سەرگرنگی سیستەمی باج، هەتا سیستەمی باج نەبێت هاوڵاتی خۆی بە بەرپرســـیار نازانێت، بەڵام کە باجیدا ئەوە بە هەقێکی شەرعی خۆی دەزانێت هەندێك شتی بۆبگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی بـــاج دەدات، بەڵام ئەمەش کاتی دەوێت، هەربۆنمونە لە ســـاڵی ١٩٥٠ کۆریای باشوور لە گانا هەژار تربوو، بەڵام ئێستا کۆریای باشـــوور ٤٠ جار لە گانا دەوڵەمەندترە، بێگومان ئەمەبەرهەمی ٥٠ســـاڵ پەرەپێدان و پێشکەوتنە، بەڵام ئێستا گەورەترین تەحەدا کە ڕووبەڕووی وڵاتی ئۆگەندا بۆتەوە، ئەوەیە هەڵویســـتی پارتە سیاســـییەکان ئەوەیە تەنیا خۆیان دەوڵەمەند بکەن نەك بەشداری بکەن و وڵاتەکەیان پێش بخەن، لـــە زۆربەی وڵاتە هەژارەکانی دیکەی ئەفریقیاشـــدا دەبینین هاووڵاتییـــان پەیوەندیەکی زۆر کەمیان لەگەڵ حکومەت هەیە، میکانزمێکی زۆر لاواز هەیە کە هاووڵاتییان ناتوانن گوشـــار بخەنە سەر حکومەتەکانیان و وایان لێبکەن بەر پرسانە ڕەفتار بکەن، زۆر خراپ سەرچاوە ناوخۆییەکان ســـوود لێوەردەگرن بۆیە پشـــتیان بە هاریکاری دەرەوە بەستووە، بێگومان هاریکاری دەرکیش هۆکارێکی دیکەی سلبیە بۆئەوەی سیستەمە سیاسییە خراپەکە بەردەوام بێت، نەك هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی حکومەت والێبکات هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات.

**● ئێمە پرسیارمان نەما، بەڵام حەزدەکەین ئەگەر شتێکت مابێت پێمان بڵێت؟**

- ئێوە ئەم ڕاپۆرتە لە کوردســـتان بڵاودەکەنـــەوە نەك لەعێراق، بۆیە من پەیامی خۆم ئاراســـتەی کوردســـتان دەکەم و دیسان دووبـــارەی دەکەمەوە، کاتێك دەتانەوێت دەوڵـــەت بونیادبنێن، یان دەوڵەتێکی پێشـــکەوتوو بونیاد بنێن، ئەوا پێویستە جەخت بکەنە ســـەر بونیادی ئـــەو دامەزراوانەی کە دەوڵەتێکی شـــەفاف و بەرپرســـیار بونیاد دەنێت، ئایا ئەمانە چۆن دەکرێن؟ وەڵام ئەوەیە بەچەندین ڕێگەی جیـــاواز ئەمە دەکرێت. دەبێت باری ناوخۆی خۆتان لەبەر چاوبگرن و سوود لە ئەزموونە جیهانییەکان وەربگرن وەك دانانی سیســـتەمی باج، سیستەمی دادوەری، فراوانکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی پۆلیس، کە ئەمان چەسپین، دەبێتە دەروازەیەك بۆ یاســـای ئازادی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد. ئەمەش پەیامی منە بۆ بونیادی دەوڵەتێکی شەفاف و بەرپرس.

●●●
**کاتێک هاووڵاتییان باج دەدەن، دەنگیشیان دەبێت و ئەم دەنگەش وادەکات حکومەت زیاتر بەرپرسانەتر ڕەفتار بکات**
●●●

●●●
**کۆریای باشوور توانیان بەرێگەیەکی زۆر باش ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە هەتا کارگەیشتە ئەوەی سەرۆکی پێشووی وڵاتەکەیان زیندانی بکەن، هەربۆیە پێموایە کۆریای باشوور کۆمەڵیک وانەی باشمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدا فێردەکات، بەوەی چۆن دیاردەی گەندەڵی دەست نیشان بکەین؟**
●●●

## جیرهارد کیمب بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرکردەگەلێکی سیاسی بەهێزمان هەبێت دژی گەندەڵی بدوێن و قسەبکەن

■ ■ ■

**پرۆفیسۆر جیرهارد کیمب، ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ستیلنبوش لەباشووری ئەفریقیا و یەکێکە لە پسپۆڕە دیارەکانی دیاردەی قەلاچۆکردنی گەندەڵی و یەکێکە لە بەشدار بووانی ئەم دیاردەیەش لە باشووری ئەفریقیا و ئەزموونی باشووری ئەفریقیاش لە رووی دیموکراسی و دیاردەی بنبڕکردنی گەندەڵی ئەزموونێکی بەرچاوە، هەربۆیە بۆ بەشداری کردنی لە راپۆرتە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جیرهارد کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■ ■ ■



*** کە دیاردەی گەندەڵی دەرکەوت پرۆسە دیموکراتییەکە دووچاری سستی و لاوازی دەبێت ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- رەنگە هۆکاری سەرەکی گەندەڵی بێ متمانەی بێت بە سیستەمە یاساییەکە، بۆیە ئەرکێکی قورسە کاتێک هەوڵی دروستکردنەوەی متمانە بدەیت بەم سیستەمە لە ناو هاووڵاتیاندا، بە دەربڕینێکی دیکە کاتێک رژێمێک لە دوای رژێمێکی سەرکوتکارەوە دەسەڵات دەگرێتەدەست و هەوڵی سەپاندنی سەروەری یاسا دەدات، ئەوا پرۆسەکە درێژە دەکێشێت.

*** کەواتە بەرای تۆ بەدیل چییە، ئایا چۆن رووبەرووی ئەم کێشەیە ببینەوە؟**

- ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و تەنیا بەدیل بریتیە لە پشت بەستن بە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە قەناعەتپێهێنانی رای گشتی و دەزگاکانی راگەیاندن و سەرکردە سیاسییەکان و رای گشتی کە دیاردەی گەندەڵی لە تەشەنەسەندندایە و دامودەزگاکانیش ناتوانن سنوورێکی بۆ دابنێن.

*** ئایا بەرای تۆ چۆن خۆمان لە سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی بپارێزین ئایا رێگەیەک هەیە بیگرینە بەر بۆئەوەی گەندەڵی وەک دیاردەیەک سەرهەڵنەدات؟**

- وەڵامێکی ئاسان نییە بۆ ئەم پرسیارە، دروستکردن و خوڵقاندنی کولتوورێکی سیاسی نوێ کە شەفافییەت و راستگۆیی لە خۆبگرێت پرۆسەیەکی دوورودرێژ و دژوارە. بە تایبەتی ئەمە هەوڵدانە بۆ چەسپاندنی تێڕوانینی کەسانێک کە کەمینەن. لە وڵاتانی ئەفریقیای باشووردا کەسانێک هەبوون پێداگیریان کرد لەسەر دروستکردنی ئەم کولتوورە و هۆکارێک بوون بۆ قەناعەتپێهێنانی رای گشتی و سەرکردەکان بەم تێڕوانینە. دەبێت سەرکردەگەلێکی سیاسی بەهێزمان هەبێت کە دژی گەندەڵی بدوێن و قسەبکەن.

***پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە چ لایەکیان، پەرەپێدانی دیموکراسی، یاخود چارەسەرکردنی گەندەڵی؟**

- من پێموایە دەبێت ئەولەوییەتەکە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت، کە شەفاف بێت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دابین بکات و رێز لە سەربەخۆیی دادگاکان و سیستەمی قەزائی بگرێت و دەرفەت بۆ بەشداری هاووڵاتییان بڕەخسێنێت و پەرلەمانێکی کارا لە ئارادابێت. واتە دەبێت گرنگی و بایەخ بە بنیاتنانی دامودەزگاکانی حکومڕانێتی باش بدرێت، ئەو کاتە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کاراتردەبن، لەبەر ئەوەی گەندەڵی لە دیموکراسییەتە دێرینەکانیشدا بوونی هەیە، گەندەڵی لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاواشدا بوونی، بەڵام بە هۆی بوونی دامودەزگا بەهێزەکانەوە توانیویانە بە باشی بەرێوەی ببەن، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت تەرکیزەکە لەسەر بەهێزکردنی سیستەمەکە و بنیاتنانی ئەو دامەزراوانە بێت کە بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا ئەکەن. بە پێچەوانەوە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی تەنیا لە چوارچێوەی قسە و لێدواندا دەمێنێتەوە.

*** بەڵام زۆرێک لە شارەزایانی بواری دیموکراسی پێیان وایە دەبێت سەرەتا هەڵبستین بە چارەسەرکردنی گەندەڵی چونکە بوونی ئەم دیاردەیە وا لە خەڵکی دەکات ئامادەی گەرانەوە بن بۆ دیکتاتۆریەت، ئایا دەبێت گەندەڵی چ کارەساتێکی خوڵقاندبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بەم شێوەیە بیربکەنەوە؟**

-من هاورام لەگەڵ ئێوەدا بەڵام دەبێت ئەوە یەکلابکەینەوە ئایا کۆمەڵگەیەکی دیموکراتمان دەوێت کە گەندەڵی یەکێک بێت لە شێوەکانی تاوان، بەڵام بونیادی پێویست لە ئارادان بۆ بەرەنگاربوونەوەی، یاخود خوازیاری کۆمەڵگەیەکی نائازادین کە شێوازە سەرکوتکارییەکان بەکاربهێنرێت بۆ سەرکوتکردنی گەندەڵی، دەکرێت هەردوو شێوازەکە سەرکەوتووبن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، بەڵام دیسان دەبێت ئەوە یەکلابکەینەوە کە ئایا ئەولەوییەت بۆ پاراستنی ئازادی و کەرامەتی ئینسانەکانە یاخود نا. من پێموایە دەبێت هاوسەنگییەک بدۆزرێتەوە لە نێوان پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا.

*** ئەگەر وڵاتێك بە دەست ئەم دیاردەیەوە بناڵێنێت، ئایا دەبێت هەمان ئەزموونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخود دەبێت رێگا و شێوازی تایبەتی خۆی بگرێتەبەر؟**

- هەر وڵاتێك هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور لە دوای رووخانی رژێمی ئەپارتایدەوە هەوڵدرا تێکرای دامەزراوەکانی وڵات بە پێی بنەما دیموکراسییەکان بنیات بنرێنەوە. لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا کێشەکە بریتی بوو لە نەبوونی ئازادی سیاسی، لە وڵاتێکی وەک رواندا دوای کارەساتی جینۆساید کێشەکە ئەوەبوو کە هیچ دام و دەزگایەك لە ئارادانەبوون. واتە هەر وڵاتە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

*** لە وڵاتانی ئاسیادا، وەک کۆریای باشوور، تایوان و سەنگافورە، ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم وڵاتانە لە رووی دیموکراسییەوە زۆر گەشەیان نەکردووە، بەڵام ئاستێکی نزمی گەندەڵیان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن توانیویانە ئەم هاوسەنگییە دروست بکەن؟**

- لەم وڵاتانەدا ئەوەندە ئازادی و شەفافییەت هەیە خەڵکی بتوانن ئاماژە بۆ گەندەڵی بکەن هەر کاتێك درکیان پێکرد، هەروەها هاووڵاتییان متمانەیان بە دامودەزگاکان هەیە.

**• رۆڵی پەروەردە چییە لە رێگرتن و لە سەرهەڵدانی گەندەڵی یاخود بۆ رێگرتن لە درێژەکێشانی ئەم دیاردەیە؟**

- پەروەردە هۆکارێکی بنەرەتییە لەم رووەوە، کاتێک خەڵکی ئەو هۆشیارییەیان دەبێت کە دەبێت زانیاریان هەبێت دەربارەی چۆنییەتی بەرێوەچوونی کاروبارەکان لە لایەن بەرپرسەکانەوە، ئەو کاتە دەتوانن حاڵەتەکانی گەندەڵی دەستنیشان بکەن، ئەو کاتە بەرپەرچدانەوەی گەندەڵیش ئاسانتر دەبێت.

●●●
**رەنگە هۆکاری سەرەکی گەندەڵی بێ متمانەی بێت بە سیستەمە یاساییەکە، بۆیە ئەرکێکی قورسە کاتێک هەوڵی دروستکردنەوەی متمانە بدەیت بەم سیستەمە لە ناو هاووڵاتیاندا**
●●●

●●●
**دروستکردن و خوڵقاندنی کولتوورێکی سیاسی نوێ کە شەفافییەت و راستگۆیی لە خۆبگرێت پرۆسەیەکی دوورودرێژ و دژوارە**
●●●

●●●
**کاتێک خەڵکی ئەو هۆشیارییەیان دەبێت کە دەبێت زانیاریان هەبێت دەربارەی چۆنییەتی بەرێوەچوونی کاروبارەکان لە لایەن بەرپرسەکانەوە، ئەو کاتە دەتوانن حاڵەتەکانی گەندەڵی دەستنیشان بکەن**
●●●

گانەر سۆبرۆ بۆ گوڵان:

# بۆئەوەی بتوانین شەڕی گەندەڵی بکەین دەبێت هەوڵ بۆ بونیادی کولتوری دیموکراسی بدەین

**گانەر سۆبرۆ، ئەندامی لیژنەی یارمەتی باکوور و باشوور بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و ئوستادی زانکۆی نەرویجە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی پەرەپێدان و پلاندانان و هەروەها تەنگژە وئاشتی دەوڵەتان، پرۆفیسۆر گانەر وێڕای کاری ئەکادیمی بەردەوامیش وەك یەكێك چالاکەکانی ناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە پەرەپێدان و بونیادنانەوەی چەندین وڵات کردووە وەك بیابانی ڕۆژئاوا (پۆلیساریۆ) هەروەها دەوڵەتانی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقیاش، بۆ تاوتوێکردنی دیاردەی گەندەڵی لە جیهان و چۆنییەتی سەرکەوتنی ئەزموونەکان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر گانەر کرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**• هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵی چییە؟ ئایا بۆچی لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی دیموکراسی ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت؟**

- پێموایە قۆناخی ئینتیقالی خۆی یەكێكە لە هۆکارەکانی دروست بوونی گەندەڵی ئەمەش لە سیستەمێکی سیاسییەوە بۆ یەكێکی دیکە دەگۆڕێت و بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لە قۆناخی ئینتقالیدا پەیوەندییەکان بە تەواوەتی ڕێکنەخراون، ئەمەش دەبێتە ئەو بۆشاییەی گەندەڵی تێدا دروست بێت، هەربۆیە لەبەر ئەوەی دامەزراوەکانی دیموکراسی بەتەواوەتی کامڵ نەبوون و وەك پێویست کارناکەن، هەربۆیە زۆرجار ئەم ناکامڵیەی دامەزراوەکان بۆ گەندەڵی بەکاردەهێنرێت، هەروەها هۆکارێکی دیکە کە پەنا بۆ گەندەڵی دەبرێت بە هۆی کەمی موچەوەیە بۆ کارمەندانی هەندێك لە دامودەزگاکان لە ناویاندا کارمەندانی پۆلیس و کارمەندانی سیستەمی پەروەردەیی . هەربۆیە هەندێك جار ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەنابردن بۆ گەندەڵی لەبەر ئەوەی موچەکانییان زۆر کەمە.

**• قۆناخی ئینتیقالی خۆی یەكێکە لە هۆکارەکانی دروست بوونی گەندەڵی ئەمەش لە سیستەمێکی سیاسییەوە بۆ یەكێکی دیکە دەگۆڕێت و بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لە قۆناخی ئینتقالیدا پەیوەندییەکان بە تەواوەتی ڕێکنەخراون •**

**• هۆکارێکی دیکە کە پەنا بۆ گەندەڵی دەبرێت بە هۆی کەمی موچەوەیە •**

*** تۆ ئاماژەت بە کۆمەڵێك حالەتی قۆناخی ئینتقالی کرد، ئایا لە هەلومەرجێکی ئاوادا چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟**

- پێموایە وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە دەست ناکەوێت، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی پێویستی بە هەوڵ و کۆشش هەیە لە چەندین لایەنی جیاوازەوە، لەهەندێك وڵات هەڵدەستن بە دروستکردنی لیژنەی گرووپەکانی دژی گەندەڵی، بەڵام ئەمەش کارێکی زۆر گرانە و پێویستی بە بەرەو پێشەوە چوونی هەندێك شت هەیە، بەڵام ئەگەر گەندەڵی لە پۆستە باڵاکانی حکومەتەوە یان وەزیرەکانەوە دەست پێبکات ئەوا گومانی تێدانییە ئەم گەندەڵییە خوارەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی خوارەوە دەڵێن خەڵکانی سەروو گەندەڵ بن بۆچی من گەندەڵ نەبم، هەربۆیە ئەگەر فەرماندەی هێزەکانی پۆلیس لە گەندەڵی تێوە بگلێت، ئەوا پۆلیسی هاتوچۆش تێکەڵی گەندەڵی دەبێت، هەربۆیە وەڵامێکی ئاسان بۆ پرسیارەکە نییە، ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی پێویستی بە کارێکی زۆر زۆرە، دەبێت میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن، ئەو لیژنانەی پێکدەهێنرێن چالاك بن، هاووڵاتییان هۆشیار بکرێنەوە .

**• هەندێك لە پسپۆڕان باس لە خۆپاراستن دەکەن لە دیاردەی گەندەڵی، ئایا میکانیزمێك هەیە بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی؟**

- ئاشکرایە ئەم حاڵەتە هەیە، بەڵام لە زۆر وڵاتدا ئەم حاڵەت کاتێکی دوورو درێژ دەخایەنێت، لەخاڵەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەوڵەتانی ئەوروپا بکەین دەبینین ئەو دەوڵەتانەش کاتێکی زۆر زۆریان ویستوە تا توانیوویانە بگەنە ئەو ئاستەی دەوڵەتەکانییان وەك دەوڵەتی قانون بکەونە سەرپێی خۆیان، بێگومان سەروەری یاسا لە هەر دەوڵەتێکدا زۆر گرنگە، هەربۆیەش ناتوانرێت چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورە بکەین لە ماوەیەکی کورتدا، لەبەر ئەوەی سیستەمە حکومڕانەکان پێویستییان بە کاتێکی زۆر گەلێك جار پێویستییان بە چەند یەکەیەکە یان ساڵانێکی دوور و درێژە بۆ ئەوەی قۆناخی ئینتیقاڵی تێبەپەڕێنن، بەداخەوە من لەم بوارەدا نموونەی سادەم بۆ ئەم گۆڕانکاریە لانییە، هەربۆیە من ئەوەندە دەڵێم کاری جدی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئەوەیە هەوڵبدرێت کە کۆمەڵگەیەکی کراوە دروستبکرێت و میدیا ئازاد بێت، بێگومان

میدیای ئازاد زۆر گرنگە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی .

**• لە نێوان پرۆسەی دیموکراتی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، ئایا دەبێت ئەولەویەت بدرێت بە چ لایەکییان، پەرەپێدانی دیموکراسی، یاخود چارەسەرکردنی گەندەڵی؟**

- دەبێت شان بەشانی یەك بایەخ بە هەردووکیان بدەین، پێموایە دەبێت هەوڵ بۆ خوڵقاندنی ئەوە بدەین کە پێی دەڵێن کولتوری دیموکراسی، دیموکراتی تەنیا هەڵبژادن نییە، ئێوە دەزانن لە دەوڵەتانی رۆژئاوا چەندین گۆڕانکاری لە پرۆسەی هەڵبژادندا کراوە، بۆیە لەوانەیە چەندین هەڵبژاردن پێویست بێت هەتا دەگەینە دیموکراسیەتێکی باش، هەروەها پێویست بەوە دەکات فاکتەرەکای بونیادی دیموکراتی بە باشی رۆڵی خۆیان ببینن وەك میدیای ئازاد،پارتە سیاسییەکان بەئازادی چالاکی خۆیان ئەنجامبدەن و ململانێ بکەن،لە هەندێك وڵات پارتە سیاسییەکان بوونیان هەیە بەڵام تەنیا پارتەکانی ناو حکومەت بەئازادی چالاکی دەکەن هەموو هۆیەکانی راگەیاندنییان وەك رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کۆنترۆڵ کردووە،بۆیە زۆر ئاستەمە لەم جۆرە سیستەمەدا بڵێن دیموکراتی هەیە، کەواتە دیموکراتی هەوڵدانە لە چەندین لاوە، لەم نێوندە گەندەڵی تەنیا یەکێکیانە کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەسەندنی کولتوری دیموکراسی، هەربۆیە هەتا کولتووری دیموکراتی بوونی نەبێت ناتوانین بڵێن دیموکراسی بوونی هەیە.

**• زۆر جار گوێمان لێدەبێت گەندەڵی خەڵکی بە جۆرێك نائومێد کردووە دەڵێت دیموکراتیم ناوێت، ئایا دەبێت گەندەڵی چ کارەساتێکی خوڵقاندبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بەم شێوەیە بیربکەنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە کە ئێوە دەیکەن . منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوە سەبارەت بەو مەترسیە هاورام، لەبەر ئەوەی زۆرجا گەندەڵی دەبێتە ئەو هۆکارە خەڵك لە دیموکراسی نائومێد بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەدەست گەندەڵیەوە زۆر نەهامەتی دەچێژێت، هەربۆیە دەگەنە ئەو قەناعەتەی با دیموکراسی نەبێت بەڵام گەندەڵیەکە بەو فراوانیە نەمێنێت، لێرە ئەگەر سەیری سیستەمەکانی هەندێك لە دەوڵەتانی ئاسیا بکەین کە توانیویانە تارادەیەکی باش گەشەسەندنی ئابوری بەدەست بهێنن، بەڵام دیموکراتی لەئاستێکی بەرزدا نییە، هەربۆیە خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەم باردۆخە تەفزیل دەکەن بەسەر ئەو باردۆخەی کە دیموکراتیەتێکی زیاتر هەبێت و گەندەڵی تیایدا فراوان بێت .بۆیە من ئەو پرسیارەتان بە گرنگ دەزانم کە لێم دەپرسن : پێویستە هەوڵەکان راستەوخۆ بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی بن، من هاورام لەم بۆچونەدا لەگەڵ ئێوە .

**• ئەگەر وڵاتێك بە دەست ئەم دیاردەیەوە بناڵێنێت، ئایا دەبێت هەمان ئەزموونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخود دەبێت رێگا و شێوازی تایبەتی خۆی بگرێتەبەر؟**

• پێموایە رێگەگەلێکی زۆر ی سیستەمێکیانە لە زۆر وڵات هەیە بۆئەوەی گەران و بەدواداچوون و ئاشکراکردنی گەندەڵی، هەروەها ژمارەیەك ئەزموونی هاوبەشیش هەیە بۆ بەدوادا چوون و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی وەك بونیادی دامەزراوەکان، دەرکردنی یاسای تایبەت دژی گەندەڵی، هەربۆیە ژمارەیەك رێگە هەن کە دەتوانرێت لە وڵاتێکدا بگرێتەبەر یان لە وڵاتێکی دیکە، هەربۆیە ئەو رێگایانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عێراق دەگیرێتەبەر دەکرێت لە وڵاتێکی دیکە هەمان رێگە پیادە بکرێتەوە . هەروەها دەکرێت کۆرسی فێربوون یان راهێنانیش لە وڵاتانی جیاواز لە وڵاتانی جیاواز فێربین و کاری پێبکەین .

**•چۆن هاوسەنگی لە نێوان دیموکراتی و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دروستدەکرێت، بۆ نموونە وەك دەوڵەتانی کۆریای باشور و مالیزیا ...هتد؟**

• پێموایە یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە، ئەم دەوڵەتانە جەختیان لەسەر بەرە پێشەوەچوون کردووە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بەرەو پێشەوە بچێت و ببنە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو، هەربۆیە بەرەوپێشبردنی ئابووریان زۆر گرنگ بوو، هەربۆیەش توانییان پێشبکەون، هەر بۆنموونە توانییان پارەیەکی زۆر بۆ بواری پەروەدە تەرخان بکەن هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا، هەربۆیە ئەگەر لە وڵاتێکدا بەرەو پێشەوە چوونەکە زۆر بوو ئەوا حکومەتیش زیاتر بایەخ بە هۆکاری پاراستنی ئەو پێشکەوتنە دەدات، هەروەها ئەو راستییەش دەزانن کە گەندەڵی ئەو پێشکەوتنە تێکدەدات، هەربۆیە هەربۆیە دژی کرانەوەن بۆ بواردەن بە گەندەڵی، بۆیە دەبیین ئەم وڵاتانە بەتەواوەتی دیموکراتی نیین بەڵام وڵاتێکی پێشکەوتووشن.



●●●

**ئەگەر گەندەڵی لە پۆستە باڵاکانی حکومەتەوە یان وەزیرەکانەوە دەست پێبکات ئەوا گومانی تێدانییە ئەم گەندەڵییە خوارەش دەگرێتەوە**

●●●

●●●

**هەتا کولتووری دیموکراتی بوونی نەبێت ناتوانین بڵێن دیموکراسی بوونی هەیە**

●●●

**ستیبرۆ کۆستاڵ بۆ گوڵان:**

# تەنیا میکانیزم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی بەس دەبێت خەڵکانێک هەبن ئەو میکانیزمە جێبەجێ بکەن

...

**ستیبرۆ کۆستاڵ، ئوستادی زانکۆی براتیلاڤایە، لە سلۆڤینیایە و ئەندامی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر ئیدارەی گشتی و تۆژەرە لەسەنتەری ئەورووپاش بۆ پەرەپێدان، پرۆفیسۆر ستیبرۆ بێجگە لەوەی لەرێگەی رێکخراوی شەفافییەتی نیودەوڵەتی سەنتەری ئەورویا بۆ پەرەپێدان ئەزموونێکی باشی لەسەر دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەیە و بە حوکمی ئەوەی خۆی خەڵکی سلۆڤینیایە و سلۆڤینیاش بەم قۆناخە ئینتقالییە تێپەڕیوە و تارادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بووە، بۆیە هەم لەئازارەکانی گەندەڵی تێدەگات و هەمیش لە هۆکار و میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەکەشی. هەربۆیە بە پێویستمان زانی پەیوەندی پێوەبکەین و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

...



**• قۆناخی ئینتیقاڵی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی، ئایا بۆچی لەم قۆناخەدا ئەم دیاردەیە سەرهەڵدەدات؟**

- لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵدەگرن گەندەڵی بۆتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر سیستەمەکە، کە بە شێوەیەکی گشتی دام و دەزگاکان لەم وڵاتانەدا لاوازن و ناتوانن بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن، هەروەها ئەم وڵاتانە ئەزموونێکی مێژووییان نییە لە ڕووی بوونی دام و دەزگا دیموکراسییەکانەوە بۆ ئەوەی دیموکراسیەت و شەفافیەت بچەسپێنن، دەتوانین راستی ئەم لێکدانەوەیە لە ئەزمونی هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەدی بکەین، ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کێشەکانی قۆناغی ئینتیقالی بوونەوە و مێژوویەکیان نەبوو لە روی ئەزموونی دیموکراسییەوە. من پێم وایە تەنیا گرتنەبەری رێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەس نییە، بەڵکو پێویستمان بە کەسانێکە کە بتوانن ئەم و پلان و ڕێوشێنانە جێبەجێ بکەن، هەروەها پێویستمان بە کەسانێکی رووشنگەر هەیە بۆ ئەوەی هاوکاربن لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و بەدی هێنانی ئەم ئامانجەدا. ئەگەر بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە ئەوا دەڵێم تەنیا پرۆسە دیموکراسییەکە نابێتەهۆی ڕێگرتن لە گەندەڵی و بەدیهێنانی بەرەوپێشچون، بەڵکو پێویستمان بە کەسانێکی ڕۆشنگەر و گۆڕینی هزر و بیرکردنەوەی هاوڵاتیان هەیە.

*** لە وەڵامەکەی بەڕێزت ئەوە دەردەکەوێت کە تەنیا دەسنیشانکردنی دیاردەکە گرنگ نییە بەڵکو چۆن چارەسەردەکرێت گرنگە، ئایا مەبەست لەمە بووە؟**

- ئەگەر بە پوختی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەوا بە تێڕوانینی من بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێویستمان بەوە هەیە بە ڕوونی ئاڕاستە و ئامانجەکانمان دیاری بکەین، دەبێت و ڕێسا و یاسا و ڕێوشێنەکانی بە گژداچونەوەی ئەم دیاردەیە دابڕێژین، هەروەها دەبێت هەڵبستین بە بنیاتنان و چەسپاندنی دام و دەزگاگەلێکی بەهێز، لەگەڵ بوونی سەرکردەگەلێکدا کە ئامادەی شەڕکردن بن لەگەڵ ئەم دیاردەیە بە هۆی بەکارهێنانی ئەو دام و دەزگا و ڕێسایانەی ئاماژەم پێکردن.

*** بەڵام لە وڵاتیکدا هۆکارەکەی پارتە سیاسییەکان بن، ئایا ئەو کاتە چۆن ئەم کارە دەکرێت؟**

- ئەوە لێکدانەوەیەکی ڕاستە، من خۆم سەر بە وڵاتێکم کە ئەزموونی هەوڵدانی پارتە سیاسییەکانمان هەیە بۆ سوودەرگرتن لە پێگە و دەسەڵاتی خۆیان بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتییان. لە سلۆڤاکیا کاتێك هەوڵێکی جیدی هەبوو بۆ سەربەخۆیی، ئەزموونی کۆمەڵگەی مەدەنی و کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەهێز بوو، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لە هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا. لەلایەکی دیکەوە مەسەلەیەکی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە کە یارمەتیدەردەبێت لەم ڕووەوە، ئەویش رەخساندنی دەرفەتە بۆ هاوڵاتییان و ڕای گشتی بۆ ئەوەی دەستیان

بگاتە زانیارییەکان، واتە لەوە ئاگادارین کە حکومەت بە چ شێوەیەکی کارەکانی بەڕێوەدەبات و بەرپرسە و کاربەدەستە حکومیەکانیش بە شێوەیەك کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنن. واتە مافی گەیشتنیان بە تێکڕای زانیارییەکان هەیە تەنیا ئەو زانیارییانە نەبێت کە نهێنی دەوڵەتن، یاخود زانیاری شەخسین.

*** ئایا لەم حاڵەتە دەکرێت ئەولەویەت بدەین بە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، پرۆسە دیموکراتییەکە واز لێ بهێنین؟**

- ناکرێت ئەم دوو هەوڵە لێکجیابکەینەوە، دەبێت ئەم دوو هەنگاوە شانبەشانی یەکتر ئەنجام بدرێن. ناکرێت یاسایەکی دژە گەندەڵیت هەبێت، یان ڕێ و شوێنێکی دیاری کراو دژی گەندەڵی بگرێتەبەر، بەڵام دیموکراسی پیادە نەکەیت و دیموکراسی پشتگوێ بخەیت. بۆ نموونە لەو وڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکەی ئێوەدا کە هەندێکیان بە هۆی بوونی سەرچاوەی سروشتییەوە دەوڵەمەندن، بەڵام سیستەمە سیاسییەکەیان بە هەمان ئاست گەشەی نەکردووە، لەم وڵاتانەی وەکو ئێوە ناتوانرێت بێ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی هەوڵی چارەسەرکردنی گەندەڵی بدرێت. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ئەم ئەزموونەمان هەیە، ناکرێت ئەم دوا هەوڵە لێکداببرێت.

*** بەڵام زۆر جار گەندەڵی پرۆسە دیموکراسییەکە بەرادەیەك ناشرین دەکات، کە خەڵك بڵێ من دیموکراتییەتم ناوێت، لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- ئەوە ڕاستە ڕەنگە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بە هۆی بوونی دام و دەزگاگەلێکی ئەمنی بەهێزەوە بتوانن پێشێلکاران سزا بدەن و جۆرێك لە نیزام بسەپێنن، بەڵام ئەوان لە هەمان کاتدا هەڵدەستن بە سەرکوتکردنی بەرهەڵستکاران و زیندانییان دەکەن. من پێم وایە خەڵکی ئامادەی تێدایە بۆ گۆڕانی دیموکراسی، بەڵام زۆرجار بە هۆی لاوازی دیموکراسی و لاوازی دام و دەزگاکانەوە دەرفەتێکی زۆر بۆ گەندەڵی دروست دەبێت کە خەڵکی نیگەرانن لە دروستبوونی ئەم دەرفەتانە. کە من پێی دەڵێم هەرەشەی دەرفەتەکان.

*** ئەگەر وڵاتێك بە دەست ئەم دیاردەیەوە بناڵێنێت، ئایا دەبێت هەمان ئەزموونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخود دەبێت ڕێگا و شێوازی تایبەتی خۆی بگرێتەبەر؟**

- دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەوە وەربگرین لەم ڕووەوە، بەڵام دەبێت هەڵومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی وڵاتەکەمان لەبەرچاو بگرین، واتە دەکرێت دەرس لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرین بەڵام دەبێت لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکەدا بیانگونجێنن، بۆ نموونە ڕەنگە ئەوەی لە ئەفغانستاندا سەرکەوتوو دەبێت مەرج نییە لە عێراقیشدا بە هەمان شێوە سەرکەوتووبێت، لەبەر ئەوەی دوو کۆمەڵگەی جیاوازن.



*** لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم وڵاتانە لە ڕووی دیموکراسییەوە زۆر گەشەیان نەکردووە، بەڵام ئاستێکی نزمی گەندەڵیان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن توانیوویانە ئەم هاوسەنگیە دروست بکەن؟**

- من لەگەڵتاندا هاوڕانیم کە ئەم وڵاتانە لە ڕووی دیموکراسییەوە ئاستێکی باڵای گەشەکردنیان نییە، بە تایبەتی وڵاتی کۆریای باشور، بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەم وڵاتە بۆ پرۆسەیەکی دورودرێژی پەروەردە و چەسپاندنی سەروەری یاسای هەیە، واتە ئەزموونێکی دووروودرێژی پرۆسەی بنیاتنانی دام و دەزگا دیموکراسییەکانی هەیە.

●●●
**لەم وڵاتانەی وەکو ئێوە ناتوانرێت بێ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی هەوڵی چارەسەرکردنی گەندەڵی بدرێت. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ئەم ئەزموونەمان هەیە، ناکرێت ئەم دوا هەوڵە لێکداببرێت**
●●●

# ئەو کاتەی ریفۆرم ناسنامە لە دیموکراسی وەردەگرێتەوە چەمکەکان بە دیموکراتی نامۆ دەبن و تۆتالیتارییەت پێشوازیان لێدەکات



ئایا دەتوانین ریفۆرم لە پرۆسەی دیموکراتی جیابکەینەوە؟ واتە کاری ریفۆرم تەواو بکەین ئینجا بڵێین دەست بە دیموکراتی دەکەین، یان ئایا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ریفۆرم ناکرێت و کە ویستمان ریفۆرم بکەین دەبێت پرۆسەی دیموکراتیەت رابگرین؟ ئایا دەبێت کەماسیەکانی پارتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی وامان لێبکات ناسنامەی تۆتالیتارییەت بەبەری هەموو پارتە سیاسیەکاندا بکەین؟ ئەی ئەگەر پارتە سیاسییەکانمان لە پرۆسەی دیموکراسی جیاکردەوە ئەو حکومڕانییەی دروست دەبێت لە سیاسەتدا چی پێدەگوترێت؟ باشە ئەگەر لە قۆناخی خەباتی چەکداریدا گیڤارا یان ماوسیتۆنگ، یان ستالین سەرنجی راکێشابین و ماوەیەك خۆمان بە ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕەکانیانەوە خەریك کردبێت، ئەمڕۆش کە سەدەی بیست ویەکە و سەردەمی ئەنتەرنێت و شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاریە، دیسان دەبێت خۆمان بخزێنینەوە ناو ئەو هەنگاوانەی کە کوبا و چین و سوریا دەیگرنە بەر؟ بۆچی بێجگە لەو رێگە چارانە، ئیدی هەموو دەرگاکان  دادەخرێن و ئەزموون و مۆدیلی دیکە نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان سوودی لێوەربگرین؟ ئایا دەبێ سیستەمی تێکەڵاوی تاك حزبی و ئابوری بازاڕی ناچاری، بە دیموکراسی و بازاری ئازاد بۆ هاوڵاتیانی تەفسیر بکەین؟ ئایا دەکرێت هەڵەکانی رابردووی رازینەبوون بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و ئیمزاکردنی رێککەوتنی ٥٠-٥٠ لەبڕی ئیمزاکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و رێزگرتنی، بخرێتە ئەستۆی بەرەی کوردستانی؟ بەرنامەی بەرەی کوردستانی حزب و حکومەتی تێکەڵاوکرد، یان رێککەوتنی ٥٠-٥٠؟ ئایا دوای ئەزموونی ١٧ ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ هێشتا واقیعی سیاسی کوردستان ناتوانێت بەڵێنی ئەوە بدات رێز لە هەڵبژاردن و ئاکامەکەی بگرێت؟

ئەم پرسیارانە گۆڕینی ئاراستەی ریفۆرم و رەتکردنەوەی ریفۆرم نییە، لەبەرئەوەی دیموکراسی بەردەوام بازنەی چاکسازی و ریفۆرم و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، ئەوەی بێتە ناو بازنەی دیموکراتی و بیەوێت یاریزانێکی نێو گەمەی سیاسیی دیموکراتی بێت، دەبێت پێش ئەوەی بێتە ناو بازنەکە بڕوای بەوە بێت دیموکراتی واتە بردنەوە و دۆڕاندنی هەڵبژاردن و رێزگرتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی بەم گیانە گۆش بکات ئەو کاتەی هەڵبژاردن دەدۆڕێنن دنیا کۆتایی نایەت، بەڵکو سەرەتای وەرگرتنەوەی دەسەڵاتە و ئەو لایەنەی بردوویەتیەوە سەرەتای لێوەرگرتنەوەی دەسەڵاتی دەست پێدەکات، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی بە و گیانە گۆش بکات رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە رۆڵی پارتی حکومڕان کەمتر نییە، نەك ئەندام و لایەنگرانمان بەو گیانە گۆش بکەین ئەگەر لایەنێك هەڵبژاردنی دۆڕاند ئیدی تەواو بۆ هەتا هەتایە رۆژی لێ ئاوا دەبێت و ئەم قەناعەتە سەقەتە و پێچەوانەی دیموکراتی ناچارمان بکات وابیر بکەینەوە، دەبێت پارتی و یەکێتی بە قەد یەك لە پەرلەمان کورسییان هەبێت، دەسەڵاتییان لە حکومەتدا بەقەد یەکتری بێت، ئەگەر سەرۆکی حکومەت بەدەست پارتییەوە بێت و جێگرەکەی یەکێتی بێت یان بە پێچەوانەوە، دەبێت سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی هەمان دەسەڵاتییان هەبێت، یان سەرۆکی حکومەت لەو ناوچەیەی کە پارتی تیایدا باڵادەستە هەموو رۆڵیك بۆ ئەو بێت و لەو ناوچانەشی یەکێتی باڵا دەستە جێگری سەرۆکی حکومەت هەموو رۆڵێکی هەبێت و تا ٢ خولی دیکەش ئەم حاڵەتە وەك یاری تۆپی پێ جێمیك پارتی کاپتن دەبێت و جێمێك یەکێتی کاپتن دەبێت، ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ ئێستا زەروورەتە با زەرورتەکەی موناقەشە بکرێت و راشکاوانە هەموو پێکەوە رووبکەینە پارتی و یەکێتی و پێیان بڵێین راستە یەکگرتنی ئێوە لەم قۆناخە پێویستە فەرموو ئێمەش هەموو هاوکارتانین و پێکەوە باردۆخەکە باشتر بکەین، ئەگەر یەکگرتنی پارتی ویەکێتیش قۆناخەکەی تەواو بووە با هەموو لایەکمان موناقەشەی ئەوە بکەین کەدەبێت قۆناخی داهاتوو ئەو قۆناخە بێت کە پارتی و یەکێتی وەك دووپارتە سەرەکییەکەی کوردستان بەڵێن بە خەڵکی کوردستان بدەن کە بە ئاکامی هەڵبژاردنی داهاتوو پابەند دەبن و رێز لە ئاکامەکانی دەگرن و ئەگەر یەکێتی زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست هێنا ئەوا پارتی بواری پێبدات چۆن حکومەت پێکدەهێنێت با پێکیبهێنێت و ئەگەر پارتیش زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا با یەکێتی بواری پێبدات، چۆن حکومەت بەڕێوە دەبات و چۆن حکومەت پێکدەهێنیت، لەم حاڵەتەدا ئەوەی دەبێتە چاودێر بەسەر حکومڕانیەوە و رێگە نادات کەپرۆسەی سیستەمە دیموکراتییەکە لە رێگەی خۆی لابدات، حکومڕانی پارتی و یەکێتی و ئۆپۆزسیونی پارتی و یەکێتی دەبێت، ئەمە دروست وەك جێبەجێکردنی یاسا وایە، یاسا خۆبەخشانە جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر بمانەوێت یاسا جێبەجێ بکەین دەبێت هێزی جێبەجێکردن بدەین بەو لایەنەی یاسا جێبەجێ دەکات، دیموکراتییەتیش خۆبەخشانە دروست نابێت، کاتێك دیموکراسییەت بوونی دەبێت کە لایەنێکی بەهێز وەك ئۆپۆزسیون چاودێری دەسەڵات بێت، بێگومان ئەو لایەنەی بتوانێت چاودێری بە هێزی حکومەت بکات، تەنیا پارتی دەبێت کە یەکێتی حکومڕانی بەدەستەوە دەبێت و، هەروەها یەکێتی نیشتمانی دەبێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان حکومڕانی بەدەستەوە بێت. ئەمەش ئەو هەقیقەتەیە کە ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت بۆ ئەمڕۆی کوردستان پارتی و یەکێتی بونیادنەری دیموکراسین و دەشتوانن تێکدەری دیموکراسیی بن، لە دەرەوەی ئەم بازنەیە هەرچۆنێك بیر لە گۆڕانکاری بەدیل بکرێتەوە، بێگومان گۆڕانکاری دروستکردنی بەدیلی نێو سیستەمی دیموکراسی نابێت، بەڵکو لاساییکردنەوەیەك دەبێت کە لە دوور و لە نزیك لەگەڵ واقیع و تایبەتمەندی کوردستان یەکناگرێتەوە.

## ئایا رێککەوتنی پارتی و یەکێتی زەرورەتی ئەم قۆناخەیە؟

ئەم پرسیارە دەمانخاتە بەردەمی دوو ئەگەر، کە پێویستە هەردوو ئەگەرەکە راشکاوانە و بێ پێچ و پەنا لەگەڵ هاوڵاتییانی خۆمان باس بکەین، دیدو بۆچوون و رای گشتی کوردستانیش دەبێت لەبەر چاو بگیرێت، ئەم چوار چێوە شەفافە دەبێتە هۆکارێك کە هاوڵاتیان بە راشکاوی لە سروشتی حکومڕانی کوردستان تێبگەن و بەشداریشی تێدا بکەن، ئیدی کۆتایی بەو گەرەلاوژێیەش دێت کە ئەمڕۆ هەر کەسێك راست دەبێتەوە خۆی کردووە بەدەم سپی و مێزەر سپی دیموکراسیەت و بە ئارەزووی خۆی وەعز دەدات و باسی ریفۆرم و دیموکراسی دەکات.بۆیە زۆرگرنگە شەفافییەت لە پرسیارەکانماندا رەنگبداتەوە و ئەگەرەکانیش بە شەفافانە ئاشکرا بکەین:

- ئەگەری رێککەوتنی پارتی و یەکێتی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە کوردستان بە هاوبەشی پێداویستییەکی ئەم قۆناخەیە، ئەوا دەبێت ئەم زەرورەتە لە قەناعەتی هاوڵاتیانی کوردستاندا رەنگبداتەوە و، لەم حاڵەتدا دەبێت هەموولایەك رێز لەم رێککەوتنە بگرێت و هاوکاری پارتی و یەکێتی بێت، بۆئەوەی بتوانن ئەرکی ئەم قۆناخە بە رێکوپێکی راپەڕێنن.
- ئەگەر ئەم رێککەوتنەش لەسەر ئاستی نیشتمانی کوردستانی،

بۆ ئەمڕۆی کوردستان پارتی و یەکێتی بونیادنەری دیموکراسین و دەشتوانن تێکدەری دیموکراسیی بن، لە دەرەوەی ئەم بازنەیە هەرچۆنێك بیر لە گۆڕانکاری بەدیل بکرێتەوە، بێگومان گۆڕانکاری دروستکردنی بەدیلی نێو سیستەمی دیموکراسی نابێت، بەڵکو لاساییکردنەوەیەک دەبێت کە لە دوور لە نزیك لەگەڵ واقیع و تایبەتمەندی کوردستان یەکناگرێتەوە

ئایا دەتوانین ریفۆرم لە پرۆسەی دیموکراتی جیابکەینەوە؟ واتە کاری ریفۆرم تەواو بکەین ئینجا بڵێین دەست بە دیموکراتی دەکەین

ئەرکەکەی کۆتایی پێهاتووە، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی داوای هەر گۆڕانکارییەك بکەین، دەبێت گوشار بخەینە سەر پارتی و یەکێتی کە چاو بە ڕێککەوتنی ستراتیژی خۆیاندا بخشێننەوە و ستراتیژییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بە هاوبەشی و پێکەوە بەشداربوون بەیەك لیست بۆ هەڵبژاردنەکان، بگۆڕن بۆ ستراتیژییەتی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتییانە و ڕێزگرتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و ڕێزگرتنی دەسەڵاتی ئەو حکومەتەی کەشەرعییەت لەسندوقی دەنگدان وەردەگرێت، ئەم حاڵەتە ڕێگە لە دروست بوونی حکومەتی ئیئیتلافی و ئەوەی پێیدەڵێن حکومەتی بنکە فراوان ناگرێت، هەروەها ڕێگە لەوەش ناگرێت بەرنامەی حکومەت تەرجەمەی بەرنامەی ئەو حزبەش بێت کە لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگدانی بەدەست هێناوە، بێگومان ئەم حاڵەتەی کە ئێمە باسی دەکەین جیاوازە لە حاڵەتی تەوافقی سوننە یان کورد لە پەرلەمانی عێراقدا، واتە پیادەکردنی دیموکراتییەتی تەوافقی بۆ ڕێگرتنە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئایینی لەلایەن نەتەوە یان ئاینی باڵادەستەوە لە وڵاتدا، بۆیە ناکرێت ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بە دیموکراتییەتی تەوافقی لە کوردستان پێناسە بکرێت، هەروەك چۆن ناکرێت لە ناو لایەنەکانی شیعەی عێراقیشدا لە پارێزگاکانی باشوور بەو شێوەیە وەسف بکرێت، بەڵام لە کوردستان نابێت، تورکمان، ئاشوری، کلدان، تەنانەت کوردی ئێزدیش بخرێنە ناو بازنەی زۆرینە و کەمینەی دەنگدانەوە، ئەوانە وەك نەتەوە و ئایینی جیاواز تایبەتمەندی خۆیان و ئەرکی دیموکراتییەتە ئەو تایبەتمەندییە بپارێزێت، بەڵام پارتی و یەکێتی هەرکامیان حکومرانی کوردستان بکەن هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بۆیە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی ناخرێتە ناو چوارچێوەی دیموکراسییەتی تەوافقییەوە.

## ئەگەر ڕێککەوتنی ستراتیژی زەرورەتی ئەم قۆناخەیە بێت نابێت تاکتیک دژی ستراتیژ بێت

ئەوانەی خۆیان بە ریفۆرمخواز پیشانی خەڵك دەدەن، کەباسی ریفۆرم و گۆڕانکاری لە کوردستان دەکەن، کەم تازۆر خۆیان لەو پرسیارانە نزیك ناکانەوە کە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتییەوە هەیە، بەڵکو هەموو ئامانجیان لەسەر ئەو خاڵە چڕکردۆتەوە پارتی و یەکێتی وەك یەك حزب، وەك یەك دیکتاتۆر پیشانی خەڵك بدەن، لە کاتێکدا پارتی و یەکێتی دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستانن و دوو حزبن دوو بەرنامەی جیاوازیان هەیە و هەریەکەشیان جەماوەر و لایەنگری جیاوازی خۆی هەیە، تێکەڵاو کردن یان چواندنی پارتی و یەکێتی، بەیەك حزبی شمولی خۆسەپێن بەسەر دیموکراتیدا، چەند ئامانجێکی لە پشتەوەیە کە نابێت شەرم لە باسکردنیان بکەین، یان پێمان وابێت ئەگەر باسمان کرد دەستمان بۆ تابۆیەك بردووە لەوانە:

١- تێکەڵاو کردنی تاکتیك و ستراتیژ بە جۆرێك کە تاکتیك دژی ستراتیژ بێت، ئەمەش واتە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنە لە نێوان تەواوی بیروبۆچونە جیاوازەکانی پارتی و یەکێتی و نابێت پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەتا قەناعەتیان بەو جۆرە بێت کە ڕێککەوتنی ستراتیژی پێویستییەکی ئەم قۆناخەیە، ڕێگە بە تاکتیکی دژ بە ڕێککەوتنە ستراتیژیە بدەن لە نێو ماڵی خۆیانەوە.هەربۆیە ناکرێت گروپێك لە ناو پارتی یان یەکێتی ئاراستەیەکی جیاواز لە ڕێککەوتنی ستراتیژی وەربگرن، یان دەبێت ئەو گروپە بەرەسمی یان جیابوونەوەی خۆیان لە پارتی یان یەکێتی ڕابگەیەنن و بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن بۆ کاری سیاسیی خۆیان، بەڵام گروپێك ئەوجا ئەو گرووپە لە ناو پارتی یان یەکێتی بێت ئامادەنەبن واز لە پارتی یان یەکێتی بهێنن و دژی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتیش کاربکەن، ئەمەیان دەبێتە پیادەکردنی تاکتێکێك دژی ستراتیژیەتی ڕێککەوتنی ستراتیژی و هەربۆیە دەبێت ئەم حاڵەتە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە و ناسنامەی ئەو گروپە ئاشکرا بکرێت.

٢- خراپ بە کارهێنانی ئازادییەکانی کوردستان بۆ مەرامی سیاسیی، واتە لەبری ئەوەی ئازادییەکان بە کاربهێنرین بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەت بۆ چاککردنی کەموکورتیەکان، بەکاردەهێنرێن بۆ لاواز کردنی حکومەتەکە و کەمکردنەوەی لایەنێکی سیاسیی

بەرنامەی بەرەی کوردستانی حزب و حکومەتی تێکەڵاوکرد، یان ڕێککەوتنی ٥٠-٥٠

دیموکراسی بەردەوام بازنەی چاکسازی و ریفۆرم و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، ئەوەی بێتە ناو بازنەی دیموکراتی و بیەوێت یاریزانێکی نێو گەمەی سیاسیی دیموکراتی بێت، دەبێت پێش ئەوەی بێتە ناو بازنەکە بڕوای بەوە بێت دیموکراتی واتە بردنەوە و دۆڕاندنی هەڵبژاردن و ڕێزگرتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن،

پیادەکردنی دیموکراتییەتی تەوافقی بۆ ڕێگرتنە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئایینی لەلایەن نەتەوە یان ئاینی باڵادەستەوە لە وڵاتدا، بۆیە ناکرێت ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بە دیموکراتییەتی تەوافقی لە کوردستان پێناسە بکرێت



**رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە رۆڵی پارتی حکومڕان کەمتر نییە**

**یاسا خۆبەخشانە جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر بمانەوێت یاسا جێبەجێ بکەین دەبێت هێزی جێبەجێکردن بدەین بەو لایەنەی یاسا جێبەجێ دەکات، دیموکراتییەتیش خۆبەخشانە دروست نابێت، کاتێک دیموکراسییەت بوونی دەبێت کە لایەنێکی بەهێز وەک ئۆپۆزسیون چاودێری دەسەڵات بێت**

**ئەوانەی خۆیان بە ریفۆرمخواز پیشانی خەڵک دەدەن، کەباسی ریفۆرم و گۆڕانکاری لە کوردستان دەکەن، کەم تازۆر خۆیان لەو پرسیارانە نزیک ناکانەوە کە پەیوەندی بە رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتیەوە هەیە، بەڵکو هەموو ئامانجیان لەسەر ئەو خاڵە چرکردۆتەوە پارتی و یەکێتی وەک یەک حزب، وەک یەک دیکتاتۆر پیشانی خەڵک بدەن**

لە ناو شـــەقامی سیاسیی کوردســـتاندا، لەوەتەی هەردوو ئیدارەی ســـلێمانی و هەولێر لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان یەکیانگرتۆتەوە، هەتا ئێستا ئەو میدیایانەی خۆیان بە ئازاد دەزانن، نەیانتوانیـــوە ریپۆرتاژێکی لێکۆڵینەوەیی پیشـــەگەرییانەی ئەوتۆ ئامادەبکەن کە پەرلەمانی کوردستان کۆبکاتەوە و ببێتە مەسەلەیەکی جدی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، تەنیا شتێك کە بەدوایدا گەرابن و بڵاویانکردبێتـــەوە و دیکۆمێنتە بێزراوەکانی ســـەردەمی شـــەری ناوخۆیە کە بەس هەڵدانەوەی ئەو لاپەرە رەشانە بێجگە لە کولانەوەی برینـــە کۆنەکان هیچ خزمەتێك بە کێشـــەی گەلەکەمان ناکات، ئەم هەوڵانە یان دزەپێکـــردن یان دووبارە کولاندنـــەوەی ئەم رابردووە کە میللەتەکەمان لێی بێزارە دەستێکی تێکدەری لە پشتەوەیە، دەبێت ئەو دەســـتە تێکدەرانە ئاشکرا بکرێن، پرسیار ئەوەیە ئایا کاتێك زەرورەتی ئەم قۆناخە واپێویســـت بکات پارتی و یەکێتی ستراتیژی هاوبەشیان یەکگرتن و پێکەوە بەرێوەبردنی حوکمڕانی کوردستان بێت و زۆربەی زۆری گەلی کوردســـتانیش ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە بە پێویستی ئـــەم قۆناخە بزانێت، ئایا ئەو دەســـتانەی هەوڵدەدەن ئەم ســـتراتیژە تێکبشـــکێنن و پارتە کوردســـتانیەکانی دیکە بکەن بە دژی پارتی و یەکێتـــی کێن؟ یان ئەگەر ئەوان بەراســـتی لـــە خەمی ئەم وڵاتە و پرۆســـەی دیموکراسی وخۆشـــگوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستانن و پێیان وایە ئەم رێککەوتنە لەدژی بەرژەوەندی گەلی کوردســـتانە بە راپرسیەك ئەنجامبدەن، با پارتی و یەکێتی ناچار بکەن دەستبەرداری ئـــەم رێککەوتنە بن، بەڵام پیادەکردنی تاکتیك لە ژێر پەردەی جیاواز و بە ناوی جیاواز بۆ ئەوەی رێککەوتنی ستراتیژی بەردەوام بێت ولە پاڵیشدا بە تاکتیك هەوڵی دروستکردنی گروپ بدرێت لەسەر حسابی رێککەوتنـــی پارتی و یەکێتی، ئەمە یاریکردنێکی مەترســـیدارە و چاوەڕێی ئایندەیەکی باشی لێناکرێت، ئەمە دروست وەك ئەو حاڵەتە وایە، ئەندامێکـــی بەهێزی مەکتەبی سیاســـیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوشێوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەرەسمی هەر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و بانگێشەی ئەوە بکات ئەو لەگەڵ رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی نییە و کەناڵێکی راگەیاندن دابمەزرێنیـــت و بە ناوی راگەیاندنی ئازادەوە جار جار نوقورچێك لە پارتی بگرێت، بەڵام ئامانجی ئەوەڵ و ئەخیری ئەوە بێت بۆکســـێك لە یەکێتی بدات یان لەسەر حسابی رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی، هەوڵبدات تاکتیك دژی یەکێتی پیادە بکات، پرســـیار لێرەدا ئەوەیـــە ئایا هیچ کەســـێك بڕوا دەکات بەرێـــز نێچیرڤان بارزانی لە پارتی جیا ببێتەوە؟ ئایا یەکێتی نیشـــتمانی ئامادەدەبێت پابەند بێت بەرێککەوتنی ســـتراتیژییەوە ئەگەر بەرێز نێچیرڤان بارزانی یان هەر ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاســـیی پارتی بەو شێوەیە تاکتیك دژی رێککەوتنی ســـتراتیژی پیادەبکات؟ لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ئەگەرەکانـــی بایەخی مانەوەی رێککەوتنی ســـتراتیژی و کۆتایی هاتنی رێککەوتنی ســـتراتیژی موناقەشە بکرێت، تەنها مەبەستیش لەم خستە رووە راشکاوانەیە بۆ ئەوەیە هاوڵاتیانی ئێمەش ببنە خاوەنی کولتوری حکومڕانی و ئیدی لەو چەواشەکاریە رزگاریان بێت کە بە ناوی گۆران وریفۆرم رۆژانە سەریان لێتیکدەدرێت؟

## ئەگەر زەمەنی رێککەوتنی ستراتیژی کۆتایی هاتبێت چۆن نەخشە بۆ ئایندە دادەڕێژین

گریمانەیەکـــی دیکە ئەوەیـــە، ئایا بەراســـتی زەمەنی رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی کۆتایی پێهاتووە و پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان پێویستی بەوەیە کۆتایی بە لیستی هاوبەش و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بێت؟، ئەوا ئەمەشیان دیسان پرسیارێکی واقعیانەیە و نابێت میللەتی خۆمان هێندە ناهۆشـــیار سەیر بکەین کە ئەم پرسە گرنگەی لەگەڵدا باســـنەکرێت، بەپێچەوانەوە پێویستە ئەم پرسە وەك مەســـەلەیەکی چارەنووسساز و هەســـتیار زەمینەی بۆ خۆشبکرێت و دەبێت پارتی و یەکێتی ئامادەباشـــی خۆیـــان بۆ ئەم گۆڕانکاریە پیشانبدەن، ئەم پرسە نابێت بە نابەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەر بۆ نموونـــە تەنیا بۆ ئەوەی قەوارەی رێککەوتنی ســـتراتیژی پارتـــی و یەکێتی بچووك بکرێتەوە، تاکتیکەکانمان بریتی بن لە : ( پشتگیریکردنی تەشهیر وناوزراندن بە ناوی میدیای ئازاد،رازاندنەوە



**تەنها مەبەستیش لەم خستە رووە راشكاوانەیە بۆ ئەوەیە هاوڵاتیانی ئێمەش ببنە خاوەنی كولتوری حكومڕانی و ئیدی لەو چەواشەكاریە رزگاریان بێت كە بە ناوی گۆران وریفۆرم رۆژانە سەریان لێتێكدەدرێت؟**

**ئەم جۆرە تاكتیكانە ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردوومان بیردێنێتەوە، كە بەرامبەر حزبی شیوعی عێراقی پیادەدەكرا، بڵاویان دەكردەوە پێرەوی ماوسیتۆنگ لە پێرەوی ماركسییەت و لینینیەت باشترە، لە كاتێكدا خودی ماوسیتۆنگ خۆی بە یەكێك لە قوتابیەكانی ماركس ولینین دەزانی، ا چین و سۆڤییەت هەردووكیان بەشە سەرەكیەكەی شەڕی ساردبوون و هەتا ساڵی ١٩٧١یش ئەمریكا ئیعترافی بە كۆماری چین نەدەكرد و تایوانی وەك نوێنەری چین لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناساندبوو**

**تەنها مەبەستیش لەم خستە رووە راشكاوانەیە بۆ ئەوەیە هاوڵاتیانی ئێمەش ببنە خاوەنی كولتوری حكومڕانی و ئیدی لەو چەواشەكاریە رزگاریان بێت كە بە ناوی گۆران وریفۆرم رۆژانە سەریان لێتێكدەدرێت؟**

وبڵاوكردنەوەی راپۆرتی چەند حزبێك كە هیچ بنەمایەكی ئۆپۆزسیونی تیا نییە، وەك راپۆرتی ئۆپۆزسیونێكی راستەقینە لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیدا، گاڵتەكردن بە وەڵامی پارتی و یەكێتی بۆ ئەو راپۆرتە، یان پەنابردن بۆ راپۆرت و وتاری نوسەرانی بەكریگیراوی دژ بە گەلەكەمان بۆ هێنانە خوارەوەی شكۆی حكومرانی و رێككەوتنی ستراتیژی و.هتد) ئەم جۆرە تاكتیكانە ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردوومان بیردێنێتەوە، كە بەرامبەر حزبی شیوعی عێراقی پیادەدەكرا، بڵاویان دەكردەوە پێڕەوی ماوسیتۆنگ لە پێڕەوی ماركسییەت و لینینیەت باشترە، لە كاتێكدا خودی ماوسیتۆنگ خۆی بە یەكێك لە قوتابیەكانی ماركس ولینین دەزانی، بەڵام لە پیادەكردنی ماركسیەت و لینینیەتدا ماوسیتۆنگ هەندێك جیاوازی لە ستالین هەبوو، بەڵام لە بنەڕەتدا چین و سۆڤییەت هەردووكیان بەشە سەرەكیەكەی شەڕی ساردبوون و هەتا ساڵی ١٩٧١یش ئەمریكا ئیعترافی بە كۆماری چین نەدەكرد و تایوانی وەك نوێنەری چین لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناساندبوو، ئامانجی ئەم جیاكردنەوەیەی ماوی و ماركسییەت قەناعەتێكی مەعریفی ئوتۆ نەبوو بە بەڵگە بیسەلمێنێت ماویەت لە ماركسییەت و لینینیەت باشترە، بەڵكو تاكتیكێك بوو بۆ چەواشەكردنی ئەو شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەی بڕوایان بە خەباتی چینایەتی و رێبازی ماركسییەت و لینینییەت هەبوو لە ریزی حزبی شیوعی عێراقدا بوون، یان دەبوونە ئەندام ولایەنگری حزبی شیوعی عێراقی، ئەم جیاكردنەوەیەی ماویەت لە ماركسیەت ولینینیەت، مەسەلەیەكی بێ بنەمابوو، تەنیا تاكتیك بوو بۆ كەمكردنەوەی نفوزی حزبی شیوعی عێراق كە ئەو كات لە عێراقدا گەورەترین حزب و لە كوردستانیشدا دوای پارتی دیموكراتی كوردستان حزبی سەرەكی بوو، كە دەشڵێین بێ بنەمابوو، بێگومان بێ بەڵگە ئەو قسەیە ناكەین و هەر ئەو گروپەی بانگێشەی بۆ ئەوە دەكرد ماویەت لە ماركسییەت ولینینیەت باشترە هەر خۆیان گرووپێكیان بە ناوی كۆمەڵەی ماركسی لینینی دامەزراند، باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە كە ماویەت لە ماركسیەت ولینینیەت باشتر بوو، ئەی بۆچی گەرانەوە بۆ ماركسیەت ولینینیەت؟ ئایا ئێستاش هەمان تاكتیك دووبارە دەبێتەوە و هەمان ئەزموونی هیوجینتاو مان وەك پێڕەوەكەی ماوسیتۆنگ پێ دووبارەدەكەنەوە و پێمان دەڵێن هەنگاوەكانی جیانگ زمین و هیوجینتاو لە دیموكراتییەت باشترە؟

## هەنگاوەكانی چین بۆ ریفۆرم

## دروستكردنی حكومەتێكی تیكەڵاو بەبێ دیموكراسی

هەتا ئێستاش وێڕای ئەو جموجۆڵەی لە بواری ئابووری دەبینرێت، چین نموونەیەكی باش نییە نە بۆ سیستەمێكی سیاسیی دیموكراتی نە بۆ سیستەمی بازاڕی ئازاد و ئابووری بازار، لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی رابردووە وە چین بەحساب هەنگاوی تەدریجی ریفۆرمی سیاسیی هەڵدەگرێت بۆ وەرچەرخان رووە و دیموكراسی، لەمبارەوە پرۆفیسۆر هی زنگ كی دەڵێت : (بە شێوەی ریفۆرمی ئابووری، ریفۆرمی سیاسیش لە چین شێوەیەكە لە ریفۆرمی تەدریجی، قۆناخی ئینتقالی چین بریتییە لە گواستنەوە لە دەوڵەتێكی تۆتالیزمی ئایدۆلۆژیەوە بۆ دەوڵەتی سەپاندنی یاسا، ئینجا بۆ سیستەمی دیموكراسیەتی دامەزراوەكان،بۆ ئەم گواسنەوەیەش چین پشت بە (تاكتیك وستراتیژ ) دەبەستێت)، واتە تاكتیك بەكار دەهێنرێت بۆ خزمەتی ستراتیژ، هەنگاو بە هەنگاو پارتی كۆمۆنیستی چینی لە دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی سنوور دار




دەكرێت و ئابووری ئازاد پیادەدەكرێت، بۆئەوەی واقعێك بێتە پێشەوە كە حزبی كۆمۆنیستی چینی نەمێنێت یان گۆرانكاریەكی ئەوتۆی بەسەردابێت كە بتوانێت ئایدۆلۆژیەتی خۆی بەو ئاراستەیە بگۆرێت كە بتوانێت خۆی لەگەڵ كەشوهەوای دیموكراسی بگونجێنێت، ئەم شیوازە وەك پرۆفیسۆر هی كنگ كای ئاماژەی پێدەكات شێوازێكی تیكەڵاو دەردەچێت، هەم هەست بە بوونی ئیستبداد دەكرێت هەموو شێوەیەكیش لە دیموكراتی.

لێرەدا ئەگەر پرسیاری ئێمە بەو شێوەیە بێت ئایا بۆ چین هەوڵدەدات ئەم شێوازە پیادەبكات؟ وەڵامەكەی ئاشكرایە و لەبەر ئەوەی:

*لەبەر ئەوەی حزبی كۆمۆنیستی چینی حزبێكی ئایدۆلۆژی دیكتاتۆرە،بڕوای بە دەستاودەستكردنی دەسەڵاتی ئاشتیانە نییە، سەرۆك كۆماری چین سكرتێری پارتی كۆمۆنیستی چینیە.

* پارتی كۆمونیستی بڕوای بە ئازادی و مافی پێكهاتەكانی چین نییە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی نزیكەی ٣٠ ساڵە بانگێشە بۆ كرانەوە و وەرچەرخان بەرەو دیموكراتی دەكات، بەڵام هەموو بینیمان لە ساڵی ١٩٨٩ خۆپیشاندانی قوتابیانی گۆرەپانی تیانانمن چۆن سەركوتكرا، هەروەها بینیمان چۆن تبتیەكان سەركوتدەكرێن وچۆن دیلای لاما هەتا ئێستاش مافی گەرانەوەی بۆ چین لێ زەوتكراوە.

* هەتا ئێستاش سەركردەكانی پارتی كۆمۆنیستی دەوڵەتیان قۆرخكردووە سەرچاوەكانی دەولەت بە مولكی خۆیان دەزانن، مەسەلەی گەندەڵیش لە چین هەموو دنیا دەزانێت لە چ ئاستێكدایە و هەندێك لە بازرگانەكانی خۆشمان كە شمەك و كەلوپەلی چینی دێنە كوردستان نمونەیەك لە گەندەڵی چینیان بۆ هێناوینەتەوە، كەچۆن فێڵ دەكەن و چۆن شمەكی خراپ، بە كوالێتی بەرز بە هاوڵاتیان دەفرۆشن.

بێگومان ئەم شێوازی ریفۆرمەی چین بۆ كۆماری سوریا ی بەشار ئەسەد و كوبای كاسترۆش پیشنیار كراوە و بەڵام هەرگیز داوا لە پۆلۆنیا و سلۆڤانیا و چیك و سلۆفاكیا و تەنانەت جۆرجیاش نەكراوە ئەو ئەزموونە دووبارە بكاتەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی وەك شارەزایانی سیاسەتی چینی ئاماژەی پێدەكەن ئەو هەنگاوانەی لە چین لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو هەڵگیراون بۆ ئەوەیە چین بگاتە ئاستی وڵاتە هەرە خراپەكانی ئەورپای رۆژهەڵات و لانی كەم بواری ئەوە هەبێت




ململانێی راستەقینەی سیاسی بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات دروست بێت، ئەو هەنگاوانەی ئەوان لە چین هەڵیدەگرن لەبەر ئەوەیە پارتی کۆمۆنیستی چینی، وەك حزبی بەعسی سەردەمی سەدام حوسین دەوڵەتێکی پۆلیسی دروستکردووە، سەدام حوسێنیش هەوڵیدا لە هەشتکاندا هەندێك بواری ئابووری ببوژێنێتەوە بە هەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵیەوە و تەنها پرۆژەی ئاودێری سەدام (مشروع الري صدام حسين) یەکێکە لە گەورەترین پرۆژەکانی ئاودێری کە تائێستا لە عێراقدا ئەنجامدرابێت، دروستکردنی کارگەی فۆسفات لە قائم و تەنانەت کارگەی تەجمیعی ئوتومبیل و بەفرگر و تەلەفزیون و زۆپا...هەتا دروستکردنی ئامێری کشتوکاڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەڵام ئایا دەتوانینن بڵێن هەنگاوەکانی سەدام حوسێن راست بوون و هەنگاو بوون بەرەو ریفۆرم و کرانەوە، جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت، ترسە لە گۆڕان، باشە ئەگەر ئەم ترسە نەبێت، ئایا رێگر چییە لە ژێر دروشمی ریفۆرم و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت، دوای پیادەکردنی نزیکەی ١٧ ساڵ لە ئەزموونێکی دیموکراتی، هەوڵدەدەین ئەم ئەزموونە بگۆرین بۆ تێکەڵاوێك لە تۆتالیتاریەت و بەناو دیموکراسی، ئایا خەبات وقوربانیدانی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان بۆ ئەوەیە مۆدێلێکی حکومرانی هاوشێوەی چین یان کوبا یان عێراقی سەردەمی سەدام حوسین دوبارە بکەینەوە، لەوانەیە ئەو برادەرانەی ئەو بۆچوونەی ئێمەیان بە دڵ نییە بەوە تۆمەتبارمان بکەن ئێمە دژی گۆرانکارین، ئێمە دژی ریفۆرمین، نەخێر ئێمە دژی گۆڕانکاری و ریفۆرم نیین، حەزدەکەین یاسا سەروەر بێت، بەڵام یاسایەك شایستەی سەروەریی و رێز بێت، ئیدی ئەو زەمەنە بەسەر چوو رێز لە هەموو یاسایەك بگیرێت، یاسایەك پارێزگاری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەرژەوەندی گشتی نەکات، شایستەی ئەوەنیە رێزی لێبگرێت، هەندێك یاسا هەن، بۆ نموونە ئەو یاسایەی چین کە رێگە دەدات گۆرەپانی تیانانمن بە خۆینی قوتابیان سوربکرێت وئەو یاسایەی رێگە دەدات رێگە لە ماف ودابەنەریتی بوزیە تبیتیەکان بگرێت، شایستەی رێز لێگرتن نییە، ئەو یاسایەی لە سوریا رێگە دەدات ناسنامەی رەگەزی نەدرێت بە کورد شایستەی رێزلێگرتن نییە.پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوانەی دەیانەوێت مۆدیلی چین لە کوردستان دووبارە بکەنەوە دەتوانن گەرەتنی ئەوە بە هاوڵاتیان بدەن ئەو یاسایانەی ئێستا لە چین حکومرانی گەلی چینی پێدەکرێت، ئەگەر لە کوردستان پیادەبکرێتەوە، کەرامەتی مرۆڤی کورد پێشێل ناکات، ئایا ئێمەش رێگە بە خۆمان بدەین وەك چین بە یاسا خۆپیشاندانی قوتابیان و مافی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان چارەسەر بکەین.

## خاڵە گرنگەکانی ریفۆرمی چین

ئەو خاڵانەی پرۆفیسۆر هی زنگ کی ئاماژەی پێکردووە ئێمە بۆ بەرچاو روونی خوینەران و هاوڵاتیان وەك خۆی لێرەدا دەینوسینەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت، ئەوەی بانگێشەی بۆدەکرێت بۆ ریفۆرم دەرهاویشتەی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێمە نین و شتێکی هێنراوی کۆمەڵگەیەکی ئیستیبدادی پاشماوەی کۆمۆنیستەکە بریتیین لە:

• دوو ئاراستە هەیە بۆ ریفۆرم یەکەمیان سەروەری یاسا و دووەمیان دیموکراتیزە کردن، هیچ دەوڵەتێك نەیتوانیوە سەروەری یاسا و دیموکراتیزەکردن پێکەوە جیبەجێ بکات، لەگەڵ ئەوەی دیموکراتی دەبیتە تەواوکەری سەروەری یاسا بەڵام پێکەوە جێبەجی ناکرێن.

ئەم خاڵە لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەی چینی راست بێت، لەبەر ئەوەی سیستەمی حکومرانی سیستەمێکی تاکحزبیە و بوار بۆ چالاکی سیاسیی و ململانێی راستەقینە نیە، بەڵام ئایا ئەمە لە گەڵ واقیعی کوردستان یەکدەگرێتەوە.

• سەروەری یاسا و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان باشتر لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی چین دەگونجێت،لەبەر ئەوەی هۆنك کۆنك وسەنغافورەش کە سەر بە خێزان چینین بەم شیوەیە پێشکەوتوون، ئەویش سەروەریی یاسایە بەبێ بوونی دیموکراسی.

• دەبێت سیستەمی سیاسیی چین ٥ کۆڵەگەی سەرەکی لە خۆی بگرێت :

أ- جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت.

ب- سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری.

ت- دروستکردنی دامودەزگا یان لیژنەکانی دژی گەندەڵی.

ث- سیستەمی فراوانی راوێژکاری کۆمەڵایەتی.

ج- ئازادی رادەربرین و میدیا، پاراستنی کۆر و کۆبونەوەکان بە یاسا.

ئەم پێنج کۆڵەگەیە بەمشیوەیە ئاکامی دەبێت:

١- جەختکردنەوە لەسەر حکومی قانون رەتکردنەوەی حکومی حزب.

٢- جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی عادیلانەی یاساکان، لەم کاتە دەتوانین بڵێین هەموو کەس لەبەردەمی یاسا یەکسانن.

٣- جەختکردنەوە لەسەر سەپاندنی یاسا لەبەر ئەوەی یاسا خۆبەخشانە جێبەجی ناکرێت.

٤- جەختکردنەوە لەسەر سنوردارکردنی رۆڵی حکومەت لەسەر کەرتی تایبەت.

ئەم چەند خاڵەی بە کورتی ئاماژەمان پێکردن تەنها یەکێکن لەو سیناریۆیانەی بۆ ریفۆرم لە کۆمەڵگەی چینی دانراون، بێگومان بەرنامەی دیکەش هەن لە ئایندەدا بە درێژی لەسەریان رادەوەستین، خۆیان ئاماژەی پێدەکەن ئەم ریفۆرمانە بۆ دیموکراتی نین، بەڵکو بۆ سەروەریی یاسایە بەبێ دیموکراسی، بێگومان یاساش لە چین واتە ئەو یاسایانەی پارتی کۆمۆنیست و پەرلەمانی چین دایدەرێژن کە هەر رەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە و داوادەکەن رێزی لێبگرن و بەسەروەری بزانن، نەك یاسایەك لەسەربنەمای مافەکانی مرۆڤ و بەرژەوەندی گشتی دارێژرابێت کە شایستەی ئەوەبێت رێزی لێبگیرێت.

●●●

**دوو ئاراستە هەیە بۆ ریفۆرم یەکەمیان سەروەری یاسا و دووەمیان دیموکراتیزە کردن، هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە سەروەری یاسا و دیموکراتیزەکردن پێکەوە جیبەجێ بکات، لەگەڵ ئەوەی دیموکراتی دەبیتە تەواوکەری سەروەری یاسا بەڵام پێکەوە جێبەجی ناکرێن**

●●●

●●●

**یاسایەک پارێزگاری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەرژەوەندی گشتی نەکات، شایستەی ئەوەنیە رێزی لێبگرێت**

●●●

●●●

**ئایا ئێستاش هەمان تاکتیک دووبارە دەبێتەوە و هەمان ئەزموونی هیوجینتاو مان وەک پێرەوەکەی ماوسیتۆنگ پێ دووبارەدەکەنەوە و پیمان دەڵێن هەنگاوەکانی جیانگ زمین و هیوجینتاو لە دیموکراتییەت باشترە؟**

●●●

ئیرک نیومایەر بۆ گوڵان:

# کولتوری حکومڕانی واتە توخمەکانی حکومڕانی باش ئەمەش واتە شەفافییەت و بەرپرسیارییەتی



پرۆفیسۆر ئیرك نیومایەر، بەرێوەبەری بەشی ئابوورییە لە زانکۆی لەندەن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پەرەپێدان و چەندین توێژینەوەی لەسەر پەرەپێدانی حکومەت هەیە کە یەکێکیان بە ناونیشانی چۆن دەتوانیین پەرەپێدانی بەردەوام بونیاد بنێین، هەروەها دیراسەتێکی دیکەی بە ناونیشانی کاریگەری حکومڕانی باشە لەسەر پەرەپێدان، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دوو پرسە گرنگە کە بەشێکە لە راپۆرتی ئەم هەفتەیەمان پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر مایەر کرد و بەمجۆرە بەشداری لەم راپۆرتە لەگەڵ کردین.

***ئایا دەبێت ئەو کولتووری حکومڕانیکردن بە چ شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی پێی بڵێین حکومەتێکی سەرکەوتوو؟**

- پرسیارەکەی ئێوە دەربارەی ئەوەیە ئایا توخمەکانی حکومڕانێنی باش چییە، من دەڵێم بریتیین لە شەفافییەت، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت هاووڵاتییان بزانن بە چ شێوەیەکی حکومڕانێتی دەکرێن، خاڵی دووەم بریتییە لە بەرپرسیارێتی، واتە دەبێت حکومڕانەکان بەرپرسیاربن لە بەرامبەر ئەوانەی حکومڕانێتیان دەکەن، لەم رووەوە حکومڕانێتی باش لە دیموکراسی دەچێت کە بریتییە لە هەڵبژاردنی حکومڕانەکان، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە بەوەندە تەواو نابێت، بەڵکو دواتریش دەبێت بەرپرسیاربن لە ئاست هاوڵاتییاندا. خاڵی سێیەم بریتییە لە سەروەری یاسا، واتە دەبێت هەمووان لە بەردەم یاسادا یەکسان بن و دەبێت هەموو کار و کردەوەکانی حکومەت بە پێی یاسا و رێسا بێت نەك بە میزاجی شەخسی.

*** لە کۆتای سەدەی بیستدا وەك هۆکارێك بۆ خوشگوزەرانی و سەرکەوتن ئاماژەی پێدەکرا، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا حکومڕانی باش جێی دیموکراسی گرتۆتەوە، ئایا لایەنی باش و خراپ لە دیموکراسیدا هەیە؟**

- من پێموایە دەکرێت لە سایەی دەسەڵاتی تاکڕەویدا حکومڕانێتی باش هەبێت و لە دیموکراسیدا حکومڕانێتی خراپ. من پێموایە پرۆسەی بڕیارسازی دیموکراسی بەشێکە لە پێناسەی راستەقینەی حکومڕانێتی باش، پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە مەسەلەی بەرپرسیارێتیدا کە حکومڕانێتی باش لەگەڵ دیموکراسیدا یەك دەگرێتەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی حکومڕانەکاندا. بە تێڕوانینی من ناتوانین بڵێین یان دیموکراسی یان حکومڕانێتی باش، لەبەر ئەوەی دیموکراسی بەشێکە لە حکومڕانێتی باش لە روانگەی منەوە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا هیچ لایەنێکی حکومڕانێتی باش نایەتەدی، بڕوانە وڵاتی چین، کە بە هیچ شێوەیەکی دیموکراسی نییە، بەڵام چەند لایەنێکی حکومڕانی باش هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراسی بەشێکی گرنگی حکومڕانێتی باش پێکدەهێنێت.

*** حکومڕانێتی خراپیش هەیە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ باسکردن لە چاکسازی، ئایا دەبێت بە چ شێوەیەك چاکسازی لە کەرتی گشتیدا بکەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بگاتە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە و من دڵنیانیم کە وەڵامی دەزانم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم هێنانەدی حکومڕانێتی باش پرۆسەیەکی زۆر قورسە، بە تایبەتی ئەگەر وڵاتەکە بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ حکومڕانێتی خراپی تێدا بووبێت، بۆ نموونە ئەگەر گەندەڵی هەبوو، ئەوا زۆر زەحمەتە بەرپرس و کاربەدەستە گشتییەکان تێبگەیەنین کە چیتر گەندەڵی قبوڵ ناکرێت و چاوپۆشی لێناکرێت و لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت.

*** دەربارەی هەڵسەنگاندنی حکومەت، چۆن دەتوانین لە ئاستی حکومەت لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هەڵبسەنگێنین، ئایا دەکرێت ئەم وڵاتانە پێکەوە لەگەڵ وڵاتە دیموکراسییەکانی رۆژئاوادا هەڵبسەنگێنین؟**

**دەبێت هەمووان لە بەردەم یاسادا یەکسان بن و دەبێت هەموو کار و کردەوەکانی حکومەت بە پێی یاسا و رێسا بێت نەک بە میزاجی شەخسی**

- پێوەری دیاریکراو هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانێتی، بۆ نموونە بانکی جیهانی لەم رووەوە چەند پێوەرێکی داناوە، بەڵام بە تێڕوانینی من مەرج نییە پێوەری جیاواز بۆ وڵاتە گەشەکردوەکانی رۆژئاوا و وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بەکاربهێنین، لەبەر ئەوەی حکومڕانێتی باش لە هەموو شوێنێك یەك شتە، تەنیا ئەوەندە نەبێت لە وڵاتە گەشەکردووەکانی رۆژئاوا ئاسانتر دەتوانرێت حکومڕانێتی باش جێگیربکرێت وەك لە وڵاتە تازە گەشەکراوەکان.

*** ئەوە روونە کە وڵاتانی تازەگەشەکردو یان وڵاتی دوای شەڕن یاخود تازە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری رزگاریان بووە و هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێن، بەو پێیە کولتوری شەڕ و دیکتاتۆری دو کولتووری زاڵن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم دو کولتورە بگۆڕین بۆ کولتووری دیموکراسی و حکومڕانی باش؟**

- ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەن و لەسەرخۆیە، هەر لەبەر ئەوەشە بیرۆکەی ئەمەریکییەکان بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لە ماوەی شەو و رۆژێکدا لە عێراق بیرۆکەیەکی گێلانەبوو، ئەوە پرۆسەیەکی لەسەرخۆو و درێژخایەنە و دەبێت هەڵقوڵاوی وڵاتەکە خۆی بێت، وڵاتە رۆژئاواییەکانیش بۆ هەمیشە حکومڕانی باشیان تێدانەبووە، بەڵکو سەردەمێك هەبووە کە حکومڕانێتی زۆر خراپیان هەبووە، ئەوە پرۆسەیەکی مێژوییەوە و بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە نایەتەدی. لەم رووەوە پەروەردە گرنگە، کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگە، پرۆسەی بریارسازی دیموکراتی یارمەتیدەرە، بوونی کولتورێکی کراوە و ناسەرکوتکار گرنگ و یارمەتیدەرن. هەروەها بوونی ئاستێکی دیاری کراو لە گەشەکردنی ئابووریش.

***نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی وڵاتە تازەگەشەکردوەکانی گرتۆتەئەستۆ بۆ جێگیرکردنی حکومڕانێتی باش، ئایا هۆکارەکە ئەوەیە حکومڕانێتی خراپ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەلامەتی نێودەڵەتی؟**

- لەبەر ئەوەی حکومڕانێتی خراپ دەبێتەهۆی شەڕی ناوخۆیی و هەرەسهێنان و شکستی دەوڵەت و ناکۆکی نێودەوڵەتی و ئەمەش مەترسی لەسەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی دروست دەکات، لەبەر ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی راست و دروست دەکات کە یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، بەڵام دەبێت پشتگیری و بنەمای حکومڕانێتی باش لە وڵاتەکەدا هەبێت، ئەگەرنا ئەو هەوڵانە شکست دەهێنن.

*** بۆچی هەژاری ئاماژەی بوونی حکومڕانێتی خراپە، واتە هەر کاتێك ئاستی هەژاری نزم بوو، حکومڕانێتی باش لە ئارادایە بۆ نموونە لە وڵاتانی کەنداودا، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**




- دەتوانین بوونی هەژاری بە ئاماژەی بوونی حکومڕانێتی خراپ لێکبدەینەوە، بەڵام پێچەوانەکەی راست نیە، لەبەر ئەوەی ناتوانین بوونی وڵاتێکی دەوڵەمەند بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە ئاماژەی بوونی حکومڕانێتی باش لێبکدەینەوە، وڵاتانی کەنداو لەم رووەوە نمونەن. واتە دەکرێت دەوڵەمەندی و حکومڕانێتی خراپ بەیەکەوە بوونیان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێشچونی ئابووری هەڵو مەرجی گونجاو دەخوڵقێنێت بۆ حکومڕانێتی باش. بۆ نموونە وڵاتانی قەتەر و کوەیت و ئیمارات هەوڵی باشترکردنی سیستەمەکانی حکومڕانێتیان دەدەن، بۆ نمونە هەوڵی ئەوە دەدەن پرۆسەی بریارسازی پتر دیموکراتی و شەفافتر و بەپرسیارییانەتربێت.

**پرۆسەی بڕیارسازی دیموکراسی بەشێکە لە پێناسەی راستەقینەی حکومڕانێتی باش، ناتوانین بڵێین یان دیموکراسی یان حکومڕانێتی باش، لەبەر ئەوەی دیموکراسی بەشێکە لە حکومڕانێتی باش لە روانگەی منەوە**

**دەتوانین بوونی هەژاری بە ئاماژەی بوونی حکومڕانێتی خراپ لێکبدەینەوە**

چارڵس ئەلفۆرد بۆ گوڵان:

# بەشێک لە کولتوری دیموکراسییەتی سەرکەوتوو بایەخدانە بە هاووڵاتییان



**چارڵس فردیرك ئەلفۆرد سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆڕ تایبەتمەندە لەسەر پێکهاتەکانی حکومەت و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی حکومەت لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا . پرۆفیسۆر ئەلفۆرد ئازادی بە بنەمای حکومڕانی سەرکەوتوو دەزانیت و یەکێك لە پرسیارانەشی ( بۆچی ئازادی ماناکانی خۆی لەدەستداوە و چۆن دەتوانیین بیپارێزین ) ناونیشانی یەکێك لە کتێبەکانییەتی، هەروەها لەسەر کۆریاش کتیبێکی نوسیووە بە ناونیشانی ( بەهاکانی کۆریا لەسەردەمی جیهانگیریدا ) بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی پرسەکانی حکومەت و چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت و پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر چارڵس کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**گەورەترین خەڵاتێک کە حکومەت و هاووڵاتییان هەیانبێت، بریتیە لە بوونی مێژوویەکی دوورودرێژ لە لێبوردەیی و فرەیی، ئەمەش بە ئاسانی بەدەست ناهێنرێن و بە ئاسانی فێری نابین**

*** لەوانەیە ئەمڕۆ جیهان هێندە بایەخ بە چەمکی حکومڕانی باش دەدات و هێندە گرنگی بە هەڵبژاردن نەدات، ئایا چ کولتورێك حکومڕانی باش دروست دەکات؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە، من پێموایە گەورەترین خەڵاتێك کە حکومەت و هاووڵاتییان هەیانبێت، بریتیە لە بوونی مێژوویەکی دوورودرێژ لە لێبوردەیی و فرەیی، ئەمەش بە ئاسانی بەدەست ناهێنرێن و بە ئاسانی فێری نابین. یەکێك لە گەورەترین دژوارییەکان کە دەبێت زاڵبین بەسەریدا و ئۆباما لە وتاری سەرۆکایەتیەکەیدا ئاماژەی پێکرد بریتیە لە هۆزگەرایی، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت لەگەڵ بوونی هۆزگەراییدا حکومەت ناتوانێت سەرکەوتووبێت، بەڵکو دەبێت جۆرێك لە سازشکردن هەبێت، من وانەی دیموکراسی دێرین دەڵێمەوە، ئەم کێشەیە لە ئەسینای کۆنیشدا هەبوو، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەسینییەکان خۆیان بە ئەندامی هۆز و خێزان دەزانی، دواتر خۆیان بە هاووڵاتی ئەسینا دەزانی. هۆز و خێزان گرنگن، بەڵام دەبێت سازشکردن هەبێت، بۆ نموونە سەرەتا دەبێت خۆمان بە ئەمەریکی یان عێراقی بزانین، دواتر خۆمان بە ئەندامی خێزانێك، هۆزێك، گروپێکی ئیتنی یان ئاینی بزانین.

*** ئیستا خۆشگوزانی و شەری هەژاری بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و مەرجی بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەتەکان، ئایا پێوەرێکی جیهانی بۆ ئەمە هەیە؟**

- من وانەی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ دەڵێمەوە و ئاشنام بە جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە بە دە ماددەی کۆتایی ئەو جاڕە جیهانییە دەوترێت مافەکانی خۆشگوزەرانی، لەبەر ئەوەی جەخت لەسەر دابینکردنی کار و بەدەستهێنانی داهاتێکی سەربەرزانە و دابینکردنی چاودێری تەندروستی دەکاتەوە. لەبەر ئەوە من پێموایە حکومەت لە هەر هەڵومەرجێکدا بێت ئەرکی ئەوەیە هەوڵی دابینکردنی ئەم مافانە بۆ هاووڵاتییان بدات. چارڵس داروین باسی لە گەشەکردن دەکرد لە نێو ئاژەڵاندا، بەڵام ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خوا یارمەتیمان بدات بۆ سووکردنی ئێش و ئازاری هەژاران، لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەمان توانیووە ئەم کارە بکەین. لەبەر ئەوە منپێم وایە بەشێك لە کولتوری دیموکراسییەتی سەرکەوتوو بایەخدانە بە هاوڵاتییان، ئەمە بەشێکە لە دیموکراسییەتی سەرمایەداری و لە دیموکراسییەتی لیبراڵی، بەڵام ئەمە بەشێکیشە لە کولتور و مەرج نییە ناکۆکی لە نێویاندا هەبێت.

*** ئایا دەبێت بە چ شێوەیەك چاکسازی لە کەرتی گشتیدا بکەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بگاتە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە؟**

- ئەوە هەڵومەرجێکی دژوارە، من پێموایە دەبێت لە دەرەوەی حکومەتەوە فشاربخرێتە سەر حکومەت، لەبەر ئەوەی حکومەت خۆی لە خۆیەوە ئەم کارە ناکات، کە لێرەدا رۆڵی رێکخراوە

ناحکومییەکان دێتەپێشەوە. چونکە زۆرجار حکومەت وەڵامی خواستەکانی هاووڵاتییان ناداتەوە و سەرکووتییان دەکات، ئەمەش بارودۆخێکی زۆر دژوارە، بەو پێیە بە تێڕوانینی من دەبێت لە دەرەوەڕا فشاربخرێتەسەر حکومەت ئەگەرچی ئەو حکومەتە نییەتی باشیشی بێت و لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێت.

*** هەندێ لە شارەزاییانی کاروباری حکومی باس لەوە دەکەن کە دەبێت خەڵکی پرۆژەی چاکسازییان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کولتوری حکومڕانی بگۆڕن، ئایا دەکرێت حکومڕانی خراپ بە هۆی بوونی ئەم پرۆژانە و دروستکردنی فشارەوە بگۆڕدرێت؟**

- هەندێ جار بەڵێ و هەندێ جار نەخێر، ئەوە دەوەستێتە سەر هەل و مەرجەکە، بۆ نموونە ڕەنگە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سەرکەوتوویێت، بەڵام بۆ بارودۆخی عێراق نازانم، ڕەنگە ئەمە لە سوداندا سەرکەوتوونەبێت، بەڵام لە هیندستاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. من بنەمای ماکیافیلی دەڵێمەوە، کە ئەو باس لە بەکارهێنانی هێز دەکات لە هەندێ هەلومەرجدا، من پێموایە ئەوە ئەرکێکی سەخت و قورسە کاتێك خەڵکی پەنا بۆ هەڵگرتنی چەك دەبەن لە هەلو مەرجە زۆر دژوارەکاندا. ڕەنگە لەو وڵات و شوێنانەی دیموکراسییەت هەیە پێویست بەمە نەکات، بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە مەسەلەیەکی پێویست بێت.

*** دەربارەی هەڵسەنگاندنی حکومەت، ئایا ئەدای حکومەت چۆن هەڵدەسەنگێرێت؟**

- ڕەنگە لە ڕووی هەندێ بنەمای سەرەکییەوە هاوشێوەبن، بۆ نموونە ڕەنگە خواست و ئامانجەکان یەك بن، بەڵام چۆنییەتی بەدیهێنانیان جیاوازبێت، من پێموایە گەورەترین خەڵات ئەوەیە کولتورێکی دیموکراسی هەبێت لە وڵاتەکەدا، کولتور میژووە، کە دەڵێین میژوو ئەوا باس سەد بۆ دوو سەد ساڵ پێش ئێستا دەکەین، کێشەیەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم کولتورە نەبێت چۆن دەتوانین بیخولقێنین. من دیراسەتم لەسەر دیموکراسییە نارۆژئاواییەکان کردووە، دیراسەتم لەسەر کۆریا کردووە و گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە هاوردەکردنی دیموکراسیەتی لیبراڵی بۆ کۆمەڵگە تەقلیدییەکان زۆر سەرکەوتونابێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەر وڵاتێك شێواز و ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و دیموکراسی لەگەڵ شێوەژیانی کۆمەڵگەکەدا بگونجێنێت.



***پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم دو کولتورە بگۆڕین بۆ کولتوری دیموکراسی و حکومڕانی باش؟**

- ئەمە قورسترین و سەختترین پرسیارە، دەبێت بە هەنگاوی بچوك و وورد و وریایانە دەست پێبکەین، دەبێت لەسەر ئاستی مەحەلی دەست پێبکەین، لە سەرەوە بۆ خوارەوە نەك بە پێچەوانەوە، دەبێت کار لەسەر پەروەردەکرنی مناڵان بکەین، ئەمە پرۆسەیەکی دوورودرێژە و ڕەنگە پێویست بە چەند نەوەیەك بکات، پەلەکردن ڕەنگە دەرئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ خوێنرشتن. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر چینی لاوان ڕەنگە کارێکی باش بێت، بۆ نموونە من دەرس بە گەنج دەڵێمەوە، زۆربەیان نازانن لە رابردوودا چی ڕوویدا، ڕەنگە ئەمە شتێکی باش بێت، لەبەر ئەوەی هەمان رق و بیروباوەڕی پێشوەختەیان نییە کە پێشتر لە ئاست ڕەشپێستەکاندا هەبوو.

من پێموایە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئاستی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کاریگەر بووە بە تایبەتی ئەوانەی هەڵدەستن بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و دابینکردن یارمەتی لە بارودۆخە خراپەکاندا، بەڵام لەسەر ئاستێکی فراوانتر ئەوا من دڵنیانیم.

*** بۆچی هەژاری ئاماژەی بوونی حکومڕانێتی خراپە، واتە هەر کاتێك ئاستی هەژاری نزم بوو، حکومڕانێتی باش لە ئارادایە بۆ نموونە لە وڵاتانی کەنداودا، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هەژاری و حکومڕانێتی باش خراپ شان بە شانی یەك دەڕۆن، ئۆباما لە وتاری سەرۆکایەتییەکەیدا ئاماژەی بەمە کرد. من پێم وایە مێژووی کۆلۆنیالیزم سەرەتای جێگیرکردنی حکومڕانێتی خراپ بوو، لە نەخشەی ئەو وڵاتانە بروانە کە لەلایەن وڵاتە کۆلۆنیالیزمیەکانەوە کێشراون، هەروەها تەنیا پشتبەستن بە سەرچاوەی نەوت هەمیشە سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئابوورییە تەنیا دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی ژمارەیەکی کەم، ئەمە مێژوویەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی حکومڕانێتی باش هاووڵاتییانی خۆی هەژار دەکات. بەڵام دەبێت لێرەوە دەست پێبکەین، نەك لێرەدا بوەستین، هەروەها ئەوە شیکردنەوەیەکی مێژوویی نییە.

**دەبێت هەر وڵاتێک شێواز و ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و دیموکراسی لەگەڵ شێوەژیانی کۆمەڵگەکەدا بگونجێنێت**

**مێژووی کۆلۆنیالیزم سەرەتای جێگیرکردنی حکومڕانێتی خراپ بوو، تەنیا پشتبەستن بە سەرچاوەی نەوت هەمیشە سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئابوورییە تەنیا دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی ژمارەیەکی کەم**

### سیری گۆڵپن بۆ گوڵان:

# جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسی وەک "دەرمانی هەموو دەردێک" زیادەڕەوییکردنە لە گەشبینیدا



خاتوو سیری گۆڵپن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی بێرگن و پسپۆڕ تایبەتمەندە لەسەر کاروباری حکومەت لە وڵاتانی تازە گەشەکردوو بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوور و ناوەڕاستی ئەفریقیا، لەمبارەوە چەندین کتێبی هەیە وەك بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی دادوەری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، عەدالەت و هەژاری و چەندین باسی گرنگی دیکە، سەبارەت بە کولتووری حکومڕانی وچۆنییەتی هەڵسەنگاندنی حکومڕانی پەیوەندیمان بە پڕۆفیسۆر سیری کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

***ئایا کولتووری سیاسیی کۆمەڵگە تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوراندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت؟**

- ئەوە روونە کە کولتووری سیاسی کۆمەڵگە گرنگە بۆ چۆنییەتی کارکردنی دامەزراوە سیاسی و ئیدارییەکان و بۆ جۆری حکومڕانی. لە هەمو کۆمەڵگەکاندا نەریت و پێوەرەی کۆمەڵایەتی نارەسمی هەیە کە کارلێك لەگەڵ دامەزراوە رەسمییەکاندا دەکەن، بەو پێیە تا راددەیەك دەبنەهۆی گۆڕینی شێوەی کارکردنی ئەم دامەزراوانە. لە هەندێ حاڵەتدا رەنگە ئەمە لە روانگەی دیموکراسی و حکومڕانێتی باشەوە سوودبەخش بێت. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا نەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کولتوورێکی سیاسی دروست دەکەن کە کارکردنی ئەو دامەزراوانە لاواز دەکەن کە بۆ هێنانەدی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش بنیاتنراون.

بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت ئەم حاڵەتە بە کێشەی کولتووری " خراپ" لێکبدەینەوە- لە کۆمەڵگە و یان لە حکومەتدا- یان بە ئاماژەی ئەوە لێکیبدەینەوە کە دامەزراوەکان لەگەڵ هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگایەدا ناگونجێن.

ئەگەر بەرپرسیارێتی، وەڵامدانەوەی داخوازی و کارابوون وەك توخمەکانی حکومڕانێتی سەرکەوتوو لێبکبدەینەوە، ئەوا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین دەبێت دامەزراوە حکومڕانەکان گرێبدرێنەوە بەو نەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە لە رووی مێژووییەوە لە ئاستە جیاوازەکاندا کاردەکەن و دەبێت لەسەر ئەم پێوەرانە بنیات بنرێت و پەرەیان پێبدەن، نەك هەوڵی هاوردەکردنی دامەزراوەکان بدەین و پشتگیر لە "کولتوورەکان" بکەن. پێموایە هەندێ جار —نەك هەمیشە- کێشەی "کولتووری حکومڕانی خراپ" لەو ناسازیەوە (تناقض) سەرچاوە دەگرێت: کە بیرۆکەی یاسای و عەقڵانی بێلایەنی دەزگاکان پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا ( بۆ نموونە تەفزیلکردنی مەحسوبییەت، کە لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا بە تاقە شێوازی گونجاو دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان). کاتێك " گرتنبەری شێوازی گونجاو" دەبێتە شتێکی مەحاڵ لەبەر ئەوەی رەفتارێکی تەواو پێچەوانەت لێ چاوەڕوان دەکرێت، ئەوا زەحمەتە دامەزراوەکان بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن- ئەمەش دەبێتە هۆی چەسپاندنی رەفتاری خۆپەرستانە.

**• بەپێی قسەکانی بەڕێزت واتە دیموکراتییەتی سەرکەوتوو واتە حکومرانی باش؟**

- ئەمە پەیوەستە بە پرسیاری یەکەمەوە. من پێموایە باشترە بەو شێوەیە لە ناوەڕۆکی دیموکراسی بڕوانین کە پەیوەستە بە چۆنییەتی کارکردنی دامەزراوەکانەوە لە سیاقی کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا، نەك خۆی لە خۆیدا مۆدیلێکی باش یان خراپ بێت. بە تێڕوانینی من یەکێك لە لایەنەکانی سیستەمێکی دیموکراسی باش بریتیە لە حکومڕانێتی باش لەو روانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن (بەرپرسیارێتی، وەڵامدانەوەی داخوازییەکان و کارایی، بەو شێوەیەی پەیوەستن

> ●●●
> کولتووری سیاسی کۆمەڵگە گرنگە بۆ چۆنییەتی کارکردنی دامەزراوە سیاسی و ئیدارییەکان و بۆ جۆری حکومرانی
> ●●●

بە کولتوورێکی سیاسی دیاری کراوەوە)، بەڵام بۆ هێنانەدی دیموکراسی پێویستمان بە دەرفەتی سیاسی هەیە بۆ بەشداری کردن، هەروەها چەند شێوەیەکی مەعقولی نوێنەرایەتی سیاسی. من پێموایە جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسی وەك " دەرمانی هەموو دەردێك" کە خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشچوونی ئیجابی دەهێنێتەدی، زیادەڕەویکردنە لە گەشبینیدا، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لە سەر حکومڕانێتی باش. لەگەڵ ئەوەی روونە کە دیموکراسی چارەسەری هەموو گرفتەکانی لانییە، بەڵام من پێموایە ئەدەبیاتی پەیوەست بە حکومڕانێتی باش هۆکارەکانی بەهاداربوونی دیموکراسیان لەبیرکردووە.

*** گۆڕانکاری و ریفۆرم بازنە بەردەوامەکەی دیموکراسییە، ئایا دەشێت لە پرۆسەی دیموکراسیدا ریفۆرم و گۆڕانکاری رابووەستێت؟**

- دووبارە من پێموایە بۆ سەرکەوتنی چاکسازی، گرنگە تەنیا بیر لە " باشترین شێواز" و مۆدێلەکان نەکەینەوە، بەڵکو بە وردی لە چۆنییەتی کارکردنی ( تێکڕایی بەشە جیاوازەکانی ) کۆمەڵگە بڕوانین و لەوە بڕوانین چۆن دەکرێت دامەزراوەکان چاکبکرێن بە چەشنێك کە پشت بە لایەنە باشەکانی کۆمەڵگە ببەستین و هەوڵ بدەین بناخەیەك بۆ سیستەمێك دابنێین کە بەرپرسیاربێت و وەڵامی خواستەکانی خەڵك بداتەوە، لەگەڵ دەرس وەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی شوێنەکانی دیکە.من پێموایە ئەمە —لە هەر شوێنێك کە سەرکەوتووبێت- دەتوانێت ببێتەهۆی گرێدانەوەی پرۆژەکانی چاکسازی (لایەنە باشەکانی ) بە پێوەرە و نەریتە مەحەلییەکانەوە و ئەمە وەك بناخەیەك بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەك لە نێوان ئەو دامەزراوانەی لە کۆمەڵگەکەدا کاردەکەن کە "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت.

*** دەربارەی هەڵسەنگاندنی حکومەت، چۆن دەتوانین لە ئاستی حکومەت هەڵبسەنگێنین لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئایا دەکرێت ئەم وڵاتانە پێکەوە لەگەڵ وڵاتە دیموکراسییەکانی رۆژئاوادا هەڵبسەنگێنین؟**

- مەترسی هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە رەنگە تەنیا جەخت لەسەر ئەو لایەنانە بکەینەوە کە دەکرێت هەڵبسەنگێنرێن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی تەنیا تەرکیز لەسەر هەندێ لە شێوە دیاری کراوەکانی دامەزراوەکان بکەینەوە ( کە رەنگە بۆ هەمو کۆمەڵگەکان گونجاو نەبن) نەك لەسەر خەسڵەتە گشتییەکان. ئەگەر بتوانین پەرە بەو ئاماژانە بدەین کە پتر خەسڵەتە گشتییەکان لەبەرچاو بگرن- دەرفەتی سیاسی، بەشداری کردن، بەرپرسیارێتی، وەڵامدانەوەی داخوازییەکان و کارابون-ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی ئەنجامدانی بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لە نێو ئاستەکانی بەرەوپێشچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا.

**● سەبارەت بەو وڵاتانەی تازە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری رزگاریان بووە و هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێن، بەو پێیە کولتووری شەڕ و دیکتاتۆری دوو کولتووری زاڵن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم دوو کولتوورە بگۆڕین بۆ کولتووری دیموکراسی و حکومڕانی باش؟**

- دووبارە من پێموایە بەرەوپێشچوون- بە تایبەتی بەرەوپێشچونی کولتووری سیاسی-بریتییە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە ( ئەو کولتوورەی کە پشتگیری لە رەخساندنی دەرفەتی سیاسی، بەشداری کردن، بەرپرسیارێتی، وەڵامدانەوەی داخوازییەکان و کارایی دەکات) لە رێی کارکردن لە سەر لایەنە باشەکانی " شێوازە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەکەمان" بۆ پێکهێنانی دامەزراوەگەلی نوێ- کە ئەوانیش (ئەگەر بە شێوەیەکی باش کارەکانیان ئەدابکەن- دەتوانن متمانە دروست بکەن " بە شێواز و رێگای نوێ" و کولتوورەکە بە چەشنێك بگۆڕن کە ببێتە پاڵپشتی ئەم هەوڵانە. ئەمە بەو مانایە نایەت کە ناکرێت ئیلهام لە دەرەوە وەربگرین بۆ ئەم کارە- دەکرێت هەمو کۆمەڵگەکان بەم شێوەیە بەرەوپێش بچن، هەروەها گۆڕانی کولتووریش- هەندێ جار دامەزراوە هێنراوەکان لە دەرەوە بە سەرکەوتوویی کاردەکەن، بەڵام ئەوەش گرنگە کە هەندێ جار پردی گەیشتن بە حکومڕانێتی باش لە هەموو کولتوورێکدا هەیە.

*** نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکانی گرتۆتەئەستۆ بۆ جێگیرکردنی حکومڕانێتی باش، ئایا هۆکارەکە ئەوەیە حکومڕانێتی خراپ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی؟**

- پێموایە چەند هۆکارێك هەیە بۆ نیگەران بوون لە بارەی ئاشتی و ئاسایشەوە. بەڵام بەتێڕوانینی من ئەم نیگەرانییە لەو تێگەیشتنە روو لەزیادەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرەوپێشچوون ( کۆمەکی بۆ پرۆسەی بەرەوپێشچوون) زۆر زەحمەتە ئەگەر دامەزراوەکانی دەوڵەت بەو شێوەیە کارنەکەن کە ببنە پاڵپشتی بەرەوپێشچوونەکە.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە ئایا پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرەپێدانی ئابووری چۆن هەڵدەسەنگێرێت؟**

- لە کاتێکدا لە سەر ئاستی گشتی پێدەچێت پەیوەندی لە نێوان بەرەوپێشچوونی ئابووری و حکومڕانێتی باشدا هەبێت، بەڵام ئەمە پەیوەندیەکی راستەوخۆنییە. ئەمە مانای ئەوەیە کە لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز پرۆسەکانی بەرەوپێشبردنی ئابووری یەکدەگرنەوە لەگەڵ- رەنگە ببنەهۆی- هەلومەرجە گونجاوەکانی حکومڕانێتی باش. بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە لە وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوتەکاندا. لەبەر ئەوەی لەم وڵاتانەدا حکومەت پێویستی بە هاووڵاتییان نییە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات، بۆیە ئاسانترە بۆ ئەم حکومەتانە کە خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان پیشتگوێبخەن- کەواتە دەوڵەت دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی نوخبەیەکی بچوکەوە.

**باشترە بەو شێوەیە لە ناوەڕۆکی دیموکراسی بڕوانین کە پەیوەستە بە چۆنییەتی کارکردنی دامەزراوەکانەوە لە سیاقی کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا، نەک خۆی لە خۆیدا مۆدیلێکی باش یان خراپ بێت**

**لە وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوتەکاندا. لەبەر ئەوەی لەم وڵاتانەدا حکومەت پێویستی بە هاووڵاتییان نییە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات، بۆیە ئاسانترە بۆ ئەم حکومەتانە کە خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان پیشتگوێبخەن- کەواتە دەوڵەت دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی نوخبەیەکی بچوکەوە**

دان بانیک بۆ گوڵان:

# دەبێت حکومەت پێش دروستبوونی قەیران و پێش بەرزکردنەوەی داواکاری هەڵبستێت بە پێشبینی کردنی داخوازییەکانی هاوولاتییان



پرۆفیسۆر دان بانیك، بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی پەرەپێدان وهەژارییە لەسەدەی بیست ویەکەم لە زانکۆی ئۆسلۆ و یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە تویژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندی نێوان هەژاری و دیموکراسی و حکومرانی باش و دیموکراسی دەدات، کە ئەمەش لایەنێکی گرنگی حکومڕانی لە دەوڵەتاندا دەسنیشان دەکات، سەبارەت بەم پرسە و چۆنیەتی هەسەنگاندنی حکومڕانی پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر بانیك کردو بە مجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**• کە باسی حکومڕانی دەکرێت راستەوخۆ یەکێك لە ئاماژەکان بۆ ئاستی پێشکەوتنی ئابوورییە، ئایا حکومڕانی باش واتە پەرەپێدانی ئابووری؟**

- لەم سەردەمەدا زۆر باس لە حکومڕانێتی و حکومڕانێتی باش دەکرێت، بە رای من نابێت ئەمە مەسەلەیە تەنیا لە هەوڵ و هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا کورت بکەینەوە، زۆرێك لە رێکخراوە ناحکومییەکان تەنیا جەخت لەسەر هۆکارە ئابوورییەکە دەکەنەوە، بەڵام بە تێڕوانینی من دەبێت حکومەت لە ئاستی پێداویستییەکانی هاوولاتییاندا بێت، تەنیا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و سادەکردنەوەی دەزگای بیرۆکراسی بەس نین، دەبێت حکومەت هەڵبستێت بە دابینکردنی داخوازی و پێداویستییەکانی خەڵك، تەنانەت پێش ئەوەی فشار لەسەر حکومەت دروست بکەن و داوای لێ بکەن، دەبێت حکومەت پێش دروستبوون قەیران و پێش بەرزرکردنەوەی داواکاری هەڵبستێت بە پێشبینی کردنی داخوازییەکانی هاوولاتییان، واتە پێش ئەوەی قەیران و کێشە دروست ببن. هەروەها لە کاتی بەرزکردنەوەی داواکاری و سەرهەڵدانی قەیرانیشدا بە خێرایی و بەشێوەیەکی کارا وەلامدانەوەی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە نابێت حکومەت تەنیا کاردانەوەی هەبێت، دەبێت خۆی هەڵبستێت بە پێشبینیکردنی داواکاری و پێداویستییەکان. دواتر دەبێت جەخت لەسەر دابینکردنی مافە کولتووری و ئابوورییە و کۆمەلایەتییەکانیش بکاتەوە، زۆرجار باس کە لە حکومەت دەکرێت تەنیا باس لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان دەکرێت، بەلام دەبێت مافە کولتووری و کۆمەلایەتییەکانیش لەبەرچاوبگیرێت. بۆ نموونە دابینکردنی چاودێری تەندروستی و دابینکردنی خۆراك.

**•• دەبێت حکومەت لە ئاست پێداویستییەکانی هاوولاتییاندا بێت، تەنیا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و سادەکردنەوەی دەزگای بیرۆکراسی بەس نین ••**

**•لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا حکومڕانی باش جێی دیموکراسی گرتۆتەوە، ئایا لایەنی باش و خراپ لە دیموکراسیدا هەیە؟**

- من چەند دیراسەتێکم لەسەر پەیوەندی نێوان دیموکراسی و بەرەوپێشچوون و دیموکراسی و هەژاریدا کردووە، دەرئەنجامەکە ئەوەبووە کە ناتوانین بلێین دیموکراسی باشە، یان خراپ، لەبەر ئەوەی هەندێ لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بەرەوپێشچوونی ئابووری، لە هەندێ لە ولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیادا روویاندا، وەك تایوان سەنگافورە و کۆریای باشوور، بەلام ئەو ولاتانە ولاتگەلێکی دیموکراسی نەبوونە، بەڵکو تاکرەوبوونە، بەو پێیە دیموکراسی نە باشترین شێوازە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بەرەوپێشچوونی ئابووری، نە خراپترینە، بەڵکو لە نێوەندەدایە، بۆچی دیموکراسی باشترین نییە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، مەترسی ئەوە هەیە دیموکراسییەتەکە تەنیا رواڵەتی بێت، خەڵکانێك هەبن تەنیا بایەخ بە بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بدەن و دواتر پێداویستی و بارودۆخی هەژاران پشتگوێبخەن، ئەو کەسانە تەنیا داوای هەڵبژاردنی نەزیهـ و عادیلانە دەکەن، بەلام دەبێت هەنگاوی لەوە زیاتر بنێن، دەبێت لە ئاست پێداویستی و خواستەکانی خەڵکدا بن. مەسەلەیەکی دیکە هەیە لە دیموکراسیدا، زۆرجار هەژاران چالاکانە بەشداری لە دەنگداندا دەکەن بۆ نموونە لە هیندستاندا، بەلام بە پێی ناسنامە ئابوورییەکەی خۆیان دەنگ نادەن، بەڵکو لە سەر بنەمای ئەوە دەنگ بە پالێوراوێکی دیاری کراو دەدەن کە سەر بە هەرێمەکەی خۆیانە، یان سەر بە گرووپە ئیتنیەکەی ئەوانە یان بە زمانی ئەوان دەدوێت، یاخود لەبەر ئەوەی پاڵەوانی شەڕە یان ئەستێرەیەکی سینەمایییە، واتە وەك گرووپێکی ئابووری دەنگ نادەن بۆ

ئەو سەرکردەیەی کە لەبەرژەوەندی ئەوان کاردەکات. بەو پێیە دەنگەکانیان بڵاودەبێتەوە و ناتوانن بە پێی پێویست کاریگەربن لەسەر ئەو سیاسەتانەی پیادە دەکرێن.

*** بەڵام کە هاتینە سەر حکومڕانیتی خراپ ئەوە سەردەکێشێت بۆباسی چاکسازی، ئایا دەبێت بە چ شێوەیەك چاکسازی لە کەرتی گشتیدا بکەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بگاتە تێکرای ئەندامانی کۆمەڵگە؟**

- ئەوە پەیوەستە بەوەی ئایا پابەندبوونی سیاسی هەیە بە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکان و لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە راستەقینەکانی هاووڵاتییانەوە، تەنیا ئەوەندە بەس نییە رایبگەیەنین ئەمە دەکەین و ئەوە دەکەین، دەبێت هەڵبستین بە لێکۆڵینەوە و دیراسەتکردنی پێداویستییەکانی خەڵك، پێویستمان بە زانیاری دەبێت، دەبێت سیاسییەکان بە چەشنی رۆژنامەنووسان هەڵبستن بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامەکەشی بگەیەننە دەزگای بیرۆکراسی، نەك تەنیا بڕیار و سیاسەت بەسەر ئەو دەزگایەدا بسەپێنن. دەبێت پرس و ڕا بەم دەزگایە بکرێت و رایان وەربگرێت لەسەر پرۆژە و پلانەکان، زۆرجار نییەتی باش هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و پلان و سیاسەتی باش، بەڵام شکست دەهێنن، لەبەر ئەوەی راوێژ لەگەڵ دەزگای بیرۆکراسی و هەروەها لەگەڵ هەژارانیشدا نەکراوە. واتە دەبێت لە پاڵنەری دەزگای بیرۆکراسی بکۆڵینەوە بۆجێبەجێکردنی بەرنامەکە، هەروەها دەبێت لە دژواری و ئاستەنگەکان بکۆڵێنەوە، بۆ نموونە کاتێك پرۆژەی دابینکردنی ئاوی خاوێن جێبەجێ دەکەین، دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین ئایا ئەمە زۆرترین خەڵك لێی سودمەند دەبێت، ئایا دارایی پێویستمان هەیە بۆ بەردەوامیدان بەو پرۆژەیە. دواتر دەتوانین خۆمان تەرخان بکەین بۆ بەرنگاربونەوەی گەندەڵی. بەو پێیە دەبێت سەرەتا تێگەیشتنمان هەبێت بۆ پێداویستی خەڵك و دواتر دەبێت دەزگایەکی بیرۆکراسی هەبێت کە ئیرادە و توانای هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێداویستیانە. ئەمەش سیاسییەکان ناچاردەکات زانیاریان هەبێت لەسەر بارودۆخەکە، کە لێرەدا دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن لەم رووەوە و بە شێوەیەکی رەخنەگرانە ئەم مەسەلەیە بخەنەڕوو.

*** کەواتە دەبێت وڵاتانی رۆژئاوا هاریکاری ئەو وڵاتانە بکەن کە لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراسی، ئایا تا چەند رۆژئاوا بەم لایەن پابەند بووە؟**

- وڵاتانی رۆژئاوا بەرپرسیارێتی و پابەندبونیان هەیە بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی دیکە، جا لە رێی کۆمەکی راستەوخۆبێت، یان لە رێی باشترکردنی یاسا و رێسا بازرگانییەکانەوە بێت یان لە رێی پێشکەشکردنی شارەزاییەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دابینکردن و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوە هەبێت، ئەوا ناتوانین بڵێین بەرپرسیارێتی وڵاتە رۆژئاواییەکانە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەم وڵاتانە خۆیانە لە رێی دارشتن و جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەتە گونجاوەکان و دڵنیابوون لەوەی ئایا دەزگای بیرۆکراسی دەتوانێت ئەو بەرنامە و پلانە جێبەجێ بکات و ئایا راوێژ بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە و راگەیاندن ئازادە لە گواستنەوەی هەر گرفتێك ئەگەر هەبوو.هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخ بە هاوکاری کردن و یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە دەدات کە ئاماژەکانی بەرەوپێشچوونی دەخەنەڕوو نەك تەنیا لە بواری ئابووریدا، بەڵکو لە بواری سیاسیشدا، لایەنێکی باشی دیموکراتی بریتیە لەوەی دەتوانن دەسەڵاتدار و حکومڕانەکانیان بگۆڕن، خەڵکی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە بەسەر سیاسییە پیادەکراوەکانەوە، بەڵام دەکرێت لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریشدا خۆشگوزەرانی بهێنرێتەدی، بەڵام دەبێت دیکتاتۆرێکی شارەزا و نییەتباش بێت، ئەوەش کارێکی قورسە و هیچ زەمانەتێك نییە کە دەتوانین بهێنینەدی.

*** ئەوە روونە کە وڵاتانی تازەگەشەکردو یان وڵاتی دوای شەڕن یاخود تازە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری رزگاریان بووە و هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێن، بەو پێیە کولتووری شەڕ و دیکتاتۆری دو کولتووری زاڵن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم دو کولتوورە بگۆڕین بۆ کولتووری دیموکراسی و حکومڕانی باش؟**

- من شارەزایم نییە لە سەر بارودۆخی عێراق، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمە پرۆسەیەکی دورودرێژە و نابێت پێشبینی گۆڕانی هزر و تیڕوانینەکان بکەین لە ماوەی شەو و رۆژێکدا، گرنگە لە دوای روخانی دیکتاتۆری خەڵکی ئازادی بیرکردنەوەیان هەبێت بێ ئەوەی نیگەران بن لەوەی پۆلیسی نهێنی سەرکوتیان دەکات، بەڵام نابێت بەو شێوەیە بیربکەینەوە کە هەڵبژاردن چارەسەری هەمو گرفتەکان دەکات، دەبێت خەڵکی بە بنەما و بیرۆکەکانی دیموکراسی ئاشنابکرێن، هەروەها دەبێت ئازادی دروستکردنی کۆمەڵە بۆ خەڵکی دابین بکرێت، بۆ نمونە کۆمەڵگەی وەرزشی و دواتر خەڵکی دەتوانن بیر لە پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان بکەنەوە، بەڵام نابێت خەڵکی پێشبینی ئەوەبکەن کە هەڵبژاردنەکان موعجیزە دروست دەکەن.

*** بەرێزت ئاماژەت بەوەکرد کەیەکێك لە توێژینەوەکانت لەسەر پەیوەندی نێوان هەژاری و دیموکراتیە، ئێستا ئەگەر ئەو پرسیارەت لێبکەین ئایا ئەو پەیوەندیە چۆنە؟**

- پەیوەندی نییە لە نێوان دیموکراسی و هەژاریدا، بۆ نموونە وڵاتانی هیندستان و سریلانکا و بەرازیل وڵاتگەلێکی دیموکراسین بەڵام رێژەی هەژار تیایاندا بەرزە، لە کاتێکدا وڵاتێکی وەك سەنگافورە لەگەڵ ئەوەی تەواو دیموکراسی نیە، بەڵام رێژەی هەژاری تێیدا نزمە. ئەگەر هاتوو دەسەڵاتداران پابەندبونێکی راستەقینەیان هەبوو بە کەمکردنەوەی هەژاریەوە ئەوا گرنگ نییە چ جۆرە حکومەتێکمان هەیە، واتە دەکرێت لە سایەی دیکتاتۆریدا هەژاری کەم بکرێتەوە، بەڵام جیاوازیەکە لەگەڵ دیموکراسی، یان حکومڕانێتی باشدا ئەوەیە لە دیموکراسیدا خەڵکی دەتوانن رەخنەبگرن، راگەیاندن دەتوانێت رەخنەبگرێت، پارتی بەرهەڵستکارمان هەیە. رەنگە بتوانین بڵێین دیموکراسی دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی هەژاری، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد هەژاران وەك یەکەیەکی ئابووری دەنگ نادەن، بۆ نموونە رەنگە دەسەڵاتداران لە هیندستان موسڵمانەکان بەکاربهێنن لە دژی هیندۆسەکان و رەنگە سیاسەکان دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەندە بایەخ بە خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان.

**لایەنێکی باشی دیموکراتی بریتیە لەوەی دەتوانن دەسەڵاتدار و حکومڕانەکانیان بگۆڕن، بەڵام دەکرێت لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریشدا خۆشگوزەرانی بهێنرێتەدی**

**پەیوەندی نییە لە نێوان دیموکراسی و هەژاریدا، بۆ نموونە وڵاتانی هیندستان و سریلانکا و بەرازیل وڵاتگەلێکی دیموکراسین بەڵام رێژەی هەژار تیایاندا بەرزە، لە کاتێکدا وڵاتێکی وەک سەنگافورە لەگەڵ ئەوەی تەواو دیموکراسی نیە، بەڵام رێژەی هەژاری تێیدا نزمە**

ویل هۆت بۆ گوڵان:

# کە باسی حکومەتی باش دەکەین دەبێت بزانین چۆن پێناسەی دیموکراتی دەکەین



**پرۆفیسۆر وێڵ هۆت، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی رۆتردام لە هۆڵەندا و پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییە نێودەولەتییەکان و پەرەپێدان و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکان، بایەخیش بە ئاستی بەرەو پێشەوەچوونی حکومەتەکانی ولاتانی تازە پێگەیشتو دەدات، هەربۆیە بۆ زیاتر قسەکرد لە سەر چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت و رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وپەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر وێل هۆت کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**• ئایا چ کاتێك دەتوانین پێناسەی حکومەتێك وەك حکومەتێکی سەرکەتوو بکەین؟**

- ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی بە چ شێوەیەك پێناسەی سەرکەوتن دەکەین، ئایا سەرکەوتن گرێدەدەینەوە بە هێنانەدی بەرەوپێشچوونەوە، کە لەم حاڵەتەدا دەبێت باس لەوە بکەین بونیادی حکومەت چۆن نەبێت، نەك ئەوەی دەبێت بونیادی حکومەت چۆن بێت. زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان باس لەوە دەکەن دیموکراسی دەبێتەهۆی هێنانەدی بەرەوپیشچوون، بەڵام ئەزموونی ولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیا هەیە کە بێ ئەوەی دیموکراسییەکی تەواوبن بەرەوپێشچوونیان بەدی هێناوە. کەواتە ئاسانترە باس لەوانە بکەین کە نابێت هەبن، وەك نەبوونی گەندەڵی و رەچاوکردنی پەیوەندییە شەخسییەکان.

**زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان باس لەوە دەکەن دیموکراسی دەبێتەهۆی هێنانەدی بەرەوپێشچوون، بەڵام ئەزموونی ولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیا هەیە کە بێ ئەوەی دیموکراسییەکی تەواوبن بەرەوپێشچوونیان بەدی هێناوە**

*** ئەی ئەگەر لەسەر ئاستی باش وخراپ حکومەت هەڵبسەنگێنین، ئایا دەتوانین چۆن سیمای حکومەتی باش دیاری بکەین؟**

- دیسان ئەمەش دەوستێتەسەر ئەوەی ئایا بە چ شێوەیەك پێناسەی دیموکراسی دەکەین، بە تێروانینی من دیموکراسی تەنیا لە ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کورت نابێتەوە، راستە ئەمە لایەنێکی گرنگە، بەڵام دەبێت بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسیش لەبەرچاوبگرین، واتە ئایا گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەتوانن تەحەددای حکومەت و دەسەڵات بکەن، لەبەر ئەوەی لە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو ولاتە کۆمۆنیستییەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردن دەکرا، بەڵام دیموکراسی بوونی نەبوو، ئەوا تەنیا رواڵەت و رووکەش بوو.

*** بەڵام کە گەیشتنە ئەوەی حکومەت کەموکورتی هەبێت، مەسەلەی ریفۆرم و چاکسازی دیتە ئاراوە، ئایا شیوازی ریفۆرم چۆنە؟**

- هەر بڕیارێکی سیاسی بۆ چاکسازیکردن لە کەرتی گشتیدا کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی دیاری کراو، بۆ نموونە هەر بڕیارێك بۆ بچووکردنەوەی حکومەت و دەزگای بیرۆکراسی رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەڵە بەرژەوەندییەك کە ئەمەش کاردانەوە و کاریگەری لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگەکە لە نێوان گرووپە ئیتنی یان ئاینییەکاندا دابەش بووبێت و گروپێکی دیاری کراو باڵادەست بێت، بەڵام پێشنیاری چاکسازی کردن لە لایەن گروپێکی دیکەوە بکرێت کە بەشدارییەکی گەورەی نییە لە کەرتی گشتیدا، رەنگە پاڵنەرەکە باشترکردنی کەرتی گشتی نەبێت، بەڵکو سنوردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئەو گروپە باڵادەستە بێت.

***هەندێ لە شارەزایانی کاروباری حکومی باس لەوە**

**دەکەن کە دەبێت خەڵکی پرۆژەی چاکسازیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کولتووری حکومڕانی بگۆڕن، ئایا دەکرێت حکومڕانی خراپ بە هۆی بوونی ئەم پرۆژانە و دروستکردنی فشارەوە بگۆڕدرێت؟**

- لە بنەڕەتدا ئەمە راستە و ئەزموونی چەند وڵاتێك هەیە لەم رووەوە، بۆ نموونە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، کە سەرکردەگەلێکی دووربینیان هەبوو و ئامانجی درێژخایەن و دوورمەودایان هەبوو و کاریان بۆ دەکرد و دوای بیست بۆ سی ساڵ توانیان سەرکەوتووبن، بەڵام ئەمەش باجی خۆی هەبوو، بۆ نموونە دەبوو کاریگەری هەندێ لە بەرژەوەندییەکانی دیکە سنورداربکەن.

لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی ئەو وڵاتانەمان هەیە کە پێیان دەوترێت دیموکراسی و گەشەکردوو بەڵام سیستەمێکی باشی حکومڕانێتیان نییە، بەڵام تەحەدداکە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا گەورەترە، لەبەر ئەوەی گۆڕینی بونیاد و کولتووری سیاسی زەحمەتە لەم وڵاتانەدا چونکە دەسەڵات و دەستڕۆیشوویی نوخبەی دەسەڵاتدار لەم وڵاتانەدا زیاترە بە بەراورد بەو وڵاتانەی دابەشبوونێکی یەکسانتری داهاتی گشتی هەیە. بۆ نموونە وڵاتی زیمبابۆی کە لەسەر لێواری گۆڕانێکی گەورەیە، حزبی دەسەڵات ئەو راستییە دەزانێت کە بەلەدەستدانی دەسەڵات زیانێکی زۆری پێدەگات و بەرژەوەندییەکانی گورزی گەورەیان بەردەکەوێت، لەبەر ئەوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دەدات و ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زیاتر هەیە، کەواتە تەحەدداکە لەم وڵاتانەدا گەورەترە.

***نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکانی گرتۆتە ئەستۆ بۆ جێگیرکردنی حکومڕانێتی باش، ئایا هۆکارەکە ئەوەیە حکومڕانێتی خراپ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی؟**

- لە رووی مەبدەئیەوە دەڵێم بەڵێ لەبەر ئەوەی پاراستنی بەرژەوەندیگەلێکی تایبەتی گروپێکی تایبەت کە رژێمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەوا ئەمە لە مەودای دووردا دەبێتەهۆی ناسەقامگیری و ئەمەش ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی دەخاتەمەترسییەوە.

*** ئەی سەبارەت بە پەیوەندی نیوان حکومەت و ئاستی هەژاری خەڵك، ئایا ئەمەیان چۆن تەفسیر دەکرێت؟**

- مەرج نییە مەسەلەکە بەو شێوەیەبێت، پەیوەندی نێوان جۆری حکومەت و ئاستی داهات پەیوەندیەکی راستەوخۆ نییە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە وڵاتی ئوردن سەرەڕای ئەوەی پاشایەتییە و تەواو دیموکراسی نییە، بەڵام تا رادەیەك حکومڕانێتییەکی باش هەیە لەو وڵاتەدا. بەڵام کێشەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە ئەو گرووپانەی لە دەسەڵاتدان و سەرچاوەی داهاتەکانیان لە ژێردەستدایە و سوودمەندن لە داهاتەکانیان، ئەمانە بەرژەوەندییەکی کەمیان هەیە لە گۆڕینی رژێمەکانیان.

●●●

**هەر بڕیارێکی سیاسی بۆ چاکسازیکردن لە کەرتی گشتیدا کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی دیاری کراو**

●●●




●●●

**پەیوەندی نێوان جۆری حکومەت و ئاستی داهات پەیوەندیەکی راستەوخۆ نییە، بۆ نموونە ئوردن سەرەڕای ئەوەی پاشایەتییە و تەواو دیموکراسی نییە، بەڵام تا رادەیەک حکومڕانێتییەکی باش هەیە لەو وڵاتەدا**

●●●

## پرۆفیسۆر ئەسیف بەیات تۆژەری ئیسلامی بۆگوڵان:

# تەحەدای راستەقینە ئەوەیە پارتە ئیسلامییەکان دیموکراتی نین و بەشداری پرۆسەی دیموکراتی دەکەن



■ ■ ■

**پرۆفیسۆر ئەسیف بەیات ئوستادی سیسۆلۆجیە لە زانکۆی لیدن و بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە لە هەمان زانکۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵناسی سیاسیی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئیسلامی هاوچەرخ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام و جیهانی سەردەمە، بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵات و جیهانی سەردەمدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئەسیف بەیات کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

■ ■ ■

**● ئایا مەترسییەکان تیکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت یان ئایین و دەوڵەت چین؟**

- من پێموایە تێکەڵکردنیان بیرۆکەیەکی باش نییە، لەبەر ئەوەی ئەمە زیان بە ئاین و دەوڵەتیش دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئایین پتر پەیوەستە بە روحانیەت و بیروباوەڕی شەخسی و رزگاربونەوەی شەخسییەوە، لە کاتێکدا دەوڵەت پەیوەستە بە بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوبردنی کۆمەڵگاوە، لەبەر ئەوە جیاکردنەوەیان کاریگەریەکی تەندروستی دەبێت هەم لەسەر ئایین و هەم لەسەر دەوڵەت.

**● پارتە ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی تا ئەو کاتە باوەڕیان بە هەڵبژاردن هەیە کە دەگەنە دەسەڵات، بەڵام دواتر ئەم بنەما دیموکراتییە بە مەسەلەیەکی نایاسایی دادەنێت کە پەیوەستە بە رۆژئاواوە، ئایا دەبیت ئەم هەڵبژاردنە چی پێبگوترێت ؟**

- لە راستیدا پارتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا بەرهەڵستکاری سەرەکی رژێمە تاکرەو و نادیموکراتییەکانن، واتە لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵی رابردوودا پارتە ئیسلامییەکان بەرهەڵستکاری سەرەکی ئەم رژێمانە بوونە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم پارتانەش خۆیان لە خۆیاندا پارتگەلێکی نادیموکراتین، کەواتە تەنگژەکە لێرەدایە، ئەمە قەیران و تەحەددیە راستەقینەیەکەیە.

**● ئێوە لەوڵاتیکی ئەوروپی وەك هۆڵەندا دەژین و دەزانن لە دیموکراتییەدا رەهای و پیرۆزی نییە، ئایا کاتێك حزبێك بەرنامەکەی وەك رەها وپیرۆز دەخاتە روو چۆن لەگەڵ دیموکراتی یەکدەگرێتەوە ؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کارێکی ژیرانەیە ئەگەر ئاین و دەوڵەت لێکجیابکەینەوە، ئەگەر پارتە ئیسلامییەکان سووربن لەسەر ئەوەی تەنیا دەبێت ئەوان حکومڕانی بکەن، یان ئەو شێوەیە لە ئیسلام جێبەجێ بکەن کە تەفسیرێکی بەرتەسکانەی بۆکراوە، ئەوا دەرئەنجامەکە بریتی دەبێت لە سەرهەڵدانی تاکرەوی، بەڵام لە ماوەی دەیەی رابردوودا هەندێ لە ئیسلامییەکان هەوڵی هێنانەدی گۆڕانکاریان داوە لە زمان و خیتابیاندا و هەندێ لە بنەما دیموکراسییەکانیان ئاوێتەی بەرنامەکانیان کردووە، وەك رێزگرتن لە مافی کەمینەکان و لە ئافرەتان.

**✱ باس لە بوونی پارتی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو دەکرێت لە کاتێکدا هەردوولایان قورئانی پیرۆز بە بناخە و بنچینە دادەنێن، ئایا بە تیڕوانینی تۆ توندڕەو و میانڕەو هەیە لە ئیسلامدا؟**

- ناکرێت گشتاندن بکەین و تێکڕای ئیسلامییەکان وەك یەك سەیر بکەین، بۆ نموونە ئیخوان موسلمین هەوڵ دەدات وەك پارتێکی سیاسی رەفتاربکات و کار لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکەدا بکات، بەو پێیە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا رێز لە بوونی پارتەکانی دیکە دەگرێت و ئەگەر دۆڕانی دەرئەنجامەکە قبوڵ بکات، راستە هەموو لایەك دەگەڕێنەوە بۆ شەریعە، بەڵام تەفسیری جیاوازی بۆ دەکەن، بۆ نموونە ئیخوان موسلمینی ئوردن جیاوازە لە ئیخوان موسلمینی میسر، هەروەها ئیخوان موسلمینی ئێستای میسر لە ئیخوان موسلمینی بیست ساڵ پێش ئێستای ئەو وڵاتە جیاوازە. ئێستا بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕاوە و بە دڵنیاییەوە ئێستا پشتگیریەکی زیاتر لە ئیخوان موسلمین دەکرێت لەو وڵاتەدا. هەروەها ئەوان ئەو راستییە دەزانن کە مەسەلەیە بە دیموکراتیکردن زۆر گرنگە بەتایبەتی لە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، لەبەر ئەوە ئەوان لە قۆناغی گۆڕاندان و ئێستا پێداچوونەوە بە خۆیاندا دەکەن و هەوڵی ئاوێتەکردنی بنەما دیموکراسییەکان دەدەن لە بەرنامەکانیاندا. مەسەلەیەکی دیکە هەیە دەبێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە توندڕەوەی ئەم گروپانە لە بەشێکی زۆریدا بۆ ئەو شێوە مامەڵەیە دەگەڕێتەوە کە رژێمەکان لەگەڵیاندا دەیکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر فشارێکی گەورە بخەیتە سەریان و سەرکوتیان بکەیت ئەوا پەنا بۆ کاری نهێنی و نایاسایی و توندڕەوی دەبەن. کەواتە ئەو سیاسەتەی حکومەتەکان دەیگرنەبەر لە ئاستیاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ توندڕەوبوون یان میانڕەوبوونی ئەوان.

**✱ بۆچی بە شێوەیەکی گشتی گەلانی عەرەبی و ئیسلامی دژی رۆژئاواو ئەمەریکان لە کاتێکدا حکومەتەکانیان هاوپەیمانی ئەمەریکان ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەو گەلانە دژی دیموکراسین؟**

- شتێکی راست و دروست نییە ئەگەر بڵێین خەڵکانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی پەرۆشی دیموکراسی نین، دوایین راپرسی ئەوەی خستۆتەڕوو کە زۆرینەی موسڵمانەکانی جیهان لەگەڵ ئەوەدان حکومەتەکانیان هەڵبژێدراوبێت و بەرپرسربێت. هۆکاری ئەوەی ئەو خەڵکانە دەنگ بۆ ئیسلامییەکان دەدەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رژێمە عەلمانییەکان لاوازن، هەروەها ئەم رژێمانە هاوپەیمانن لەگەڵ ئەمەریکا و ئەمەریکاش سیاسەتێکی باشی نییە لە ئاست ناوچەکەدا، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی گشتی مەیلێکی دژە ئەمەریکی و دژە رۆژئاواییان هەیە. من پێموایە ئەگەر بارودۆخێك هاتەپێشەوە کە ئیسلامییەکان هاتنەسەر دەسەڵات، ئەوا ئەمە تاقیکردنەوەیەك دەبێت کە ئایا دیموکراتیانە رەفتار دەکەن و ئایا بەڵێن و سیاسەتەکانیان جێبەجێ دەکەن، من پێموایە دەبێت ئەم دەرفەتەیان پێبدرێت ئەگەر پەنا بۆ توندتیژی نەبەن و بە پێی رێساکانی گەمە دیموکراسییەکە رەفتار بکەن.

**✱ دوا وتەت چییە؟**

- من پێموایە تاوەکو رژێمەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی وڵاتە عەرەبییەکان وەك رژێمێکی تاکرە و نادیموکراتی بمێننەوە، ئەوا ئەگەری زۆرە پارتە بەرهەڵستکارەکانیش بە هەمان شێوە وەك هێزێکی نادیموکرات بمێننەوە، کەواتە باشترین رێگە بۆ لاوازکردنی هێزە نادیموکراتەکان چاکسازیکردنە لەم رژێمانەدا و رەخساندنی دەرفەتە بۆ هاووڵاتییان بۆ ئەوەی بەشداری لە بەڕێوبردنی کاروبارەکاندا بکەن، من پێموایە ئەمە رێگەی تەندروستە بۆ پێشکەوتن و بۆ دیموکراسی.

## پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب بیرمەندی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# مەترسیەکە ئەوەیە پارتەئیسلامییە سیاسییەکان هەڵدەستن بە بەکارهێنانی ئیسلام وەک ئامرازێک بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان



■ ■ ■

**پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب ماوەی ٢٠ ساڵە بەریوەبەری دیراساتی ئیسلامییە لە زانکۆی فلادلیفیا و لە ساڵی ١٩٦٦ ماستەری لەسەر بیری ئایینی لە زانکۆی پەنسلڤانیا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٥ یش دکتۆرای لەسەر مێژووی ئایین لە زانکۆی هارڤارد وەرگرتووە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بەراوردکاری نێوان ئایینەکان و دیالۆگی نێوان ئایینەکان و پەیوەندی نێوان ئایینی مەسیحی و ئیسلام، بەیەکێک لەبیرمەندە ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی جیهان لەقەڵەمدەردێت، بۆ قسەکردن سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئایین پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

■ ■ ■

*** پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەوڵی ئەوە دەدەن ئایین تێکەڵ بە سیاسەت و دەوڵەت بکەن، لە کاتێکدا لە جیهانی هاوچەرخدا لێکدابڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە مەترسی ئەم تێکەڵکردنە چییە؟**

- هەموو کەسێك سیاسەت و ئایین تێکەڵ دەکات، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کەسێکی ئایینی سەرپەرشتی رێورەسمی دانانی باراك ئۆبامای کرد وەك سەرۆکی ئەو وڵاتە. لە جیهانی موسڵماندا ئایین و سیاسەت لێکجیاوازبوونە، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەسەڵاتە ئایینییەکان بە گومانەوە لە دەسەڵاتە سیاسییەکانییان روانیووە، کەواتە ئەوەی لە ئارادایە دیاردەیەکی تازەیە کە کەسانێك هەن لە جیهانی ئیسلامیدا بانگەشەی ئەوەی دەکەن ئەم دوو بوارە لێکدانەبڕاون، لەبەر ئەوەی لە راستیدا لێکدابڕوان، واتە بارودۆخەکە بە پێچەوانەوەیە لەبەر ئەوەی لە جیهانی رۆژئاوادا هەوڵی لێکجیاکردنەوەیان دەدرێت، لە کاتێکدا خەڵکانێك هەن لە جیهانی ئیسلامیدا هەوڵی تێکەڵکردنییان دەدەن و بانگەشەی ئەوەدەکەن لە ئیسلامدا هەمیشە ئەم دوو بوارە پێکەوەبوونە. ئەمەش بە تەواوەتی راست نییە، مەترسییەکە ئەوەیە پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە بەکارهێنانی ئیسلام وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئامانجەکانییان.

*** پارتە ئیسلامییەکان تا ئەو کاتە باوەڕیان بە هەڵبژاردن هەیە کە دەگەنە دەسەڵات، بەڵام دواتر ئەم بنەما دیموکراتییە بە مەسەلەیەکی نایاسایی دادەنێت کە پەیوەستە بە رۆژئاواوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا بنیات بنرێت لە کاتێکدا ئوسوڵییەتی ئیسلامی هەڕەشەی سەرەکییە بۆ سەر دیموکراسی؟**

- سەرەتا بنەمای دیموکراسی لە ئیسلامدا نییە، بۆ نموونە خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبوبەکر سەدیق دوای کۆچی دوای پێغەمبەر ( د.خ) رایگەیاند کە ملکەچیم بکەن تا ئەو کاتەی ملکەچی فەرمانەکانی خوا دەکەم، واتە حکومڕانێتییەکە دیاریکراو نەبوو بە چەند ساڵێکەوە بەڵکو حکومڕانێتیان دەکرد تا ئەو کاتەی کۆچی دواییان دەکرد. من پێموایە کێشەکە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەوە نییە کە ئایا دیموکراسی هەیە یان نا، بەڵکو ئەوەیە عەدالەت نییە لەم وڵاتانەدا، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و لە کەرامەتی ئینسانەکان نییە. هیچ وڵاتێك سەد دەر سەد دیموکراسی نییە، رەنگە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا پتر دیموکراسی بن، بەڵام وڵاتێك وەك فەرەنسا یان ئەمەریکا هەر کاتێك گونجاو بوو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانییان پشتگیری دیموکراسی دەکەن، بە پێچەوانەوە لەگەڵیدانین. من پێم وایە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی، وەك عێراق و وڵاتانی کەنداو هەروەها ئێرانیش سیستەمی پەرلەمانی رۆژئاوایان جێگیرکردووە، بەڵام تا چ رادەیەك لە واقیعدا جێبەجێ دەکەن ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە.

***ئایا دەکرێت دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا بنیات بنرێت؟**

- بەڵێ دەکرێت، لەبەر ئەوەی لەم وڵاتانەدا ئاستێکی باشی پەروەردە لە ئارادایە، بۆ نموونە من چەند جارێك سەردانی عێراقم کردووە و تەنانەت کاتێك لە ژێر ئابلۆقەشدابوو، ئاستێکی بەرزی پەروەردە هەبوو لەو وڵاتەدا، ئەمە بۆ سوریا و ئوردن و لوبنانیش راستە، پەروەردەش گرنگە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لەبەر ئەوەی چۆنییەتی پیادەکردنی دیموکراسی و چەسپاندنی مافە دیموکراسییەکان لەخۆدەگرێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە رژێمە عەرەبیەکان دیموکراسی رەت دەکەنەوە، بۆ نموونە کاتێك حافز ئەسەد مرد، کوڕەکەی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەگەر حوسنی موبارەك کۆچی دوای بکات، ئەو ئەگەری پێشبینی هاتنەدی دەکرێت ئەوەیە کوڕەکەی جێی بگرێتەوە ئەوەش دیموکراسی نییە.

***لە دیموکراسیدا رەهایی و بەرنامەی پیرۆز بوونی نییە، ئەمە لە کاتێکدا ئوسوڵییەتی ئیسلام و ئیخوان موسلمین بەرنامەکانی خۆیان بە پیرۆز دەزانن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دیموکراسی ئەمە قبوڵ دەکات؟**

- هەندێ جار دیموکراسییەتی عەلمانی خۆی بۆتە ئایین، بۆ نموونە لە ئەمەریکادا ئاڵا رەمزێکی پیرۆزە و ئەگەر بێڕێزی بەرامبەر بکەیت ئەوا دووچاری گرفت دەبێت. لەبەر ئەوە لە کۆمەڵگە عەلمانییەکانیشدا رەمزگەلێکی بەهێز هەن

و مەسەلەکە ئەوەندە سـادە نییە بڵێین لە ئیسلامدا ڕەهایی هەیە و لە دیموکراسیدا نا، مەسـەلەکە لەوە ئاڵۆزترە، هەر کۆمەڵگەیەك بە شـێوەیەك لە شێوەکان ڕەهای خۆی هەیە. مەترسـییەکە ئەوەیە بیروباوەڕەکانی خـۆت بە بیروباوەڕی ئیسـلامی بزانیت، بەو پێیە وای دابنێت کە پیرۆزن و نابێت گومانیان لەسەر دروست بکرێت. لە ڕاستیدا واقیعی سیاسی لە ڕۆژگارێکی درەنگدا هێنرایە ناو شەریعەی ئیسلامییەوە ئەویش لە لایەن "ئیبن تەیمیە"وە لە سەدی سیانزەیەمیندا کە کتێبێکی نووسـی بە ناوی "السیاسە الشرعیە". کەواتە لە دیموکراسی و لە ئایینیشدا ڕەهای هەیە، بەڵام لە ئایندا ئەم ڕەهاییە پیرۆز دەکرێت و لە عەلمانییەتدا پەیوەست دەکرێتەوە بە نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ وڵاتەوە.

***باس لە بوونی پارتی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو دەکرێت لـە کاتێکدا هەردوولایان قورئانی پیرۆز بە بناغە و بنچینە دادەنێـن، ئایا بە تیڕوانینی تۆ توندڕەو و میانڕەو هەیە لە ئیسلامدا؟**

- من پێموایە بزوتنەوەی توندڕەو هەیە نەك پارتی سیاسی توندڕەو، بۆ نموونە ئیخوان موسـلمینی میسـر پارتێکی سیاسـییە و هەوڵ دەدات ببێتە بەشـێك لە سیاسەتی ئەو وڵاتە، بەڵام دەرفەتی پێنادرێت. بەڵام ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پارتێکی سیاسـی نییە، بەڵکو گرووپێکی توندڕەوە. پارتی سیاسی دیکەش هەن کە ناکرێت پێیان بڵێین توندڕەو، بەڵام ئامانجەکانییان دوورن لە واقیعەوە بۆ نموونە " حزب التحریر" کە هەوڵی گەڕاندنەوەی خەلافەت دەدات، چونکە ناکرێت لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا خەلافەت بگەڕێنەرێتەوە.

*** ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانە ئەوەیە لـە زۆرێك لە وڵاتـە عەرەبییەکاندا کـە هاوپەیمانـی ئەمەریکان، بەڵام هاوڵاتیەکانییـان بـە تەواوەتـی دژی ڕۆژئـاوان و لە هەڵبژاردنەکاندا ئیسلامییەکان ڕێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست دەهێنیت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی ئەمەریکایە، یاخود گەلانی ئەم ناوچەیە پەرۆشی دیموکراسی نین؟**

- ناتوانیت هیچ شـتێك دژی ئیرادەی خەڵك بسـەپێنێت. دواتر من پێموانییە دیموکراسـی سیسـتەمێك بێت کە لە هەمـوو وڵاتەکاندا سـەرکەوتوو بێت، لـە هەندێ وڵاتدا سەرکەوتوو دەبێت و لە هەندێ وڵاتی دیکەدا، نا. هەروەها دیموکراسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، ئەوەی لـە ڕۆژئاوادا هەیە جیاوازە لەوەی لـە ئەمەریکادا هەیە. دەبێت دیموکراسی لەگەڵ هەلو مەرج و کولتوری وڵاتەکەدا بگونجێنرێت. مەسەلەیەکی دیکە لە ئارادایە ئەگەر ئۆباما بتوانێت کێشەی ئیسرائیل فەلەسـتین چارەسەربکات ئەوا تێڕوانینەکان باشتر دەبن لە ئاست ئەمەریکادا لەبەر ئەوەی تا ئێسـتا ئەمەریکا شێوازی سـەپاندنی بەکارهێناوە لە سیاسەتەکانییدا.

***ئیخوان موسـلمین بانگەشـەی ئەوەدەکات کە توندڕەو نییە، بەڵام حەماس کە سەر بە ئیخوان موسلمینە، خەباتی چەکداری دەکات، ئایا ئەم بانگەشـەیە تەنیا بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە یاخو تەفسیری دیکەی هەیە؟**

- من پابەندبم بە پێناسەکەمەوە بۆ توندڕەوەی. من پێموایە ئەوانەی پەنا بۆ توونـدڕەوی دەبەن بزوتنەوەن نەك پارتی سیاسـی لەبەر ئەوەی پارتی سیاسی دەبێت سازش بکات و مامەڵە لەگـەڵ واقیعدا بکات، بەڵام توندڕەوەکان هیچ سازشێك ناکەن، من پێموایە دەبێت وریابین لە پێناسەکردنماندا بۆ توندڕەوی، دواتر مەرج نییە ئیخوان موسلمین و حەماس توندڕەوبن، لەبەر ئەوەی حەماسـیش هەوڵیدا ببێتە بەشێك لە سیستەمی سیاسـی، بەڵام بەرهەڵستی کرا لەبەر ئەو سیاسەتە ئیقلیمییەی لە ئارادابوو. بەو پێیە من پێم وانییە ئیخوان موسلمین توندڕەوبێت.

*** هەموو پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان لە دەرەوە کۆمەك دەکرێن، بۆ نموونە لـە ڕووی داراییەوە یارمەتی دەدرێن، بۆچی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئاشـکراکردنی سەرچاوەکانی داراییان نادات؟**

- مەرج نییە ئەوە ڕاست بێت، بۆ نموونە ئێمە و سعودییەکان یارمەتـی موجاهیـدە ئەفغانییەکانماندا کاتێك شـەڕیان لەگەڵ ڕوسیادا دەکرد، بەڵام ئێستا دژی ئێمە شەڕدەکەن، مەبەسـتم ئەوەیە هـەر کاتێك ئـەو کەسـانە خزمەتی بەرژەوەندییانی ئێمەیان نەکرد پێیان دەڵێین تیرۆریست، هەر کاتێك بەرژەوەندییەکانی ئێمەیـان هێنایەدی پێیان دەڵێین جەنگاوەرانی ئازادی.

***هەندێ لە شـارەزیانی ڕۆژئاوا پارتە ئیسـلامییەکانی ڕۆهەڵات بـە پارتە مەسـیحییەکانی ڕۆژئـاوا بەراورد دەکەن؟**

- بـە تیڕوانینی مـن نابێت ئـەم بەراوردکردنە بکەین و ناکرێـت ئەو پارتانە بەیەك بـەراورد بکرێن، لەبەر ئەوەی پارتە مەسـیحیەکانی ڕۆژئاوا لە ئاستێکی زۆر سنورداردا مەسـیحیین، دواتر هەلو مەرجەکە زۆر جیاوازە، بۆ نمونە بارودۆخی عێراق زۆر جیاوازە لە بارودۆخی فەڕەنسـا یان ئیسپانیا یاخود ئیتاڵیا.

***دوا وتەت چیە؟**

- من هیوادارم عێراق کە سـێ جار لانکەی شارستانێتی بووە، شارستانی سۆمەڕی و بابلی و ئیسلام و جولەکەکان بۆ ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ لەو وڵاتەدا نیشتەجێبوون، بە ئاشتی و یەکگرتووی بژێـت و مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا دەستەبەر بکرێت و، لە نێویاندا کوردەکان.

**هەموو کەسێک سیاسەت و ئایین تێکەڵ دەکات، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کەسێکی ئایینی سەرپەرشتی ڕێورەسمی دانانی باراک ئۆبامای کرد وەک سەرۆکی ئەو وڵاتە. لە جیهانی موسڵماندا ئایین و سیاسەت لێکجیاوازبوونە، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەسەڵاتە ئایینییەکان بە گومانەوە لە دەسەڵاتە سیاسییەکانیان ڕوانیووە**

**هەندێ جار دیموکراسییەتی عەلمانی خۆی بۆتە ئایین، بۆ نموونە لە ئەمەریکادا ئاڵا ڕەمزێکی پیرۆزە و ئەگەر بێڕێزی بەرامبەر بکەیت ئەوا دووچاری گرفت دەبیت**

**ئەوانەی پەنا بۆ توندڕەوی دەبەن بزوتنەوەن نەک پارتی سیاسی لەبەر ئەوەی پارتی سیاسی دەبێت سازش بکات و مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، بەڵام توندڕەوەکان هیچ سازشێک ناکەن**

ستیڤن بلاک بێرن پسپۆر لەسەر ئایینی ئیسلام و مەسیحی بۆ گوڵان:

# ٣٥٠ ساڵ پێش ئێستا ئەوروپا هەستی بەمەترسی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت کرد نازانم بۆچی پارتە ئیسلامییەکان سوود لەم وانە مێژووییە وەرناگرن



■ ■ ■

**ستیڤن بلاكبێرن بەرەگەز جەزائیریە و ئیستا ئوستادی دیراساتی پەیوەندی نیوان ئایینی ئیسلام و مەسیحیە و تۆژەرە لە سەنتەری دۆنكان ماكدۆنالد بۆ دیراساتی ئیسلامی و پەیوەندی نیوان هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام، بۆ قسەكردن لەسەر ئەزموونی ئەوروپای سەردەمی رێنیساس و جیاكردنەوەی ئایین لەسیاسەت و دەوڵەت و تێكەڵكردنەوەی لە رۆژهەڵات، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ستیڤن كرد و بە مجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■ ■ ■

***ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەهەمەوە هەستی بەوەکرد کە نابێت ئایین وسیاسەت تیکەڵ بکرێت بەڵام دوای نزیکەی٤٠٠ساڵ لە رۆژهەڵات خەریکە تیکەڵ دەکرێنەوە ئایا مەترسییەکانی چین ؟**

- مەترسییەکان زۆرن، لەبەر ئەوەی زەحمەتە بتوانین لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا گفتوگۆ لە بارەی ئایینەوە بکەین، ئەگەر ئایین و سیاسەت پێکەوەتێکەڵ بکرێن ئەوا بە شێوەیەکی سلبی کارلێك دەکەن، هەر یەکەیان هەڵدەستێت بە جۆشدانی ئەوی دیکەیان، کەواتە ئەمە کێشەیەکی راستەقینەیە.

*** ئایا چۆن دەتوانرێت دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا بنیات بنرێت لە کاتێکدا ئوسوڵییەتی ئیسلامی هەڕەشەی سەرەکییە بۆ سەر دیموکراسی؟**

- کاتێك ئایین سیاسەت بەکاردەهێنێت یان سیاسەت ئایین بەکاردەهێنێت بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات، ئەوا ئەو کاتە مەترسی سەرهەڵدانی ناکۆکی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی دێتە ئاراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایین مامەڵە لەگەڵ راستی رەها دەکات، لەگەڵ بیروباوەڕی رەها دەربارەی ئەوەی چی راستە و چی هەڵە، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕی ئایینی لە هەلومەرجە سیاسییەکەدا بەکارهێنرا، کە لە سیاسەتدا راستی پتر مەسەلەیەکی رێژەییە، ئەوا ئەو کاتە مەترسی راستەقینە دروست دەبێت لە نێوان بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستە سیاسییەکان، یان بە پێچەوانەوە.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە دیموکراسی ئەوەیە هیچ شتێك رەها و پیرۆز نییە، کاتیك ئایین دەبێت بەسیاسەت رەهایی و پیرۆزی دیتە ئاراوە، ئایا چۆن دیموکراتییەت لەگەڵ رەهایی و پیرۆزی یەکدەگرێتەوە؟**

- مەسەلەکە ئەوەنییە نابێت دیموکراسی قبوڵیان بکات، تەنیا موسڵمانەکان نین کە ئایدیا رەهاکان هەڵدەگرن، مەسیحیشمان هەیە کە خاوەنی ئایدیا رەهایە، بە هەمان شێوە جولەکەش، بەڵام دەبێت ئەوان ئەو راستییە بزانن کە ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەن کە بە هەڵگرتنی بیرۆکەی رەها لە بواری سیاسیدا دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ناکرێت ئەو مافە لە کەس زەوت بکەین کە هەڵگری ئەم جۆرە بیرباوەڕەبن، بەڵام دەبێت ئەو بزانن کە بە سەپاندنی ئەم بیروباوەڕە بە سەر سیستەمە سیاسییەکەدا نابێت پێشبینی ئەوەبکەین دیموکراسییەکە سەرکەوتوو بێت، دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت ئەگەر لایەن یان پارتە ناکۆکەکان هەڵگری بیروباوەڕی رەهابن و تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی ئەوانی دیکە رەتبکەنەوە.

***باس لە بوونی پارتی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو دەکرێت لە کاتێکدا هەردوولایان قورئانی پیرۆز بە بناخە و بنچینە دادەنێن، ئایا بە تێڕوانینی تۆ توندڕەو و میانڕەو هەیە لە ئیسلامدا؟**

- ئەوە روونە جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانین و هەڵوێستەکاندا، کاتێك سەیری پارتە سیاسە مۆدێرنەکانی ئیسرائیل دەکەم جیاوازییەکی گەورە بەدی ناکەم بۆ نموونە لە نێوان پارتی لیکوود و پارتی کاردا، بەڵام ئەوان هەڵوێستیان زۆر جیاوازە لە ئاست هێنانەدی ئاشتی لەگەڵ فەلەستیندا. کەواتە جیاوازی هەڵوێستەکان گرنگی خۆی هەیە. رەنگە ئەم جیاوازییەش لە پارتە ئیسلامییەکاندا هەبێت، بۆ نمونە لە ئەمەریکا باس لە بوونی مەیلی جیاواز دەکەن لە نێو حەماسدا هەیە کە دەبێت هانی هەڵوێستە میانڕەوەکان بدرێت، نەك مەیلە رەهاخوازەکان.

*** ئێوە لە ئەمەریکا دەژین بەڵام ئێمە لە رۆژهەڵات هەست دەکەین ئەو دەوڵەتانەی دۆستی ئەمەریکان، گەلەکانیان دژی ئەمەریکان ئایا هۆکاری ئەمە چییە ؟**

- رەنگە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندیەکی هەبێت لەم رووەوە، بەڵام من دوودڵم

لەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بە هۆکاری سەرەکی بزانم لەم مەسەلەیەدا. مەسەلەکە لەوە قوڵتر و لەوە فراوانترە. لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا ئایین کراوە بە ئامرازێك بۆ گوزارشتکردن لە بەرهەڵستی سیاسی، دەتوانین رەگ و ریشەی ئەم مەسەلەیە بگەڕێتەوە بۆ حەسەن بەسری کە ئایینی کردە ئامرازێك بۆ دەربڕینی نارەزایی سیاسی خۆی لە دژی ئەمەوییەکان، رەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی هەڵنەبێت، واتە سروشتیە ئەگەر کەم و کوڕیەك بەدی بکەیت و پەنا بۆ سەرچاوەیەکی دەرەوەی دەسەڵات ببەیت بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بۆ راستکردنەوەی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێك پەنا بۆ ئایین دەبەیت پێتوابێت تەنیا تۆ لەسەر هەقیت و هەمولایەنەکانی دیکە هەڵەن.

*** ئیسلامییەکان لە بانگێشەی هەڵبژاردندا خۆیان بە میانرۆ پیشاندەدەن، بەڵام پشتگیری توندرۆیش دەکەن، ئایا ئەم بانگەشەیە تەنیا بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە یاخو تەفسیری دیکەی هەیە؟**

- نابێت پێشبینی ئەوە بکەین کە هیچ لایەك خۆی بە توندڕەو وەسف بکات، لەبەر ئەوەی توندڕەوی خەسڵەتێکی خراپە و کەس پێی خۆش نییە بەم شێوەیە وەسفبکرێت، تەنانەت ئەگەر تێکڕایی جیهانیش بەم شێوەیە لێی بڕوانن. دواتر من وردەکارییەکانی پەیوەندی حەمماس بە ئیخوانەوە نازانم، بەڵام ئیخوان بە پێی هەلومەرج و سیاقە جیاوازەکان دەگۆڕێت.

***هەموو پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان لە دەرەوە کۆمەك دەکرێن، بۆ نموونە لە رووی داراییەوە یارمەتی دەدرێن، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داراییان نادات؟**

- لە راستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵ و کۆششی جیددی خستۆتەگەڕ بۆ ئاشکراکردنی ئەو سەرچاوانە، بە تایبەتی وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا، ئەوەی دەرکەوتووە ئەوەیە ئەم داراییانە لە تەنیا سەرچاوەیەکەوە نایەن، بەڵکو لە چەند شوێن و وڵاتەوە دابین دەکرێن، واتە ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، ئەوەی پەیوەندی بە حەمماسەوە هەبێت ئەوا هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپا جیاواز نییە لە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست مامەڵەکردن و روبەڕبوونەوەی ئەو یارمەتییە دارایی و سەربازیانەی بۆ حەمماس دابین دەکرێت.

***هەندێ لە شارەزیانی رۆژئاوا پارتە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵات بە پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوا، بەڵام رەنگە ئەم پارتە مەسیحیانەی رۆژئاوا هەوڵی ئەوە نەدەن کە ئەوروپا بگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەگەر پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات ئەوا ئەزمونی تاڵیبان دووبارە دەکەنەوە، ئایا تا چ رادەیەك دەکرێت ئەم بەراورد بکەین؟**

- من پێموایە ئەم بەراوردکردنە بە تەواوەتی بەراوردکردنێکی هەڵەیە، ٣٥٠ ساڵ پێش ئێستا مەسیحییەکان بە ئاسودەی یەکتریان دەکوشت، بەڵام حاڵی حازر درك بەو راستیە دەکەن کە سەپاندنی تێڕوانینێکی ئایینی رەها بەسەر کۆمەڵگەکەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە. من تێناگەم بۆچی پارتە ئایینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرس لە مێژووی ئەوروپا وەرناگرن و ئەو هەڵەیەی سەدەی حەڤدەی ئەوروپای دووبارە دەکەنەوە. بەو پێیە من پێموایە بەراوردکردنی پارتە مەسیحییەکانی ئەوروپا بە پارتە ئایینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێخستنی چەند سەدەیەك لەبەرەوپێشچوون و گەشەکردنە.

**کاتێک ئایین سیاسەت بەکاردەهێنێت یان سیاسەت ئایین بەکاردەهێنێت بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات، ئەوا ئەو کاتە مەترسی سەرهەڵدانی ناکۆکی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی دێتە ئاراوە**

**من تێناگەم بۆچی پارتە ئایینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرس لە مێژووی ئەوروپا وەرناگرن و ئەو هەڵەیەی سەدەی حەڤدەی ئەوروپا دووبارە دەکەنەوە**

